# لەبارەی (ئەمساڵ) و (پار)ەوە..



ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

هیچ لەبارەی ڕەگیی وشەی ساڵەوە لە مانا قامووسییەکەیدا نازانم، بەڵام ئەگەر ئەم وشەیە لەگەڵ وشە فارسیی و عەرەبییەکانی وەك (سەیل و سەیەلان و سەنە)دا پەیوەندیی هەبێت، ئەوە لە زمانی ئێمەدا وشەی ساڵ، ئاماژەیەکی شاراوەی تێدایە بە تێپەڕین و گوزەر و جوولە و بزاوتن. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ئێمە بۆ وشەکە هەر تەنیا بیرکەوتنەوەی دوازدە مانگ نییە کە پێکهێنەری ساڵێکە، بگرە لە وتنەوەی وشەکەدا ئێمە پتر بیر لە ماناکەی وەك چەمکێك بۆ پێوانەکردنی کات، دەکەینەوە. کاتێك کە تێپەڕیوە، کاتێك کە بۆتە بەشێك لە ئەزموون و بیرەوەری و ئەمەش وا دەکات وشەکە لەگەڵ مانا پێوانەییەکەیدا، مانایەکی دیکەیشی هەبێت کە جولە و تێپەڕین، بەسەرچوونێکی لافاوئاسا، ڕامالین و تێپەڕینێکی ناخۆشمان بیر بخاتەوە.

بەمجۆرەش، ساڵ ئەو بەشەیە لە کات، لە چەرخی گەردوون، لە دەهر و زەمانە، کە دەزانین تێپەڕ دەبێت و ڕامان دەماڵێت. ئەو بارە قورسەیە کە زیاد دەبێتە سەر تەمەن و ئەزموونمان و هەندێ شتی ناچارەکی لە یادوەرییماندا دەچەسپێنێ و هەندێ شتی خۆویستانەشمان لێدەکاتە بەشێك لە بیرەوەریی شیرین. لێرەشەوە، وشەی ساڵ بەیادخەرەوەی کولتورێکیشە، کە تیایدا مرۆڤ لە ژیان ڕادەمێنێت..

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم لێکدانەوەیە، ساڵ سرووشتێکی دوو جەمسەری و دووفاقیانەی هەیە: هەم بەخشندەیە و هەم تاڵانکەر، هەم ئاسوودەبەخش و هەم خەمناك، هەم یادەوەریی خۆشمان بۆ وەلا دەخات و هەم ئەزموونی تاڵ. بەمجۆرەش تەمەنی ئێمە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر بەو یادەوەریی و ئەزموونانە گەورەتر و پێگەیشتووتر دەبێت، بەڵام لاوازتر و پەککەوتەتریش. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنی کوردەکان بۆ ساڵ وەکئەوەی لە ئەدەبیاتی زارەکیدا بۆمان ماوەتەوە، شتێکی دیکەمان پێدەڵێت، کە ئاشکراکەری ئەزموونی تاڵ و بیرەوەری ناخۆشە لە تەمەنی ئەم میللەتەدا. گوزارەی (هەر ساڵ، خۆزگەم بەپار..) دەربڕیی ئەم دۆخەیە کە تیایدا کورد هەڵسەنگاندنێکی نائومێدکەرانە بۆ ساڵ دەکات و ئەوە ئاشکرا دەبێت کە هەمیشە ساڵی پار، ساڵی ڕابردوو، خۆشتر بووە لەچاو ئەمساڵدا. بەم مانایەش هەمیشە هەنووکە، یان ئەمێستای کوردەکان بە بەراورد بە ڕابردوویان ناخۆشتر، یان ئازاراویتر بووە تا ئەو سنوورەی کە خۆزگە بە پار بخوازن. لە هەناوی ئەم گوزارەیەدا: (هەر ساڵ خۆزگەم بەپار)، جیهانبینیەکی نۆستالیژیانە، یان ڕابردووخوازانەش خۆی بەرجەستە کردووە. (پار)، ڕابردوو، هەمیشە خۆشتر و جوانتر لە هەنووکە و ئەمێستا و ئەمساڵ پیشاندەدات. بەڵام ئەم گوزارەیە بەدەریش نیە لە حوکمێکی پێشینە کە لە ئەزموونی ساڵەکانی پێشترەوە خوازراوە بۆ هەڵسەنگاندنی (ئەمساڵ). حوکمێك، کە کەڵەکەبووی ڕابردوو، ئەزموونکراو، تێپەڕیو، دەکاتە پێوەر بۆ بڕیاردان بەسەر چییەتی ماوەیەکی دیکەی زەمەنیدا کە هێشتا نەهاتووە، یان هەمووی ئەزموونەکراوە و تێپەڕ نەبووە..

ئەم حوکمە پێشینەیە بەدەر نییە لە ناوەڕۆکیی ئەو یادوەریی و ئەزموونانەی کوردیان پێدا تێپەڕ بووە. بۆیە گوزارەی (هەر ساڵ، خۆزگەم بەپار)، ئاشکراکەری خواست و ئاواتێکە بۆ درێژبوونەوەی پار، یان بەردەوامیی ڕابردوو لە ئێستا و ئەمساڵدا. وشەی (خۆزگە) لەو گوزارەیەدا هێندەی ئەوەی پێویست بوو مرۆڤ، یان خۆزگەخواز پەلێکیش بکات بۆ داهاتوو، ڕاپێچی

**گرنگ ئەوەیە ئەوەی لە پاردا جوان و بەنرخ بووە، لە ئەمساڵیشدا هەبێت و دروستیبکەینەوە تاکو هەم ئەو بەشە لە پار و هەم ئەو بەشە لە ئەمساڵدا بەردەوامی وەربگرن و مرۆڤ ئەو بڕوایە دروستبکات کە پێویستە لە خەباتکردن بەردەوام بێت.**

**بەڵام بۆ ئەم پێکەوە بەستنەوەیەی پار و ئەمساڵ، پێویستیمان بە چەند ڕێنماییەك هەیە. لەسەرووی هەموویانەوە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لەپار. بەبێ ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو، لە پار، ناتوانین مەودای لەگەڵ دروستبکەین و بەوجۆرەش پار دەبێتە شتێکی پیرۆز کە تێپەڕاندنی زەحمەت بێت و هەمیشە خۆزگەی پێدەخوازین. دەبێت پار ڕەخنەکاری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو پیرۆزییانەی دامالین کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بازاڕ و سەرمایە، ڕاگەیاندن و مشەخۆری، ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، نائەقڵانییەت و توندوتیژی، سەرکەوتن و شانازی لە بۆنەی جیاواز و بە پاساوی جیاواز و هەر یەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەهاییگەریانەی خۆیانەوە، بە (پار)یان بەخشی. پێویستە پار لە کۆی ئەو سەرکەوتن و شانازی و قەیرانانەی دامالین، کە ئێستایان پڕکردووین لە کێشە و قەیران و بابەتی هەڵپەسێردراو، بەبێ ئەوەی ئاسۆی داهاتوومان ڕوون بێت. قەیران لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستە تێپەڕێنرێت و ئەمەش بە هەڵوەشاندنەوەی ستراتیژیی کۆن و داڕشتن و بەستنی پەیماننامەی نوێ نابێت. پێویستە لەسەر قەیران بوەستین و ڕەخنەگرانە قسە لەسەر قەیرانەکان و ئەرکەکان بکەین.**

**ساڵ سرووشتێکی دوو جەمسەری و دووفاقیانەی هەیە: هەم بەخشندەیە و هەم تاڵانکەر، هەم ئاسوودەبەخش و هەم خەمناک، هەم یادەوەریی خۆشمان بۆ وەلا دەخات و هەم ئەزموونی تاڵ**

دەكاتەوە بۆ ڕابردوو. خۆزگە لەم گوزارەیەدا كار و ئەركی وشەی (ئاخ..)، یان (ئاخخواستن) جێبەجێدەكات، كە بەشێكە لە زمانی نۆستالیژیا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو..

ئەمەش ناكۆكێك لە جیهابینینی ئێمەدا پیشـــاندەدات: وشەی (خۆزگە) بەشێكە لە گوزارشكردن لەو زەمەنەی كە پێویستە بێتە دی، بەشێكە لە زمانی یۆتۆپیا و خەون، كەچی لەم گوزارەیەدا (خۆزگە) مانـــا پۆتۆپییەكەی جێدەهێڵێت و دەبێتە ئامرازێك بۆ هێنانەوەی ڕابردوو. زمان بـــە پێچەوانەی مانای خۆیەوە، مانا دەبەخشێت. وشـــەكە چاوەڕوانییەك دروستدەكات و چاوەڕوانیش هەمیشـــە بەشـــێكە لە داهاتوو، بەڵام ئەم وشەیە لەم گوزارەیەدا ماناكەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هێنانەپێشچاوی كاتێك كە لەدەرەوەی چاوەڕوانییە، لە ڕابردوودایە.

بەمجۆرەش كۆی گوزارەی (هەر ســـاڵ خۆزگـــەم بەپار)، دەچێتە خزمەت فۆرمێكی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی كاتەوە، كە بریتیە لـــە پیرۆزكردنـــی ڕابردوو، هـــاوكات ڕەتكردنەوەی ناڕاســـتەوخۆی ئەمێستا و هەنووكە. لیرەشەوە مێژوو، یان كات، بەتایبەتیـــش كاتی ڕابردوو، لە شـــێوەی بازنەییدا، كە بەهۆیەوە پنتی لێوەدەرچوون بە خۆی دەگاتەوە و (ســـەرەتا) بە نەگۆڕیی و ڕەهایی دەمێنێتەوە، لە ئاستێكی پیرۆزمەندا خۆی دەنوێنێت. ئەمەش وەك (مێرسیا ئەلیادە) لە كتێبی (ئەفسانەی گەڕانەوەی ئەبەدیی) باسیكردووە، پیرۆزیبەخشینە بە ڕابردوو لەسەر حسابی ئێســـتا و ئەم دەمە و ئەم كاتە. سرووشتی ئەم میكانیزمە مەرج نیە ئەفسانەیی، یان ئایینی بێت، دەكرێ مێژوویش بێت.

> ■ **گوزارەی (هەر ساڵ، خۆزگەم بەپار)، ئاشكراكەری خواست و ئاواتێكە بۆ درێژبوونەوەی پار، یان بەردەوامیی ڕابردوو لە ئێستا و ئەمساڵدا**

لە هەموو پیرۆزێبەخشینێك بە ڕابردوودا، جۆرێ لە هەڵاتن لە ئێستا و ڕەتكردنەوەی هەیە. بەڵام ئەوەش غەدرە كە هەمیشە لە ئێستادا، ڕابردووش لە پیرۆزی و دەسكەوتەكانی داماڵین، چونكە ڕابردووش هەڵگری ئەو نرخانەیە كە لە ئێســـتاش و ئەمساڵیشدا بەهای خۆیان هەیە. لێرەوە ئێمە پێویستیمان بە هەڵسەنگاندنێكی دیكـــەی كات، یان ڕابردووی خۆمان هەیە كە تیایدا بەردەوامی بدۆزینەوە لەسەر حسابی شتە جوان و بەنرخەكان. یەكێك لەو نرخ و بەهایانە بریتیە لەو گفتوگۆیەی كە ئێســـتا دەبەســـتێتەوە بە ڕابردووەوە بە ئومێدی گەیشتن بە داهاتوو.

ئێمە پێویســـتیمان بـــە ڕابردوو هەیە چونكە لـــەو ڕابردووەدا هەمیشـــە كەســـانێك هەبوون كە لە ئەوسای خۆیاندا خەونیان بە داهاتووەوە بینیوە كە ئێســـتای ئێمەیە. ئێستای ئێمە تێكەڵێكە لە ئێســـتای ڕابردووی ئەوانیتر كە لە پێـــش ئێمەدا لێرەبوون و وەك ئێمە خەونیان بە داهاتووەوە بینیوە، بۆیە ئێمەیەكی گشتی هەیە كە بەردەوامە لە گەیشتن بەو داهاتووە هاوبەشە.

> ■ **لە هەموو پیرۆزی بەخشینێک بە ڕابردوودا، جۆرێ لە هەڵاتن لە ئێستا و ڕەتكردنەوەی هەیە. بەڵام ئەوەش غەدرە كە هەمیشە لە ئێستادا، ڕابردووش لە پیرۆزی و دەسكەوتەكانی داماڵین**

لێرەدا ئـــەو گفتوگۆیەی نێوان پۆڵ ڕیكـــۆر و پیتەركەمپ لەمبارەیـــەوە ســـوودی زۆری هەیە. ئەوان باس لـــە گێڕانەوە وەك فۆرمێكـــی بەدەنگهێنانی ڕابردوو دەكـــەن. بەڵام گێڕانەوە فۆرمێكـــی گێڕانەوەی مێژوویيشـــە كە ئێمـــە و ڕابردووەكان دەخاتـــە چوارچێـــوەی گفتوگۆیەكی هاوبەشـــەوە و ناچار بە پێكەوەبوونمـــان دەكات، كە پێش هەموو شـــتێك ئەم پێكەوەبوونە ئەركێكـــی ئەخلاقییە. چونكە وەك ڕیكـــۆر دەڵێت: بەوەی ئێمە ڕابـــردوو بەدەنگ بهێنینەوە، گفتوگـــۆی لەگەڵدا بكەین، هەر تەنیـــا ڕابردوو پیرۆز ناكەین و یادی ئەو قوربانیانە ناكەینەوە كە وەك ئێمە لە سەردەمی خۆیاندا هەڵگری پەیامی گەورەی بەهاو و ژیانی مرۆڤایەتی بوون، بەڵكو ئێمە بەمكارەمان (هەڵدەســـتین بە بەخشینەوەی قەرزێكیش لە ئاســـت قوربانیەكاندا و ڕێگەش دەگرین لە دووبارەبوونەوەی ئەو كارەســـاتانەی ئەوانی لە پێناوی ئەم ئێســـتایەدا كە ئێمەی تێدا دەژین، كـــردە قوربانی). پیتەر كەمپ، هەر بەمەوە ناوەســـتێت و پێیوانیـــە پەنابردنی ئێمە بۆ ڕابـــردوو هەر تەنیا بۆ دانەوەی قەرزێك و ڕێزگرتنی ئێمە نیە لە ئاســـت قوربانیەكاندا، بەڵكو گفتوگۆی ئێمە لە ئێستادا لەگەڵ پار، لەگەڵ ڕابردوو تووڕەیی و هەڵوێســـتی ئێمەش لە ئاســـت چەوسانەوە و ناهەقییەكاندا دەردەخات كە لە ڕابردووەوە ماونەتەوە و پێشـــینەكانی كردوونەتە قوربانی و لە ئێستاشـــدا بەردوامییان هەیە تا ئێمەش بە دەردی ئەوان بچین..

بەمجۆرەش ڕابردوو گرنگە چونكە بەشێكە لە ئێستا، ڕابردوو خۆی لـــە ڕێگەی یادوەریی و مێـــژوو و گێڕانەوەكانەوە خۆی دەخزێنێتە ئێســـتاوە و ئەم ئێســـتایەش دەبێتە بەشێك لە داهاتوو. بەمشـــێوەیەش لە نێوان ئێمە لە ئێســـتادا و ئەوانیتر لە ڕابردوودا كاتێكی گشـــتی و كاتێكـــی هاوبەش هەیە كە لـــە ڕێگەیەوە شوناسی خۆمان دروستدەكەین.

> ■ **ڕابردوو گرنگە چونكە بەشێكە لە ئێستا، ڕابردوو خۆی لە ڕێگەی یادوەریی و مێژوو و گێڕانەوەكانەوە خۆی دەخزێنێتە ئێستاوە و ئەم ئێستایەش دەبێتە بەشێک لە داهاتوو**

لەم ڕوانگەیەوە، لە (گوزارەی هەر ســـاڵ خۆزگەم بە پار)، هـــەم ڕەتكردنەوە و هەم گەڕانەوەیەك هەیـــە، هەم دەربازبوون لە كاتی ئێســـتا و هەم گـــەڕان و عەودالبوونیش بـــەدوای كاتی هاوبەشـــدا ئامادەیە. وەكئەوەی چەوسانەوەكانی ئێستا و دەردی هاوبەش، پەلكێشـــی ڕابردوومان بكاتەوە بۆ ئەوەی هەم بتوانین بەو چارەســـەرانە ئاشنابین كە ئەوانیتر لە ڕابرووەدا بۆ چەوسانەوە ودەردی خۆیان گرتبوویاننە بەر، هەم هەڵوێستێكیش بنوێنین لە ئاست بەردەوامیی دەرد و چەوسانەوە لەم ئێستایەی خۆماندا.

مـــن بۆخۆم، هیچ خۆزگەیەكم بۆ ڕابردوو نیە، هەرگیز بڕوام بەوە نیە ئەمســـاڵ بكەینە قوربانیـــی و قەزاوەگێڕی ڕابردوو. ئەمســـاڵ هێشـــتا نەهاتووە، هێشـــتا تێنەپەڕیوە و ئەزموونمان نەكردووە. چەندە ئێمە بەرپرسیارین لە ئاست تێگەیشتن لە ڕابروو، ئەوەندەش بەرپرســـیارین لە ئاست وەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی ئێســـتا. ئێمە لە نێوان پار و ئەمســـاڵدا خۆمان بەرجەستە و دروســـتدەكەین. پار حەشـــارگایەك، یان ســـەنگەری دواوەی جەنگ نیە بۆ خۆشـــاردنەوە لەدەست ئێستا، بەڵكو خەزێنەیەكە بۆ وەدەســـتهێنانی چـــەك و تفاق بۆ بەردەوامیـــی لە جەنگی ئەمساڵدا.

ئەگەر بڕیار بێت جەنگ لەگەڵ ئەمســـاڵدا بكەین، پێویستە پڕچەك و تفاق بین. پار، چ بە تێگەیشـــتنە ساڵنامەییەكەی كە بریتیبوو لە زنجیرەیەك ئەزموونی ناخۆش و یادوەریی تاڵ، چ بە تێگەیشتنە مەجازییەكەی لە كۆی مێژووی كورد، ساڵێكی ناخۆش بوو. دۆزەخیی بوو نەك بەهەشتی. لەبەر ئەوە نامەوێت خۆزگەی پێ بخوازم، بەڵام دەشزانم من بە ئەزموون و یادوەرییەكانی پارەوە، گەیشتوومەتە ئێستا و ئەمساڵ. ئەو ئاگاییەی (من) هەیەتی، ئاگاییە لە تێپەڕینی پارەوە بەســـەر دنیای ئەزموونەكانیدا و هەر ئەم ئاگاییەشـــە كە وای لێدەكات وزەی بەردەوامیی لە ئەمساڵدا هەبێت. من پێویســـتیم بەوە نییـــە بگەڕێمەوە بۆ پار، تا خۆمی پەنـــادەم، یان داوای لێبووردنی لێبكـــەم، یاخود خۆمی لەگەڵ بگونجێنم، بەڵكو پێویستیم بەوەیە ئەمساڵ دروستبكەم وەكئەوەی جیـــاواز بێت لە پار و نەبێتـــە دووبارەكردنەوەی ئەوەی ڕابردووە. من تەنیا لـــەو كاتەدا پابەندم بە ڕابـــردووەوە كە بەهای بەرز و خەباتێكی گشـــتی و هەمەكیی ئێمەی تێدایە بۆ گەیشـــتن بە

ئێستا. ئێستاشم نە بەلاوە پیرۆزە و نە کۆتاییهاتووە، تاکو نەتوانم تێیپەڕێنم، یان نەفرەتی لێبکەم و خۆزگە بخوازم بۆ گەڕانەوە بۆ پار. گرنگ ئەوەیە ئەوەی لە پاردا جوان و بەنرخ بووە، لە ئەمساڵیشدا هەبێت و دروستیبکەینەوە تاکو هەم ئەو بەشە لە پار و هەم ئەو بەشە لە ئەمساڵدا بەردەوامی وەربگرن و مرۆڤ ئەو بڕوایە دروستبکات کە پێویستە لە خەباتکردن بەردەوام بێت.

بەڵام بۆ ئەم پێکەوە بەستنەوەیەی پار و ئەمساڵ، پێویستیمان بە چەند ڕێنماییەك هەیە. لەسەرووی هەموویانەوە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لەپار. بەبێ ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو، لە پار، ناتوانین مەودای لەگەڵ دروستبکەین و بەوجۆرەش پار دەبێتە شتێکی پیرۆز کە تێپەڕاندنی زەحمەت بێت و هەمیشە خۆزگەی پێدەخوازین. دەبێت پار ڕەخنەکاری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو پیرۆزییانەی داماڵین کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بازاڕ و سەرمایە، ڕاگەیاندن و مشەخۆری، ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، نائەقڵانییەت و توندوتیژی، سەرکەوتن و شانازی لە بۆنەی جیاواز و بە پاساوی جیاواز و هەر یەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەهاییگەریانەی خۆیانەوە، بە (پار)یان بەخشی. پێویستە پار لە کۆی ئەو سەرکەوتن و شانازی و قەیرانانەی داماڵین، کە ئێستایان پڕکردووین لە کێشە و قەیران و بابەتی هەڵپەسێردراو، بەبێ ئەوەی ئاسۆی داهاتوومان ڕوون بێت. قەیران لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستە تێپەڕێنرێت و ئەمەش بە هەڵوەشاندنەوەی ستراتیژیی کۆن و داڕشتن و بەستنی پەیماننامەی نوێ نابێت. پێویستە لەسەر قەیران بوەستین و ڕەخنەگرانە قسە لەسەر قەیرانەکان و ئەرکەکان بکەین.

دووەمین شت پڕکردنەوەی درووشم و ناوەڕۆکیی وتەیە بە ئەخلاق و دەروەستی، بە بیرکردنەوە و بەرپرسیارێتی. لە دنیای ئێستا و ئەمساڵ و داهاتوودا، لە بواری سیاسەت و ئۆپۆزیسۆن و ئاکاری کۆمەڵایەتیدا، لە زەمینەی تەکنەلۆژی و پیشەسازی، لە مەیدانی کولتوور و دەروونی و ئایینی و ڕۆحیدا، لە تەنیایی و بەکۆمەڵیدا، لەسەر کار و لە کاتی دەستبەتاڵیدا، لە کایەی داوەری و مافی هاووڵاتیی و هاوشارێتیدا و لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و خەڵکدا، هیچ پێشکەوتن و گەشەسەندنێك ڕوونادات ئەگەر بیرکردنەوە لەپێش بڕیارەوە نەبێت. پێویستە ئێمە سەردەمی سەرمەستی و پەرچەکردار، هەڵقۆستنەوە و دەرفەتڕەخساندنی بێبنەما، پاساوهێنانەوە بۆ بڕیاری نائەقڵانی، دیموکراسییەتی درووشمی و چاوبەست، تێپەڕێنین و بیر لەوە بکەینەوە کە بەهۆی گرتنەبەری ئەو شێوازەوە کە تا ئێستا گرتومانەتە بەر، چ زیانێکمان کردووە و چەندەش لە پار و ڕابردوو دووورکەوتووینەتەوە، ئەوەندەش لە داهاتوو مەودامان گرتووە.

بەمجۆرەش ئەم قەیرانە قەیرانێکە کە تیایدا ئێمە لە هەردوو جەژن بووین. سەردەمی ئێمە و ئەو بزووتنەوە ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەی کە لە سالانی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەردەستە بووە، بە توندیی بیرکردنەوە و بیرمەندانی خۆی ڕەتکردۆتەوە، بەپەراوێزی خستوون و بەهای پەروەردەیی و ڕۆحیی چالاکییەکی وەك هزرین و بیرکردنەوەی دابەزاندۆتە سەر ئاستێکی نزمی ئەو تۆ، کە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە وا بزانێت پێویست ناکات بیر بکاتەوە. لە غیابی بیرکردنەوەدا ئێمە زیانی گەورەمان کردووە، کە هەندێ لە نیشانەکانی لە بواری ئابووری، سیاسیی، ئایینی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریدا بە سەختی دەرکەوتوون و بەرەنجامەکەشیان بریتیبووە لە بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی تووڕە، بێ پرانسیپ، قیژەقیژکەر، مشەخۆر، خۆسەپێن، میزاجی، لوتبەرز، کە بەبێ بیرکردنەوە دەژی و هیچ شتێك وەکئەوەی پێویستە مومارەسە ناکات. ئێمە لەبەردەم مرۆڤێکداین کە لە هەمان کاتدا مافی هەیە، خۆی لە ئەرکە کردەیی و ئەخلاقییەکانی دەدزێتەوە. خۆشەویستی ڕاستەقینە وەك شەهوەتپەرستی و دامرکاندنەوە دەکات، دین و ئیمانی کردۆتە ئامرازێك بۆ ڕیاکاری و خۆڵخستنە چاوەوە، کار و پیشەی کردۆتە ئامراز بۆ بەدەستهێنانی پارە و هیچیتر، پەروەردە و زانست و فێربوونی کورتکردۆتەوە لە بەدەستهێنانی بڕوانامەدا و ئامانجی بڕوانامەشی لە خۆدروستکردنەوە کردۆتە بەدەستهێنانی پۆست و پێگە..

سێیەمین خاڵ ئەوەیە کە پێویستە عەقڵی سیاسی لەم وڵات و کۆمەڵگایەدا بەخۆیدا بچێتەوە، خۆی لە مومارەسەکردنی میزاجیانە، نائەقڵانیانە و پەرچەکردارییانەی دەسەڵاتەوە بگوازێتەوە بۆ پراکتیککردنی چالاکانە، بەرهەمهێنەرانە و دەروەستانەی دەسەڵات، کە هەمووشتێك بە ئاراستەی ئامانجی هاوبەش و بەرزکردنەوەی بەهای کەرامەتی مرۆڤ و ژیانی پێکەوەیی بچێتە پێش. چونکە تەنیا لەم ڕێگایەوەیە، کە بەفیڕۆدان، گەندەڵی، قەیرانی ڕۆحیی و کولتووری پێشیان پێدەگیرێت و پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و مرۆڤی ئێمە پتەو دەبێت. پێویستە حکومەت و دەسەڵات لەم وڵاتەدا بزانێت کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵگایەکی فاسید و زەلیلکراو، مرۆڤێکی مشەخۆر و کۆیلەکراو، بکەرێکی نابەرپرسیار و ئیغراکراو، ئێمانداری ڕیاکار و توندوتیژپەرست، سەرمایەداری بێ ویژدان و دڕندەخوو. خاوەن کۆمپانیای شانخاڵیکەر لە بەرپرسیارێتی گشتی و کۆی بانگەشەکانی ئومێد لەسەر بنەمای ئابووریپەرستییەوە، کە بۆتە ئایینی سەردەم، ناتوانرێ داهاتووی وڵات دابین بکرێ. داهاتووی وڵاتێك و ئاکاربەرزی میللەتێك بەوە نایەتە دەست کە لە ڕووی ئابوورییەوە تێریان کەیت و کەسایەتییان زەلیل و کۆیلە بکەیت. ژیانی ڕۆحیی مرۆڤ، خۆشەویستی، ئیمان و دۆستی و هاوڕێیەتی بە هۆی پارە و سامان و ئیغراکردنی ئابوورییەوە مەیسەر نابێت، هەروەکچۆن داهاتووی حوکمڕانییەکیش بەهۆی دەستکەوتی ئابووری و گەشە و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژییەوە مەیسەر نابێت. لە پێش هەموو داهاتووەکانەوە، پێویستیمان بە گەشەی پانتایی ڕۆحیی و کولتووری هەیە، لە پێش هەموو دەستکەوتەکانەوە پێویستە مرۆڤ لە سایەی ئەو حوکمڕانیەدا خۆی بەدەست بهێنێت، کە حوکمی دەکات. ئازادیی بەرهەمی گەشەی ئابووری و دەستکەوتی مادیی نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێك ئازادی دەستکەوت و ئەنجامی ژیانێکی هاوسەنگیی ڕۆحیی و مەعنەویی مرۆیەکانە، ئەو کاتەی هەست دەکەن کەرامەتیان پارێزراوە. بۆیە پێویستە بیرکردنەوە، وردبینی، ڕەخنە و بەخۆداچوونەوە و ڕەتکردنەوە بەشێك بێت لە داهاتووی ژیانی تاکەکەسی و حوکمڕانیمان..

تەنیا لەم کات و بارودۆخەدایە کە دەتوانین بچینە ساڵێکەوە، کە تیایدا خۆزگە بە پار نەخوازین و ماڵئاوایی لێبکەین..

*** مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین**

**چەندە ئێمە بەرپرسیارین لە ئاست تێگەیشتن لە ڕابروو، ئەوەندەش بەرپرسیارین لە ئاست وەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی ئێستا**

**ئەو ئاگاییەی (من) هەیەتی، ئاگاییە لە تێپەڕینی پارەوە بەسەر دنیای ئەزموونەکانیدا و هەر ئەم ئاگاییەشە کە وای لێدەکات وزەی بەردەوامیی لە ئەمساڵدا هەبێت**

**پێویستە پار لە کۆی ئەو سەرکەوتن و شانازی و قەیرانانەی داماڵین، کە ئێستایان پڕکردووین لە کێشە و قەیران و بابەتی هەڵپەسێردراو، بەبێ ئەوەی ئاسۆی داهاتوومان ڕوون بێت**

# کوردستانی عێراق مەڵبەندێکی ئیقلیمی نوێی نەوت

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نوسیویەتی



لە دوای ئەوەی کوردستانی عێراق پێگەی خۆبەڕێوەبەری بەدەست هێناوە، هەولێر پەیوەندییەکی گرژی لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرەدا هەبووە. لە راستیدا، لە چەندین بۆنەدا هەرێمی کوردستان (KRG) بە شێوەیەکی مەترسیدار نزیکبۆتەوە لەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی تورکیادا یان حکومەتی عێراقدا رووبەڕووی یەکتر ببنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەم دواییە پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرەوباشتر بردووە. ئەوەی جێی سەرنجە، گۆڕانکاری بنیاتنەر روویانداوە لە پەیوەندیدا بە پرسێکەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە سەرچاوەی ململانێیەکی توند بووە: مەبەستم لە پرسی هەناردەکردنی نەوتە.

کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بەردەوام سەریکێشاوە بۆ گرژی لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی عێراق، بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران نوری ئەل مالیکی. کە بە شێوەیەکی تایبەت، لە دوو کێشەدا گوزارشت لەو گرژیانە کراوە. یەکێك پێگەی سیاسی کەرکوك و دەورووبەریەتی. کە بڕیاربوو چەند ساڵێك پێش ئێستا راپرسی لەسەر پێگەی ئەو ناوچەیە بکرێت، بەڵام بەردەوام رژێمەکەی مالیکی هۆکاری دواخستنی ئەو دەنگدانەیان داتاشیوە. پاڵنەرە بنەڕەتیەکە ئاشکرایە. دەتوانین لە هەڵبژاردنێکی رەوا و ئازاددا، تا رادەی دڵنیابوون بڵێین دەنگدەرانی کەرکوك چوونە پاڵ هەرێمی کوردستان (KRG) هەڵدەبژێرن. دەرئەنجامەکەش بریتی دەبێت لەوەی هەرێمی کوردستان (KRG) کۆنترۆڵی بڕێکی زیاتری یەدەگی نەوت دەکات. سەرەڕای زیانی بەرچاو بە داهاتی بەغدا، بەڵام بەرپرسانی عێراق و تورکیا نیگەرانن لەوەی هەرێمی کوردستان(KRG) بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی زیاتر بەکاربهێنێت بۆ پتەوکردنی حکومڕانێتیە خۆبەڕێوەبەریەکەی، و ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیع.

مشتومڕێکی دیکە کە سامانی نەوت رۆڵێکی گەورەی تێدابینیوە، پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بەرهەمەوە لە کوردستانی عێراقدا. ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتەکانی بەغدا پێداگیریان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت

سەرجەم گرێبەستە واژۆکراوەکان لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکانی وزەدا لەلایەن حکومەتی نیشتمانییەوە- حکومەتی بەغدا- ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان(KRG). هەولێریش بە هەمان پێداگیرییەوە بەرهەڵستی ئەو هەوڵەی کردووە کە گەمەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی لە خۆدەگرێت. بۆ چەندین ساڵ، دەرئەنجامەکە بریتی بوو لە بە بنبەستگەیشتنێکی دژوار لەبارەی سیاسەتی نەوتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پەدچێت بەم دواییە، بەغدا هەڵوێستێکی نوێ تەبەنی بکات لە ئاست پرسی هەناردەکردن لە ڕێی تورکیاوە. لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمدا، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(KRG)، ئاشتی هەورامی، پێشوازی لەم زمانی هاوکارییە کرد. تەنها مانگێك دواتر، بەغدا هەوڵیدا ڕێگە لە ڕێککەوتنێك لە نێوان هەولێر و ئەنقەرە بگرێت، کە هێشتا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە حکومەتی نیشتمانی-حکومەتی بەغدا- تاکە لایەنی ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی لەم چەشنە ئەنجام بدات. دەرکەوت کە ئەو دەرئەنجامەی لە مانگی کانوونی یەکەمدا بەدەست هات، بەرجەستەبوونی سازشێکی تەقلیدیی بوو. مالیکی دەستبەرداری داواکارییە درێژخایەنەکەی خۆی بوو لەسەر ئەو پرسە، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو ئیلیتیزامەی بەدەستهێنا کە بەغدا لە قەوارە و مەرجەکانی ئەو فرۆشتنانە ئاگادار بکرێتەوە، ئەو مامەڵەناش بەپێی نرخی بازاڕە جیهانییەکان بن و ئەو داهاتە بەرچاوانە بخرێنەسەر حسابی سندوقی پەرەپێدانی عێراقەوە «Iraq development fund» لە نیویۆرك، هەروەك لە بڕیارەکانی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیاریکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە، حاڵی حازر هەولێر گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێککەوتنانە لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی نەوت و هەناردەکردنی بڕێکی زۆر نەوت لە ڕێی بۆرییەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان لە ڕێی بەندەری جیهانەوە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست. هەناردەکە جێی سەرسوڕمانە، و پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٤دا بگاتە ٤٠٠،٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا. هەورامی لەوەدا ڕاستە کە ئەو هەناردە زیادەی نەوت «کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق و هەروەها تورکیا و بازاڕی جیهانیش.»

فاکتەری نەوت هۆکارێکی سەرەکی بوژانەوەی کوردستانە وەك یاریزانێکی ئابووری گەشەکردو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم فاکتەرەش بۆتەهۆی ئەوەی بەغدا تێڕوانینێکی واقیعیانەتری لە ئاست هەولێردا هەبێت کە پتر هاوکاری لە خۆدەگرێت. بە دڵنیاییەوە- ئەم فاکتەرە- هاوکاربووە لە گۆڕینی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەنقەرەشدا. بەرپرسانی تورکیا زیاتر و زیاتر کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی سەقامگیر و باش حکومڕانیکراو سەیر دەکەن- بە پێچەوانەی تێڕوانینیانەوە- کە ڕوون و بەرچاوە- بۆ باقی بەشە پڕ لە تەنگ و چەڵەمەکەی عێراق، و سووریای دراوسێ و بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەناردەکەرێکی گرنگی نەوت کە خاوەنی ئەو خەسڵەتانە بێت وەك شەریکێکی ئابووری پێشوازی لێدەکرێت، ئەویش بە چاوپۆشین لە هەر جیاوازیەك لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر لەبارەی پرس و کێشەکانی دیکەوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو ئیدارەبدرێت، ئەوا داهاتی ڕوو لە زیادبووی نەوت دەبێتە بناغەیەك بۆ کوردستانێکی گەشەکردوتر. هەروەها دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ دروستکردنی کەشێکی ئیقلیمی ئاشتیانەتر و پتەوکردنی پەیوەندیە ئابووریە بەرفراوانەکان لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی دیکەدا. هەموو ئەمانەش بە ئاڕاستەیەکی باش و ئیجابیدا. پێویستە ئەمریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە ئاکامەکانی بوونی کوردستان بە هەناردەکارێکی نوێی نەوت و داینەمۆی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرچاو بگرن. بە تایبەتی، دەبێت سیاسەتەکانی واشنتۆن هەنگاو لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە دیپلۆماسی و بازرگانیانەدا هەڵبگرێت کە ڕوویانداوە. بەڵام چیتر ئەوە بەس نییە، ئەگەر پێشتر ئەمە بەس بووبێت، تەنها وەك تاقە ڕەنگێك لە وێنە گەورەکەی عێراق سەیری کوردستان بکرێت. ئێستا کوردستان یاریزانێکی یەکلاکەرەوە و دیار و بەرچاوە و هەر دەبێت بەو شێوەیەش هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێت.

**پێویستە ئەمریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە ئاکامەکانی بوونی کوردستان بە هەناردەکارێکی نوێی نەوت و داینەمۆی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرچاو بگرن**

---

*** توێژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**



## دیندار دۆسکی (وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدرالی) بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان کاتێکی گونجاوی بۆ هەناردەکردنی نەوت هەڵبژاردووە

هەفتەی رابردوو شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزارەتی دارایی عێراق و حوسێن شەهرستانی کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چۆنیەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و رێککەوتن لەسەر پرۆژە بودجەی عێراق و چۆنیەتی پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵی حکومەتی فیدرالی، بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە، بەرێز دیندار نەجمان دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدرالی عێراق لەم دیدارەی گوڵاندا تیشك دەخاتە سەر وردەکاری ئەو پرسانە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**گوڵان:** پاش هاتنی شـاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، تا چەند ئومێدێك دروسـت دەبێت تا ئەو ناکۆکییانەی کـە هەن بە تایبەتی لەسەر پشـکی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دۆزی هەناردەکردنی نەوت چارەسەر بکرێن؟

**دیندار دۆسـکی:** لە راسـتیدا ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٤ لە ئەنجومەنـی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ باس لە موازەنەو بودجەی گشتی کرا، هەر لەو دانیشتنەدا تیشك خرایە سەر بەشـە داهاتی کوردسـتان و ڕێژەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی داهاتوو دەبێتە ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کاتێك هاتینە سەر ئەم باسە وا بڕیار درا ئەم مەسەلەیە دوابخرێت بۆ دوای سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، لەبـەر ئەوەی وەك هەموو لایەك دەزانن مەسـەلەی نەوت مەسەلەیەکی گرنگ و ئاڵۆزە و بەڕاستی کێشەیەکە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە من گەشبینم بەوەی بەم سەردانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەروازەیەك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم پرسە ئاڵۆزە بکرێت و سەرەنجامیش هەر دەبێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هەردوولا لەسـەری ڕێکبکەون، من گەشبینم بە ئەنجامەکەی، قەناعەتیشـم وایە ڕێکەوتن ئەنجام دەدرێت لە نێوان هـەردوولادا، ئەم ڕێککەوتنەش لەسـەر بنەمای هەناردەی نەوتی کوردسـتان بۆ دەرەوە دەکرێت، دوای ئەم ڕێککەوتنە ١٧٪ی بەشـە داهاتی هەرێمی کوردسـتان لە بودجەی عێراق جیادەکرێتەوە کە ئەمساڵ بودجەی گشتی عێراق بە ١٣٨ ملیار دۆلار مەزندە کراوە، بەڵام لەم بودجەیە نەفەقاتی حاکیمەی لێدەردەکرێت.

**گوڵان:** لە هەواڵەکانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین، کە کێشەکان هەموویان بە یەکجارەکی چارەسەر نابن، ئایا بەڕێزتان بەچی شتێك گەشـبینن لە کاتێکدا کێشەکان هەمووی چارەسەر نەکراون؟

**دیندار دۆسکی:** سـەبارەت بە کێشەکانی نەوت، تا ئێستا ئـەوە بەسـتراوەتەوە بە تەفسـیرکردنەکانی دەسـتوورەوە، دەستوورەکە مافی هەرێم و پارێزگاکان چۆن دیاری دەکات هی حکومەتی فیدراڵی چـۆن دیاری دەکات، ناکۆکیمان لەسەر تەفسـیرکردنی دەستوور هەیە، ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووردا دیاری کراون کە حکومەتی فیدراڵ دەتوانێت تا کوێ دەسەڵاتی بشکێت بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکانداو دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و مافەکانی چین، لە نێوان هەردوولا جیاوازییەك هەیە لـە چۆنیەتی ڕاڤەکردنەکاندا، لەبـەر ئەوەی ناردنـە دەرەوەی نەوتەکە سـوودی هەموو گەلی کوردستان و عێراقی تێدایە، ئێمە ناتوانین چاوەڕێی چاکبوونی دۆخی عێراق بکەین ئەوجا نەوت ڕەوانە بکەین، ناکرێت بـاری ئاوەدانکردنـەوە و پەرەپێدانی کوردسـتان ڕابگرین، سـەبارەت بە یاسـای نەوت و گازی فیدرالیش ئێمە تا ئێسـتا لە پەرلەمانی عێراق لەسەر دوا ڕەشنووسی فەرمی پرۆژە یاسـاکە ڕێکنەکەوتووین، بۆیە زۆر گرنگە لەسـەر پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، ڕێککەوتنێك لە نێوان حکومەتی هەرێـم و حکومەتی فیدراڵی بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بودجە ڕانەوەسـتێت، ئەویش بە نەوەستانی بەشە داهاتی گشـتییە، تا ئیـش و کاری خەڵکی بەڕێوەبچن، بۆیـە گرنگە هەتا یاسـای نـەوت و گازی فیدرالی لە پەرلەمانی عێراق پەسـەند دەکرێت، بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕێکبکەوین، خۆشتان دەزانن بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە، چەند ساڵێکیشە هیچ شتێك بەبێ ڕێکەوتن نەچووە بەڕێوە، سەبارەت بە پرسی نەوت و گازیش ئەمەش وەك کێشەکانی تر چەند سـاڵێکە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بە ڕێککەوتن بەڕێویان دەبەین، کێشەکانی تریش زۆرن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، هەندێك لەو کێشانە پێویستیان بە کاتی زیاترە، هەندێکیان پێویستیان بە دانوستاندنی زیاتر هەیە، تا دێنە ئەنجامدان، ئەمەش شتێکی ئاساییە.

**گوڵان:** بەر لـە کۆبوونەوەی نێوان مالیکـی و نێچیرڤان بارزانی شاندی وەزارەتی دارایی عێراق و شاندی حکومەتی هەرێم بە سـەرۆکایەتی عیماد ئەحمـەد کۆبوونەوەو دواتر ڕایانگەیاند کە گەشبین بوون بە ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە، تا چەند دەتوانرێت چارەسـەری ڕیشـەیی پشـکی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت بێ کەموکوڕی بێت و وەك پارساڵی لێ نەیەت؟

**دیندار دۆسـکی:** تا دوا چرکەسـاتەکانی دانیشتنەکانیش هـەر داکۆکیمان لە بەشـە بودجـەو بەرژەوەندی هەرێمی کوردسـتان کردووە، ئەگەرچی هیچ داتاو ژمارەو ئامارێك لە بەشەداهاتەکەی هەرێمی کوردستان لە هەرێمەوە بە ئێمە نەگەیشتبوو، من وەك شەخی باسی خۆم دەکەم وەك وەزیر، هیچ تێبینییەکمان لەسـەر ئەوە نەبووە، ئەوان بڕیاریان وایە ڕۆژانە کە ٤٠٠هـەزار بەرمیل نەوت لە هەرێمەوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت بایی ئەوەنـدەی نرخی ئەو ڕێژەیە پارە ببڕن لە بەشـە بودجەی هەرێمی کوردسـتان، ئێمە لەسەر ئەمە ناڕازی بووین، ئەم کێشـە و ناکۆکییانـەش ئەگەر نەگەنە چـارە، لە ڕێی دادگای فیدراڵی بڕیاریان لەسـەر دەدرێن و یەکلایـی دەکرێنەوە، ئێمە وەك دوو حکومەت ڕێککەوتین و لەسـەر ئەم پرسـە ئێمە ناڕازین، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم ڕێککەوتنـە وەك ڕێککەوتنی نێوان دوو حکومەت سـەیر دەکەین، هەر بۆیە پێویستە پێشتر ڕێککەوتن بکرێت، پاشان کە ڕێککەوتین لەسـەر بودجە با لە پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ پەسـەند بکرێت، بۆیە من پێموایە ئەمساڵ وەك پار نابێـت و جیاوازی دەبێت و مەزندەکان بەو جۆرەن بودجە بە ڕێککەوتن و تەوافوق بەڕێبکرێت.

**گوڵان:** لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی چوارشەممەی ڕابردوو

**سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا دەروازەیەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری پرسی پشکی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دۆزی هەناردەکردنی نەوت بکات**

**بودجەی گشتی عێراق بۆ ٢٠١٤ بە ١٣٨ ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت، پشکی هەرێمی کوردستان ١٧٪ی ئەو بودجە تەرخان کراوەیە**

**ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی کوردستان ڕاناگیرێت، هەربۆیە هەرێمی کوردستان ناتوانێت چاوەڕوانی چاکبوونی دۆخی عێراق بکات ئەوکات نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات**



## ڕەشید تاهیر

**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

# لەم سەردانەدا حکومەتی فیدراڵی عێراق ڕازی بوو هەرێمی کوردستان نەوت بنێرێتە دەرەوە

**ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراق لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها ئەوەی سەلماند کە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی نەوت و گازی سەرکەوتووی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانیداوە، پیادەکردووە. بۆیە ڕێککەوتن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە کە لایەنی حکومەتی فیدرالی تەفسیری جیاوازی لەسەر ئەو بڕگە دەستووریانە هەبوو کە ئەو دەسەڵاتەی بە هەرێمەکان بەخشیووە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە سەرەتایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە، بەڕێز ڕەشید تاهیر ئەندامی شاندی هەرێم و بۆ بەغدا و بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە لەسەر ئەم سەردانە بۆ گولان هاتە ئاخاوتن.**

سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا دیدارێکی تایبەتیمان لەگەڵ حوسێن شەهرستانی بینی، ئایا ئەمە کێشەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەچی دەگەیەنێت، لەکاتێکدا پاش ماوەیەکی زۆر لە نارەزایی دەربڕین، خودی شەهرستانی رایدەگەیەنێت کە ئەوان پشتگیری لە ناردنە دەرەوەی نەوت دەکەن؟

**دیندار دۆسکی:** بە راستی هەڵوێستی شەهرستانی لە بەرانبەر هەموو بەشەکانی وەبەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەڵوێستێکی باشی لێ نابینرێت، تەنانەت هەڵوێستی مالیکی باشتر بووە، هەوڵی داوە لەگەڵ کوردستان رێکەوتن ئەنجام بدات، بەڵام وەك باسم کرد هەڵبژاردنیان لە پێشە بۆیە هەرێمی کوردستان کاتێکی گونجاویان بۆ هەناردەکردنی نەوت هەڵبژاردووە، ئەوان پێویستیان بە کورد هەیە بۆ پشتیوانی لێ کردنیان وەك پێکهاتەی شیعی، لەبەر ئەوە راگەیاندنەکانیان بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم وەك جاران نییە، بەڵام بەپێی روونکردنەوەکانی شاندی هەرێمی کوردستان جەخت کراوەتەوە سەر ئەوەی کە داهاتی ئەم نەوتەی دەنێردرێتە دەرەوە قازانجی بۆ هەموو گەلی عێراقەو بیروبۆچوونی ئەوانیش نزیك بووەتەوە لە بیروبۆچوونی حکومەتی هەرێم..


**گوڵان:** تا چەند پێتوایە بە تێپەڕاندن و دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدرالی چارەسەر بۆ ناکۆکییەکان دەدۆزرێنەوە بە تایبەتیش پرسی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە داهاتەکەی بۆ هەموو عێراقە، تا چەند کاریگەری دەبێت بۆ بووژانەوەی ژێرخان یان یارمەتیدانی ژێرخانی ئابووری عێراق؟

**دیندار دۆسکی:** تا ئێستا رێککارییەکانی یاساکە بەو شێوەیە ئەگەرچی هەردوولا تائێستا لەسەر یەك پرۆژە رێکنەکەوتوون تا بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، بەڵام قەناعەتم وایە ئەم گرفتانەی تا ئێستا لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالیدا هەیە، لە نێوان پارێزگاکانی ترو حکومەتی ئیتیحادیش کێشەی لەو شێوەیە هەیە چ لە نێوان بەسرەو رومادی و میسان و موسڵ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا ناکۆکییان هەیە کە بێ ئەوەی ئەم یاسایە لە پەرلەمان تەسدیق بکرێت لە نێوان هەموو لایەنەکان ئەم کێشانە هەر بەردەوام دەبێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر باری ئەمنی و ئابووری لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە. هەرچەندە لە کوردستان باری ئاسایش سەقامگیرەو پەرلەمانی کوردستان یاساکانی پەسەند کردون و کاروباری یاسایی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەڵام تا ئەو یاسایەی حکومەتی فیدرالی تەسدیق دەکرێت، باشترە ئێمە وەك لایەنی کوردستانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەشنووسێك ئامادەبکەین و رێوشوێن دابنێین بۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی لە ئارادان..

**چەند ساڵێکە هیچ شتێک لەعێراق بەبێ ڕێکەوتن نەچووە بەڕێوە، بەڵام چارەسەری کێشەکان پێویستیان بەکات و دانوستانی زیاتر هەیە**

**لەسەر مەسەلەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەسەر حسابی بەهای ناردنە دەرەوەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل بەهیچ شێوەیەک رازی نین و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پەنا بۆ دادگای فیدرالی دەبەین**

**هەڵوێستی شەهرستانی بەرامبەر پرسی نەوت و گازی هەرێم باش نییە، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکاندا پێکهاتەی شیعە پێویستیان بە پشتگیری کورد هەیە**



*** تۆ ئەندامی ئەو شـــاندەبوویت کە بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانـــی ســـەردانی بەغداتان کرد، ئەم ســـەردانە بە ئیجابی وەســـفکراوە، ئایـــا دەکرێت باســـی وردەکاری و ئامانجی ئەم سەردانە بۆ خوێنەرانی گوڵان بکەیت؟**

- شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و ئەندامێتیی بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەك لە وەزیران و منیش وەك ئەندامێکی شاندەکە، ســـەردانی بەغدامان کرد. لەم سەردانەدا لەگەڵ بەرپرســـانی حکومەتی فیدراڵدا باسمان لەچەندین تەوەر کرد و چاومان بە بەڕێزان نوری مالیکی ســـەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدرال و دکتۆر رۆژ نوری شـــاوێس جێگری سەرۆکی حکومەت و حوسێن شەهرســـتانی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری وزە کەوت، لەم سەردانەدا لەگەڵ وەزیرانی دارایی و پلان و بەڕێوەبەری گشـــتی بودجە و نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران کۆبووینەوەو گفتوگۆمان لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردســـتان کرد لە بودجەی گشـــتیی عێـــراق، ئێمەو ئەوان بە تێروتەسەلی ســـەرنج و تێبینییەکانمان لەسەر بودجەی هەرێم و وردەکارییەکان ئاڵوگۆڕکرد، لە هەمان کاتدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و شاندەکە هەر لەسەر بودجەو پرسی نەوت لەگەڵ مالیکی و شەهرســـتانی گفتوگۆیان کرد، چەندین خاڵ راوبۆچوونیان دەربارە خرایەڕوو و ئومێدی چارەسەری لێدەکرێت و بڕیاریشدرا کە هەفتەی دوای سەری ساڵ شاندێکی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە سەردانی بەغدا بکاتەوە بۆ دانووستان لەســـەر ئەم خاڵانە، بەهـــەر حاڵ چوونی شـــاندەکە بۆ بەغدا سوودێکی باشی هەبوو و کێشـــەکان رووەو چارەسەرە، هەروەها حکومەتی بەغداش رەزامەندیی دا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردســـتان و ١٧٪ی پشـــکی خـــۆی هەڵگرێتەوە و دەستحەقی کۆمپانیاکانی نەوتی لێ بدرێت و ئەوەی دەشمێنێتەوە بدرێتە حکومەتی هەرێمی فیدراڵ، کەواتە ئەوان رازی بوون کە نەوتی کوردستان هەنارده بکرێت.

*** لەم ســـەردانەتاندا لەســـەر پرســـەکانی ئابـــووری زۆر قســـەتان کردووە، ئایا لەسەر بابەتی بەشە بودجەی کوردستان تێبینییەکانتان چی بوون؟**

- بودجەی ئێمە لەسەر حکومەتی فیدرال ١٧٪یە، بەڵام پشکی ســـەرەکی ئەوەبوو کە بڕگەو پارەیەکی زۆر ٣٠٪ لە بودجەی گشـــتی دەکرێتە ســـیادی، ئەو کاتە ١٧٪کەی کوردســـتان دەڕوات، واتا ١٠٪ لە ئیجمالی دەمێنێتەوە و خەڵکیش دەڵێت ١٧٪یە، ئێمـــە تێبینیمان هەبوو کە دەبـــێ هەندێ بڕگە لە ســـیادی لاببرێت، یان وەسفێکی خاڵەکانی نەفەقاتی سیادی بکرێت، یان پێویستە رێژەیەك بۆ سیادییەکە دەستنیشان بکرێت و نابێـــت بە ئـــارەزووی خۆیان دایبنێن، لەو حاڵەتە پشـــکی کوردستان و پارێزگاکانیش کەم دەکرێتەوە.

*** بۆ مەســـەلەی ناردنـــە دەرەوەی نەوت، ئـــەوان کۆمەڵێ مەرجیـــان دانـــاوەو ئێـــوەش رەزامەندیتان لەســـەر دا، ئەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق و چۆنێتیی ناردن و شەفافییەتی دیکە چۆنە؟**

- ئێمە دوای سەری ساڵ کە چووینەوە بەغدا سەرنجەکانمان دەخەینەڕوو، گرنگ ئەوان رەزامەندبوون لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردســـتان کە ئێمەش بەشێکین لە عێراق و بەشـــداری دەکەین لە داهاتی گەنجینـــەی عێراق و کە پارە زیادبوو دەیدەینە بەغدا.

*** ئایا بە هەمان شـــێوە داکۆکیتان لەســـەر بەشـــە بودجەی پێشمەرگە کرد؟**

- سەبارەت بە بەشە بودجەی پێشمەرگەش هەر لە کۆبوونەوەکان باسمان کردو لە هەفتەی داهاتوودا ئەم خاڵەش باس دەکەین و دەچینە ناو وردەکارییەکانەوە.

*** مەبەســـت لە کۆبوونەوەتان لەگەڵ وەزارەتی پلانی عێراق چی بوو؟**

- لەم کۆبوونەوەیەشدا بە هەمان شێوە باسمان لەو خاڵانە کرد کە پەیوەستن بە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان.

**سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا ئومێدی چارەسەری لێدەکرێت و بڕیاریشدرا کە هەفتەی دوای سەری ساڵ شاندێکی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە سەردانی بەغدا بکاتەوە**

**پرسی بودجەی پێشمەرگە باسی لێوە کراوەو لە کۆبوونەوەکانی هەفتەی داهاتووش باس لە وردەکارییەکانی دەکەین**

## ڕاگەیاندن و ژیانی مۆدێرن؛

# چۆن سەرکردەی سیاسی رابێنین!



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیوەتی

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

چۆن سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسیی بایەخ بە راگەیاندن بدات، لەکاتی پێویستدا، چۆن تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە و بەپێی توانایی خۆی و پێویستییەکان، بەشداری راگەیاندنیش بکات؟

هەندێک کەس، ئەو تواناییەیان تێدا هەیە، بۆ ئەوەش دەبێت لە خۆیان و لە تواناکانی خۆیان وردببنەوە و گەشەی پێبدەن، خۆیان پەروەردەی بکەن و راهێنان بکەن، سەرەنجام دەست بە کاری راگەیاندن بکەن. وەك سیاسەتمەدار و سەرکردەی سیاسی، نەك وەك رۆژنامەنووس، بەشداری میدیا ببن. رۆژنامەنووس و کاری نووسین بۆخۆی جۆرێکە لە هونەر و داهێنان. داهێنانیش لە بوارێکی دیاریکراودا، تەنیا کەسانێك کە لە بواری توانایی شەخسی و باری سایکۆلۆجی و هەندێ هۆکاری دیکەی هەبێت، ئینجا دەتوانن لە بوارێکی دیاریکراودا داهێنان بکات. بۆیە ئاساییە بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارانیش بتوانن هەنگاوی داهێنەرانە لەبواری راگەیاندن بنێن.

تەکنۆلۆجیای راگەیاندن جیا لە دەزگاکانی راگەیاندن، ئەو کەرەستانەی کە رۆژانە لە کاری شەخسیشدا بەکاردێن، لەسەر کارەوە بگرە تا دەگاتە پەیوەندییەکان و بەسەربردنی بەشێکی زۆر لەکاتی وەخت گوزەرانی، دەگرێتەخۆ. کەواتە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیا، لەنێوان داهێنانی رۆژنامەنووسیی و مومارەسەکردنی پیشە ئەو بەشەیە، لەگەڵ خەڵکانی دیکەش کە دەتوانن سیاسەتمەدار یان لە تیپەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگابن، حەڵقەی موشتەرەکیان هەبێت. بۆیە دەبێ بەلامانەوە ئاسایی بێت کە سیاسەتمەدار بتوانێت بەشێك لەکاری راگەیاندن ئەنجام بدات. دەبێ سیاسەتمەدار و تێکۆشەری سیاسی هەوڵبدات، زانیاری باشی لەسەر راگەیاندن هەبێت. سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسی، پێویستە لەم زەمانەدا خوێندەوارییەکی باشی هەبێت و هەوڵ بدات خوێندنی بەکالۆریۆس تەواو بکات. ئینسان ئەگەر لە بواری بایەخی خۆی خوێندن تەواو بکات، تواناکانی باشتر دەبوژێنەوە و لە ژیاندا داخلی ئەو بوارە دەبێت، کە تێیدا دەتوانێ داهێنان بکات.

ئەگەر سیاسەتمەدارێک بیەوێت کاری راگەیاندن بکات، دەبێت تەماشا بکات لەکام بوار توانای هەیە. هەڵبژاردنی بوار گرنگە. بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی وڵاتی ئێمە، وەك زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریش هەر وایە، بە پێچەوانەی تواناییەکانی دەروونی خۆی هەوڵدەدات. ئەمە پێیدەگوترێ لادانی پەروەردەیی لە شەخسیەتی ئینساندا. بەشێکی زۆری خەڵك بە دوای ئەم حەزە لادراوەی خۆیان دەکەون و ژیانی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن و رێ لە خەڵکی دیکەش، لەو بوارەدا دەگرن. خاوەن توانایی سیاسی، پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتە گەڕ تا بتوانێت وێڕای کاری سیاسی، لە مەجالێکی دیاریکراویشدا لە رێی راگەیاندنەوە، تواناییەکانی خۆی و مەرامی خۆی بگەیەنێتە خەڵك. لەکاتی نووسینی وتارێکدا یان لەکاتی ختابێکدا، یان لەکاتی بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا یان لە هەر بوارێکی دیکە لە قسەکردن و لە نووسیندا، ئەو شێوازە گرنگە. دەبێ ئامانجی کۆتاییت لەبەرچاو بێت. سەرەتای دەستپێکردن و ناوەڕاستەکەی و داخلبوون و هەر بەڵگەهێنانەوەیەك و حیوارێك، دەبێ ئەوەبێت کە تۆ بگەیەنێت بەو پەیامەی لە ئاخیردا دەتەوێ بیگەیەنی بە گوێگران یان بە خوێنەرانی خۆت.

**خاوەن توانایی سیاسی، پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتە گەڕ تا بتوانێت وێڕای کاری سیاسی، لە مەجالێکی دیاریکراویشدا لە رێی راگەیاندنەوە، تواناییەکانی خۆی و مەرامی خۆی بگەیەنێتە خەڵك**

زۆر پێویستە چالاکڤانی سیاسی، زمانێکی پاراو و بەهێز و هاوچەرخی هەبێت، ئەویش زمانی خۆیەتی. شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردی، لە یەکێك لە شێوەزارەکان سۆرانی یان کرمانجی هەبێت. خۆ ئەگەر لە هەردووکیان شارەزابێت ئەوە هەر زۆر باشتریش. موختەسەر گۆیی یان کورت و پوخت نووسین و قسەکردن، هونەرێکی باڵایە. لەبەر ئەوەی وەختی خەڵك و خۆی کەمتر دەگرێ، خەڵك بە ئاسانتر تێدەگەن و بە ئاسانتر دەتوانن وەڵامت بدەنەوە یان تەئیدت بکەن یان بێدەنگ بن.

گەیاندنی ئامانج کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەبێ بە زمانێکی دەوڵەمەند و موختەسەر و رەوان، بە لەبەرچاوگرتنی سایکۆلۆجیای خوێنەرانی خۆی، لە کورترین پانتاییدا، هەدەفی خۆی بگەیەنێ. ئەگەر سیاسەتمەدار بیەوێت، جیا لە نووسین، قسەش بکات، پێویستە باری سایکۆلۆژی خۆی ئارام رابگرێ و هەوڵبدات ئینسانێکی سادە و بێ تەسەنوع، وەك خۆی بێت. دیقەتی زانیارییەکان، راستگۆیی لە زانیاریدا، قودرەتی گەیاندنی ئەم زانیارییە و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە ئەگەر زانیارییەکی زۆری هەیە، هەمووی نەڕژێنێتە سەر دەموچاوی بینەر و گوێگرەکانی، چونکە ئەوکات پێیان لێکناکرێتەوە. لە گەیاندنی زانیاریدا، زۆر گرنگە سیاسەتمەدار، راستگۆیی بنوێنێ و لەگەڵ خۆی راست بێت. راستگۆیی لە دەموچاو و جۆری قسە و نەبرە و حەرەکاتی سیاسەتمەداردا دیارن و خەڵك هەستی پێدەکات. ئەگەر بۆ جاری یەکەمە سیاسەتمەدار داخلی گفتوگۆیەك دەبێت یان ختابێك دەدات و تووشی لەنگی و تەنگە نەفسی و تەتەڵەی زمان و تێکچوونی باری دەروونی بوو، بەومانایە نییە کە جارێکی تر ناتوانێ باشتر بێت. هەموو ئەو کەسانەی کە ختابی باش دەدەن، لە گفتوگۆکاندا بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێدێت، سەرەتاکانیان بریتیی بووە لە کۆمەڵێك ساتمە و دڵساردی و ژمارەیەکی زۆر تێکشکان. دەوڵەتمەداری سیاسەتمەدار، پێویستی بە کۆششێکی زۆر هەیە تا رادێت و لەڕووی نەفسیەوە خارا دەبێت، تا لە رووی نەفسیەوە لووس دەبێت،

تا لە رووی نەفسییەوە رادێت کە ئەمانەی لە بەرانبەری دانیشتوون، ئەوانیش ئینسانن، وەکو ئەون، پێویستیان بە مەعلوماتەکەی ئەوە، بە گرنگییەوە گوێی بۆ دەگرن. لەکاتی گفتوگۆکردندا، زۆر گرنگە سیاسەتمەدار سیمای خۆی رێکخات، واتە هەر لە شانەکردنی پرچەوە تا ئارایشی دەموچاو و جلوبەرگ بەشێوەیەکی سادە، وەکو خۆی، بەڵام بە کەمێك سەرنجەوە کە تەناسوقێك لە جلوبەگ و سەرورِیش یان ئەگەر ئافرەت بێت لە دەموچاو پرچدا هەبێت. ئەو رازاندنەوە راستەقینەیە، بۆیە پێویستە، تا باری دەروونیی خەراپ نیشان نەدات و روخسار و جلوبەرگ، پەیامی هەڵە بە بینەران نەدات. هەڵبەت لەم زەمانەدا هەندێك لە کۆمپانیاکان و ئەو کەسانەی بازرگانی بە پێگەیاندنی قسەکەر و سیاسەتمەدارەوە دەکەن، موبالەغەیەکی زۆر لە رازاندنەوەی جلوبەرگ و حەرەکاتی جەستە و لە تەحەکوم کردن بە نەبرەی دەنگ دەکەن، کە جاری واهەیە شەخسیەتێکی دروستکراوی سناعی لە سیاسەتمەدار دروست دەکەن، کە هیچ پەیوەندی بەو جمهورەوە نییە کە گوێی بۆ دەگرن. بەشێکی زۆر لە سیاسی و سەرکردەکانی ئێمە کە گوێ بۆ ئەو کۆمپانیا بازرگانییە دروستکەرانەی سیاسەتمەدار، دەگرن، تووشی ئەم لەنگییە بوون کە بە رای خۆم، پێم شتەکی راست نییە.

بەکارهێنانی زمانی جەستە زۆر گرنگە. زمانی جەستە بریتییە لە باری چەهرە(دەموچاو) و حەرەکاتی دەموچاو لە چاوەوە بگرە تا لێو، لە جوڵەی سەرەوە بگرە تا دەستەکان، جۆری دانیشتن و نەبرەی دەنگ، بەکارهێنانی پشوو، هەناسە، کۆمەڵێ شتی تریش، کە یارمەتی قسەکەر دەدەن، مەبەستەکانی بە حەرەکات و جموجۆڵی جەستە پەیامگەیەنەرتر و شیرینتر بن. لەم بوارەشدا کۆمپانیاکانی پێگەیاندنی زمانی جەستە، جاری واهەیە، وەك ریکلام، مامەڵە لەگەڵ سیاسەتمەدار دەکەن و سەرەنجام ئەوەندەی حەرەکە پێدەکەن کە لەبەردەمی خەڵك ناشیرین دەوەستێت.

بابەتێکی تر هەیە، پێیدەگوترێ سایکۆلۆژیای نووسین. سایکۆلۆژیای نووسین، بە گشتی ئەو ئیستعدادە نەفسیەیە، کە سیاسەتمەدار هەست دەکات، دەتوانێت مەوزوعێك بە نووسین بگەیەنێ. ئینجا پەنابردن بۆ باشکردنی زمان و تاقیکردنەوەی نووسین دێت. سەرەنجام سیاسەتمەدار دەبێتە سیاسەتمەدارێکی نووسەر. سیاسەتمەداری نووسەر، ئیمتیازێکی زۆر گەورەیە کە راستەوخۆ، وەک نووسەر دەتوانێ بەشداربێ لە گەیاندنی پەیام، هەروەها سەرکردایەتی ئەو کەسانەش بکات کە هەوڵی گەیاندنی پەیام لەنێو راگەیاندن دەدەن. دەبێ ئەو بزانێ لە بەرانبەر خەڵکێك دانیشتووە، بە سایکۆلۆژیایەکی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی زانیاری هاتوون. بەشێك لە سایکۆلۆژیای ئەوانەی گوێدەگرن ئەوەیە: ئەم کەسەی قسە دەکات چەند راستگۆیە؟ چەند مەعلوماتی پێیە؟ چەند شەخسیەتێکی هاوسەنگی هەیە؟ چەند متمانەی پێدەکرێت و مێژووی چییە؟ هەموو ئەوانە و کۆمەڵێك بابەتی دیکەش، لە کاتی قسەکردنیاندا و لەکاتی ئاسایی بوون یان نائاسایی بوونیاندا، گوێگران یان بینەران هەستیپێدەکەن.

جاری وا هەیە ئینسانی راستگۆ توانایی قسەکردنی کەمە، لە جەمعێکی بچووکدا قسەی بۆ دێت، لە کۆبوونەوەیەکدا دەتوانێ قسەبکات، بەڵام کە بووە زۆر، لە رووی نەفسیەوە ئیستعدادی کەمدەبێتەوە. پێویستە تا ئەو کاتەی ئیستعداد پەیدا دەکات، لە رادیۆ و تەلەفزیۆن دەرنەچێت. دەبێ لەبیرمان بێت هەموو سیاسەتمەدارێك، ناتوانێ ببێتە نووسەر، هەموو سیاسەتمەدارێکیش ناتوانێ ببێتە خەتیب یان وتاردەر. ئەم قسەیەم بەومانایە نییە کە رێگە لە سیاسەتمەدار بگرم خۆی تاقی نەکاتەوە. بەڵام کە هەستیان کرد ئەو تواناییەیان نییە، بە سدقەوە هەوڵ بدەن، رۆژنامەنووسی باش و نووسەری باش و خەتیبی باش، لەکاری سیاسی، لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و لەگەڵیان راستگۆبن. بۆ ئەوەی لە رێی ئەوانەوە پەیامەکەیان بگەیەنن. رێزی خوێنەری خۆی بگرێت. پێچەوانەبێت ئەوەی کە دەینووسێ ئیتر لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە و خوێنەر کە بینی بۆی شێت دەبێت و باوەڕی پێدەکات. نا، خوێنەر تەماشای باری دەروونی نووسەر دەکات، لە رێی ئەو وشانەی لەناو رستەکاندا بەکاری هێناون، هەموو وشە و رستەکان بە یەکەوە رەبت دەکات و سەرەنجام هەموو ختابەکەی بەیەکە وەکو فەرشێک تەماشا دەکات. هەر نەقشێک گرێ یان پسانی تێدابێت، هەستی پێدەکات.

رێزگرتنی رەئی موخالف یان دوژمن، یەکێك لە شێوەکانی رێزگرتنە لە خوێنەر و بینەر. ئەو کەسانەی پێیانوایە؛ دەبێ لە کاتی قسەکردندا هێرش بکەنە سەر لایەنی بەرانبەر و وێرانی بکەن، تەفروتونای بکەن، ئەوانە کەسانی سەرکەوتوو نین. ئەم رۆژگارە بۆ گفتوگۆیە، زمانی گفتوگۆ بەومانایەی کە حەقیقەت تەنیا لای سیاسەتمەدارێك نییە. حەقیقەت بە تەنێ لای حزبێك نییە. بۆیە دەڵێن، لە دیموکراسیدا دەبێ پۆلۆرالیزم هەبێت، واتە فرەیی لە حزب و لە بیروڕادا هەبێت. بەومانایەیە کە حەقیقەت لای هەمووانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە زۆرینەی حەقیقەت لای کام سیاسی کۆدەبێتەوە. بە زۆربەیی لە حەقیقەت تێگەیشتن، ئەم سەرکردە یان ئەو حزبە، زۆربەی خەڵك متمانەی پێدەکەن، دەتوانێ سەرکردایەتی وڵات بکات. ئەو حاڵەتە، واناگەێنێ، ئەوانی دیکەی موخالیف و لەو جیاوازن، هیچ شتێکیان راست نییە. لە گفتوگۆکردندا، گرنگە رێزی تەرەفی موقابل بگیردرێ تا هەستبکات ئەویش بەشێك لە حەقیقەتی لایە، بەڵام من دەمەوێ

**سیاسەتمەداری نووسەر، ئیمتیازێکی زۆر گەورەیە کە راستەوخۆ، وەک نووسەر دەتوانێ بەشداربێ لە گەیاندنی پەیام، هەروەها سەرکردایەتی ئەو کەسانەش بکات کە هەوڵی گەیاندنی پەیام لەنێو راگەیاندن دەدەن**

**دەبێ لەبیرمان بێت هەموو سیاسەتمەدارێک، ناتوانێ ببێتە نووسەر، هەموو سیاسەتمەدارێکیش ناتوانێ ببێتە خەتیب یان وتاردەر**

ئەو بەشە لە حەقیقەت بڵێم کە لای منە. راستگۆیی و دیقەتی مەعلومات و سەلاسەتی بەیان، هەموویان یارمەتیدەری سیاسەتمەدارن تا ئەو بەشە راستیەی لای ئەوە، بە فراوانی بگاتە خەڵك. ئەو بە فراوان گەیشتنەیە، دەنگێکی فراوان وەردەگرێ. دەنگی فراوان متمانەی فراوانە، متمانە یەعنی سەرکەوتن و بردنەوە.

هەڵبەت، ئەو سیاسەتمەدارەی دەیباتەوە، بەومانایە نییە کە بە موتڵەقی ئەو راستە، بەڵکو دەبێ باوەڕی هەبێت، بە رێژەیەک ئەو راستە. ئەو لە ماوەی سەرکەوتنەکەیدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەشە لە نیسبەتی راستگۆیی خۆی، کاردەکات کە بە سدقەوە بە خەڵکی گوتووە. سیاسەتمەدار، لە رێی راگەیاندنەوە، دەتوانێ بەری تەنگاوکردنی دەروونی بگرێ. واتە ئەو هێرشانەی لەرووی دەروونیەوە بۆی دەکرێن، یان لە دانیشتنێکدا موخالیفەکانی دەرحەقی دەکەن، (ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە راگەیاندن هەبێت) دەتوانێ خۆی لەبەر بگرێ و لەکاتی پێویستدا تەنگاوکردنی دەروونی هەڵگەڕێنێتەوە و لەسەر موخالیفەکانی خۆی بەکاری بێنێ. کاتێك کە دەتوانێ لەرووی دەروونییەوە یەکێك تەنگاو بکات، دەبێت بزانێ ئەم یەکە کێیە، ئەم یەکە، کەسێکە یان ئەم یەکە حزبێکە، یان ئەم یەکە هەموو گەلە، یان ئەم یەکە کۆمپانیایەکە یان لەوانەیە توێژێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ بێت. بۆیە دەبێ جوغزی تەنگاوکردنەکە دیاریبکرێت. دەبێ ئامانجی تەنگاوکردنەکە دیاری بکرێت، بۆچی تەنگاوی دەکات؟ بۆ ئەوەی کە رایکێشێتە سەر هەدەفێکی دیاریکراوی خۆت.

لە تەنگاوکردنی دەروونیدا، پێویستە زانیاری راست بەکاربێندرێت. ئەمە پێیدەگوترێ فشاری دەروونی. لەمڕۆدا پێیدەگوترێ شەڕی راگەیاندن. لە راستیدا شەڕ نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکی توندە. لە راستیدا ئەوە شێوازێکە وەک قەڵغانێك بەکاردێت تا پەلاماری موخالیفەکان بگێڕیەوە. لە راستیدا دەبێت سیاسەتمەداری راستگۆ، ئەم قەڵغانە هێندە لە موخالیفەکانی خۆی نزیك بکاتەوە کە ئیتر بە غەیری راستگۆیی نەتوانن هیچی تر بڵێن. من پێموایە نابێت راگەیاندن وەك تیر بەکاربێت. راگەیاندن دەبێ وەك قەڵغان بەکاربێت. زانیاری و شێوازی بەڵگە هێنانەوە و دۆزینەوەی نوقتەی مەنتقی، لە قسەی خۆی و تەرەفی موقابیلدا، زۆر پێویستە. لەوانەیە تەرەفی موقابیل، زۆر بە مەنتق قسە بکات کەچی دیفاع لە مەبەستێکی ناحەق بکات، لەوانەیە مەسەلەیەکی حەق لەکاتی گفتوگۆدا، لە لایەنی و قابیل، ناچارت بکات ئیعترافی پێ بکەی و رایکێشی بۆ ناو مەوزوعەکەی خۆت. ئەم مەوزوعە حەقە وەردەگریت و دەیکەیتە تەواوکاری باسە حەقەکەی خۆت. چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا سیاسەتمەداری راستگۆ، دەبێ لەبیری بێت، ئەوەی لە بەرانبەری دانیشتووە ئینسانە، هەدەفی هەیە، ئەگەر زیادەڕۆیشی کردبێت دەبێ تێك نەشکێندرێت، چونکە لە نیهایەتدا هەدەف تێکشکاندنی کۆمەڵگا نییە.

راستگۆیی و دیقەتی مەعلومات و سەلاسەتی بەیان، هەموویان یارمەتیدەری سیاسەتمەدارن تا ئەو بەشە راستیەی لای ئەوە، بە فراوانی بگاتە خەڵک

جەنگی دەروونی کە دایمەن حیزبی گەورە یان دەوڵەتان بەکاری دێنن، مێژوویەکی دووروودرێژی لە تێکشکاندنی کەسایەتییەکان و تێکشکاندنی کۆمەڵگاکان و توندوتیژتر کردنی رەفتار و دوورکەوتنەوە لە تەساموح هەیە. جەنگە دەروونیەکان، هەمیشە لە مێژوودا سەرەتا بوون بۆ شەڕی زۆر قورس. شەڕ پیشێلکردنی مافی دەوڵەتان یان میللەتانی نزیك یەکتر و بەلاوەنانی ئەخلاقی ئینسانی و هەمبەستەیی و تەزامونی مرۆڤایەتییە. ئەو کەسەی دیفاع لە خۆی دەکات، دەبێ ئینسانیانە رەفتار بکات. هەرکاتێک دیفاع لەخۆکردن بووە پەلاماردانی تۆڵەسەنانە، رەفتار دەبێتە پەلامارێکی دڕندانە. جەنگی دەروونی، کاتێك راگەیاندنی بکەوێتە بەردەست، بەقەدەر جەنگی گەرم، کاریگەری لەسەر تەڕەفی موقابیل دەبێت. جا موقابیل دوژمن یان موخالیف بێت، لەگەڵ ئەودا، خەڵکێکی فراوان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی نەرێنی خۆی. ئەگەر راگەیاندن بە مەرامی رووخاندنی دەروونی، زۆر بەتوندی بەکاربێت، ئەو دەرهاویشتەکانی؛ هەر لە ترساندنی خەڵك و تێکدانی باری دەروونی و تێکدانی تەنزیمی شەخسی و زۆرکردنی نیسبەی کەسانی لێشێواو، کە کار ناکەن یان کارەکەیان لەدەست خەراپ دەبێت، نەخۆشیەکانی دەروونی و خشونەت و بێمتمانەیی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.

لە کۆتاییدا، پێموایە سەرکردەی سیاسی، دەتوانێ گوشاری دەروونی بەکاربێنێ و لەوێدا دەکرێ راگەیاندن بەکاربێنێ، بەڵام دەبێ نەیگەیەنێتە ئاستی سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر و ئەم چەکە بە ناحەق بەکارنەهێنێ، هەروەك چۆن هەبوونی چەك لە کۆمەڵگا، بۆ هەمیشە بەکارهێنان نییە، بۆ غەیری دیفاع نەبێ، بۆ ئازاردانی ئینسان بەکارنایەت.

پێموایە سەرکردەی سیاسی، دەتوانێ گوشاری دەروونی بەکاربێنێ و لەوێدا دەکرێ راگەیاندن بەکاربێنێ، بەڵام دەبێ نەیگەیەنێتە ئاستی سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر و ئەم چەکە بە ناحەق بەکارنەهێنێ

ئامانجی من لەم باسە ئەوەیە، تێکۆشەران و سەرکردەکانی سیاسی، گرنگی راگەیاندن بزانن، ئەگەر توانایان هەبێت خۆیان ببن بە بەشێك لە راگەیاندنکاران، کاتێك کە بوون بە بەشێك لە راگەیاندنکاران مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ راگەیاندن دەکەن. لەو حاڵەتەدا یارمەتی پێشخستنی راگەیاندن و پێگەیاندنی دەدەن. لە هەمان کاتدا رێزیان بۆ رۆژنامەنووسان و نووسەرانی باشی وڵاتەکەیان دەبێت. لەوێدایە بە باشترین شێوە سیستەمی راگەیاندن یەکانگیری سیستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێت و ئەو نوخبەیەی پیشەیان نووسین و گەیاندنی زانیارییە و ئیبداعی تێدا دەکەن.




The New Silk Road



## نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ (گوڵان):

# لە ٢٠١٣ زیاتر لە ١٠٠٠ پرۆژە چووە بواری جێبەجێکردنەوەو وەبەرهێنانیشمان بۆ ٢٠ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بەرز کردەوە

**لە ساڵی ٢٠١٣ لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا زیاتر لەیەك ترلیۆن دینار بۆ ١٠٣٥ پرۆژە لەپارێزگای هەولێر خەرج کراوە؛ کە سەرجەم ئەو پرۆژانە بەرێژەی لە ٪٦٥ چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی زۆر گرفتی تایبەت بەنیشتەجێبوون و ئاوی خواردنەوەو قەرەباڵغی ناو شار و گرنگیدان بە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە کە لەگەڵ فراوانبوونی شار و گەشەی خێرای دانیشتوان ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە زۆر پێویستن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانەو گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە بۆ ٢٠١٤ لەسنووری پارێزگای هەولێر دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کردو بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**



**بەتەواوبوونی پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ و فراوانکردنی پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٣ گرفتی کەم ئاوی لەهەولێر و دەوروبەری تەواو دەبێت**

**کارەبای نیشتمانی بۆ هەر ١٤٧٤ گوندی ئاوەدانکراوەی سنووری پارێزگای هەولێر چووە**

*** تۆماس فریدمان لەوتارێکیدا دەڵێت: ببینە ئەم شارە (هەولێر) عێراقە خەڵکی پێکەوەدەژین و ئاینی جیاوازی هەیەو یەك ئەمریکی لەم شارە خوێنی نەڕژاوە، ئەمە خەون نییە ئەمە راستییە، هاوکات بەڕێزتان لە ٢٠١٠ لەلایەن ئامۆژگای سەرکردە جیهانییەکانەوە کە بارەگای لە ئەمریکایە خەڵاتی حوکمڕانی باش درایە بەڕێزتان؛ بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە لە ئیدارەی هەولێر بەدەست هاتووە؛ ئایا چۆن پارێزگاری لەو دەستکەوتانە دەکرێت لەکاتێکدا هەولێر زۆر بەخێرایی فراوان دەبێت و رێژەی گەشەی دانیشتوانی خێرایەو داواکاریی و خواستی دانیشتوانەکەی رووەو هەڵکشانە؟**

- بەرزکردنەوەی ئاستی قەبارەی وەبەرهێنان بۆ ٢٠ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و ئیحالەکردنی زیاتر لە ١٠٣٥ پرۆژە لەم ساڵدا کە بە بەهای زیاتر لە ١ ترلیۆن دینارە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا کە کاریگەریی لەسەر بەردەوامی گەشەکردن هەبووە، راگرتنی هاوسەنگی لە خەرجکردنی بودجەو جێبەجێکردنی پرۆژەکان رۆڵی لەگەشەکردنی سەرجەم پارێزگاکە هەبووە هەر لەسەنتەری شاری هەولێرەوە تاوەکو قەزاو ناحیەکانی و ئەو ١٤٧٤ گوندەی کە ئاوەدانکراونەتەوە، بەرادەیەك سەرجەم گوندەکان کارەبای نیشتمانی و رێگاوبانیان هەیە. هەروەها توانیومانە پرۆژەکان بەرێژەی لە ٦٥٪ جێبەجێ بکەین و چاودێریی و بەدواداچوونی بەردەوامان لەسەریان هەیە. رەچاوی ئەو فراوانبوون و گەشەی خێرایەی شاری هەولێریشمان کردووە بۆ نموونە گرنگیەکی زۆرمان بە رێگاوبان و فراوانکردنی شەقامەکان داوە فراوانکردنی رێگای هەولێر- موسڵ و شەقامی ١٢٠ مەتریی و نۆژەنکردنەوەو بەدووسایدکردنی شەقامی کوران — مەخمور و چاککردنەوەی رێگای گوێڕو رێگای هەولێر خەبات و دروستکردنی دووسایدی نوێی هەولێر — دهۆك و هەولێر —حاجی ئۆمەران نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پرۆژانەی رێگاوبانن کە بەباشترین شێوەو دیزاین و بەڕەچاوکردنی ستانداردی جیهانی جێبەجێ دەکرێت، ئەمە جگە لە پرۆژەی تونێل و ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسەکان بۆ نموونە تونێلەکانی هەیبەت سوڵتان و بەنی هەریر و کۆڕەك و مەسیف سەلاحەدین. لەمەشدا هەماهەنگی و پاڵپشتیەکی باشی وەزارەتەکانمان هەیەو وەکو تیمێك لەگەڵ فەرمانگە پێوەندارەکانیان کار دەکەین.

*** لەساڵی ٢٠١٤ هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبی؛ ئایا ئامادەکاریی بۆ ئەو دەستکەوتە گرنگە کراوە؟**

- ئاڵوگۆڕی پایتەختی گەشتیاریی لەمەنامەی بەحرەینەوە بۆ هەولێر خۆی لەخۆیدا لەئاکامی ئەو بنەماو ژێرخانە گەشتیاریی و ژینگە لەبارەوە هاتووە کە هەولێر بەدەستی هێناوە، بەدەستهێنانی ئەم ناسناوەش دەستکەوتێکی گەورەیە نەك تەنیا بۆ هەولێر، بەڵکو بۆ سەرجەم شارەکانی کوردستان و ناساندنی زیاتری هەرێمی کوردستانە وەکو هەرێمێکی پێشکەوتوو سەقامگیر جیاواز لەناوچەکانی دیکەی عێراق، بەمەش ژمارەی گەشتیاران زیاد دەکات و کەرتی گەشتیاریی لەسەرجەم هەرێمی کوردستان دەبوژێتەوەو هاووڵاتیانی کوردستان داهاتی تاکەکەسیان زیاتر بەرز دەبێتەوەو هەلی کاری نوێمان دەست دەکەوێت. بۆ ئەم دەستکەوتەش لە رێگای لێژنەیەکەوە ئامادەکاریی باش و گرنگ کراوە، کە لەسەرەتای دوو






# له ٢٠١٤

- له رواندز و سیدەکان و هەریر نەخۆشخانە دروست دەکرێت
- مەراسیمێکی کلتووری و هونەریی بۆ بوون بە پایتەختی گەشتیاریی بەڕێوەدەچێت
- لەساڵی نوێ دا تیروپشک بۆ دابەشکردنی خانووە کۆرییەکان دەکرێت
- ٤ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە سەنتەری شارو قەزاکانی هەولێر دروست دەکرێت
- پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٣ تەواو دەبێت

هەفتەی مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٤ بە بەمەراسیمێکی تایبەت بەڕێوەدەچێت و هەموو بوارەکانی کلتووری و هونەریی و فەرهەنگی لەخۆدەگرێت و هەریەك لە وەزارەتەکانی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبی و ژوورە بازرگانیەکانی وڵاتانی عەرەبی لەهەولێر کۆدەبنەوە، تەنانەت لەم ساڵدا فیستڤاڵەکەی نەورۆز دەوڵەمەندتر دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاری بۆ چالاکیەکانی تایبەت بەپایتەختی گەشتیاریی تەرخانکردووە.

*** لەم ساڵدا ژمارەیەك پرۆژەی ڕێگاوبان چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە هەندێکیان ڕێگای ستراتیژییەو بۆ هاووڵاتیان زۆر پێویستە؛ بەڵام هەندێك پرۆژەی ڕێگاوبان هەیە دوادەکەوێت و لەکاتی خۆی تەواو نابێت ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕێگاوبانەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ هاتوچۆکردنی هاووڵاتیان و گواستنەوەی کاڵاو بەرووبوومی جووتیاران وەکو شادەمار وایە بۆ چالاکی بازرگانی و ئابووری و نزیککردنەوەی ناوچە و شارەکان؛ واتا پرۆژەکانی ڕێگاوبان بە پرۆژەی گەورەو ستراتیژی دادەنرێن، هەربۆیە بودجەی پرۆژەکانیش گەورەیە، بۆ نموونە بە ٣ قۆناخ بەتێچوونی ٣٥٠ ملیۆن دۆلار ڕێگای هەولێر-کۆیە لەژێر جێبەجێکردندایە و لەدوا قۆناغدا تونێلی هەیبەت سوڵتانیش لە ڕێگای کۆمپانیایەکی ئێرانیەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەم ڕێگایە نەك تەنیا بۆ شاری کۆیە گرنگە، بەڵکو بۆ ڕانیەو قەڵادزێ و تەنانەت بۆ نزیککردنەوەی ماوەی نێوان شاری هەولێر و سلێمانیش زۆر گرنگە، بۆ ڕێگای هەولێر- دهۆکیش بەهەمانشێوە




**پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٣ ـ بە پێی سێکتەرەکان**

**دانیشتوانی هەولێر زامنی سەرەکی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری شارەکەیانن و پاڵپشتی هەڵۆکانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگاکانی تری وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەن**

ڕێگایەکـــی ســـتراتیژییەو پردێکیـــش لەخۆدەگرێت و چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنـــەوەو بەناوچەی بەرانەتی تێپەڕدەبێت و کاریگەری باشـــی لەســـەر کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر ڕێگای بەردەڕەش دەبێت، ڕێگای هەولێر – حاجی ئۆمەرانیش بەهەمانشـــێوە لەجێبەجێکردنایەو تونێلی مەســـیف ســـەلاحەدین لەخۆدەگرێت و لەساڵی ٢٠١٤ تەواو دەبێت؛ ســـەبارەت بەوەڵامی پرسیارەکەشت پێویســـتە ئاماژە بەو ڕاســـتیە بکەیـــن کەجێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەی ڕێگاوبان بێ گرفت و کێشـــە نییە هەر لەمەسەلەی موڵکداری زەوی خەڵکەوە تادەگاتە کێشەی هاتنی وەرزی زســـتان و قورســـایی تەختکردنی سەدان کیلۆمەتـــر ڕێگاوبان، تەنانەت لەکاتـــی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانیشـــدا قورســـایی دێتە بـــەردەم بەڵێندەر بۆ نموونە ئەمســـاڵ بەدرێژایی ٦ کیلۆمەتر چاککردنەوەی ڕێگای هەولێر – خەباتمان ئەنجامداو ئێســـتا لەقۆناغی قیرتاوکردندایـــە، ڕاســـتە بەڵێنـــدەر لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دواکەوتووە، بەڵام ئێمە بە بەردەوامی چاودێریی دەکەین و زۆربەی جاریش لێپرسینەوە لەگەڵ بەڵێندەرەکان کراوە. بەمشێوەیە چاودێری ئێمەو بەدواداچوونی وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان ڕۆڵی باشـــی لەسەر کەمکردنەوەی کەمتەرخەمی بەڵێندەر یـــا خێرا جێبەجێکردنی پرۆژەکان بووە، چونکە ئێمە مەبەستمانە پرۆژەکان لەوادەی خۆیدا و بە بەرزترین کوالێتی و ڕەچاوکردنی ستانداردە جیهانیەکان تەواو بێت.


*** بە تەواوبوونی ئەم پرۆژانە دەتوانین بڵێین قورســـایی لەســـەر ڕێگاوبانەکان و قەرەباڵغی سەر شەقامەکان کەم دەبێتەوە؟**

- حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان گرنگـــی زۆری بە ڕێگاوبانـــەکان داوە بە ڕادەیەك بە بڕی یەك ملیار و نیو دۆلار پرۆژەی ڕێگاوبان لە ســـنووری پارێزگای هەولێر لەژێـــر جێبەجێکردندایە، ئەمەش هێـــز و توانایەکی باش دەداتە گەشەکردنی پارێزگای هەولێر و بەستنەوەی باشتری ناوچەکانی کوردســـتان و کەمکردنەوەی بارقورســـایی و قەرەباڵغی سەر شەقامەکان و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

*** هەر لەچوارچێوەی ڕێگاوبانەکاندا لە پارێزگای هەولێر ژمارەیـــەك تونێل جێبەجێ دەکرێـــت؛ ئایا تونێلی چیای کۆڕەك بەکوێ گەیشتووە؟**

- تونێلی چیای کۆڕەك بەدرێژایی ٤ کیلۆمەتر دروســـت دەکرێت لەســـەر ڕێگای نوێی هەولێر – حاجی ئۆمەران، بەمـــەش تونێلی کـــۆڕەك درێژترین تونێلی کوردســـتانە و لەدۆڵی ئالانـــەوە دەچێتە دیوی ڕوانـــدز و لەهەندرێن

**بەتەواوبوونی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کێشەی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانیش کۆتایی دێت**




**پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٣ ـ بە پێی قەزاکان**

لەجوندیان دێتە دەرەوەو رێگای جووت سـایدی هەولێر – حاجی ئۆمەران زۆر کورت دەکاتەوە و کاریگەری زۆری لەسەر هاتنی گەشتیاران و جموجوڵی بازرگانیش دەبێت، ئەمـەش گرنگی رێگای هاملتۆنمان بەبیر دەهێنێتەوە و بەتەواوبوونـی تونێلی چیای کـۆرەك ناوچەکە لەرووی رێگاوبان و ئاسـانی هاتوچۆوە قۆناغێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت.

*** پرۆژەی دابەشـکردنی ٥ هەزار خانـوو بۆ کرێچیان بەکوێ گەیشت؛ ئایا بەرنامەتان بۆ دروستکردنی خانوو یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەژارو کەم دەرامەت و کرێچییان لە قەزاو ناحیەکانیش نییە؟**

- بـەم نزیکانە تیروپشـك بۆ ئەو فۆرمانـە دەکەین کە لـە کۆتایی وردبینـی دان کە بۆ خانـووی کۆرییەکان پڕکرابوونـەوە، خانـووەکان دەدەین بـەو کرێچی و کەم دەرامەتانەی کـە رێنماییەکان دەیانگرێتـەوە، هاوکات لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەشەوە بۆ سەنتەری شار و هەریەك لە چۆمان و مێرگەسورو سۆران و شەقڵاوەو کۆیەو خەبات...تاد بۆ کرێچیان و کەم دەرامەتان ٤ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی شوقە دروست دەکرێت.

*** لەگەڵ فراوانبوونی هەولێر و بەرزبوونەوەی خواسـت لەسـەر ئاوی خواردنەوە ئایا مەترسـی گرفتی ئاوی خواردنەوە دروسـت نابێت لـە گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی هەولێر؟**

- لەناو شـاری هەولێر فراوانکردنی ئاوی ئیفراز (سێ) مان هەیە کە توانای پرۆژەکە لە ٦ هەزار مەتر سـێ جا بۆ ١٠ هەزار مەتر سێ جا زیاد دەکات و لەمانگی ٨ی سـاڵی ٢٠١٤ تەواو دەبێت، ئەمە جگە لە تەرخانکردنی ١٠٠ ملیۆن دینار بۆ فراوانکردنی تۆڕی پرۆژەی ئاوەکە، واتـا بەتەواوبوونی پرۆژەکـە گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی هەولێر سوودمەند دەبن. سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ کە ئێستا لەگفتوگۆدایە بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بەتەواوەتـی گرفتی کەم ئاوی لـە هەولێر و دەوروبەری نامێنێت، چونکە توانای پرۆژەکـە لە کاتژمێرێکدا ٢٥ هەزار مەتر سێ جایە.

*** بۆ ساڵی ٢٠١٤ چی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریتان بۆ گەڕەکە میللیەکان لەبەردەستدایە؟**

- فراوانبوونی ئاسۆیی هەولێر زۆر خێرایە، هەربۆیە ئێمە بۆ هەمـوو شـارو قەزاو ناحیەو گوندەکانی هەولێر بەبێ جیـاوازی کارو پرۆژە ئەنجام دەدەیـن، بەهاوتەریب کارو پرۆژە بێ جیاوازی ئەنجامدراوە بۆ نموونە لەسـنووری پارێزگای هەولێر ١٤٧٤ گوندی ئاوەدانکردنەوەمان هەیە هەرهەمووی قوتابخانەو کارەبای نیشـتمانی و پرۆژەی

**تونێلی چیای کۆرەک و رێگای نوێی هەولێر - حاج ئۆمەران وەرچەرخانێکی رێگاوبانە بەهاوشێوەی ئەو قۆناغەی پێشوو کە لە رێگای هاملتۆن جێبەجێ کرا**

**٥ نەخۆشخانەی پسپۆرایەتی تایبەت لەناو سەنتەری شاری هەولێر دروست دەکرێت**



ئاوی خواردنەوەو ڕێگاوبانیان بۆ چووە، تەنانەت لە ڕێگای پێشینەی خانووبەرەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی سەنەدی زەوییەکانیان خەڵکێکی زۆر سوودمەند بوون و خانوویان دروستکردووە، ئەولەویاتی کارەکانی ساڵی نوێشمان بەهەمانشێوەی ساڵانی ڕابردوو بۆ گەڕەکە میللیەکان دەبێت کە ئێستا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر ئەو گەڕەکانەدا هاتووە وەکو گەڕەکەکانی باداوەو کرێکاران و کوردستان.

*** لەرووی تەندروستییەوە گلەیی و رەخنە هەیە ئایا چی پرۆژەو کارێکتان بۆ پێشخستنی ئەم لایەنە ئەنجامداوە؟**

- لەهەموو قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێر نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی هاوچەرخ بەهەموو پێداویستیەکانیەوەدروستکراوە، نەخۆشخانەکانی مێرگەسورو چۆمان و سۆران و بارزان و شاری کۆیە شاهیدی ئەو ڕاستیەن، بۆ ئەمساڵیش لە ڕواندز و سیدەکان و هەریر نەخۆشخانە دروست دەکرێت، ئەمە جگە لە نەخۆشخانەی خەبات و لەناو شاری هەولێریش نەخۆشخانەی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی و ٢٠٠ قەرەوێڵەیی لەدایکبوون و منداڵان لەگەڕەکی باداوە لەژێر ئەنجامداندایە. لەلایەکی دیکەوە ٥ نەخۆشخانەی پسپۆرایەتی تایبەت بە شێرپەنجەو دەروونی و دروست دەکرێت. هەروەها نەخۆشخانەی رزگاریش نۆژەن دەکەینەوە.

*** ئاستی وەبەرهێنان لەپارێزگای هەولێر چەندە و تا چ رادەیەك رۆڵی بینیوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و دۆزینەوەی هەلی کار؟**

- ئاستی وەبەرهێنان لەسنووری پارێزگای هەولێر ٢٠ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە؛ ئەمەش وەبەرهێنانێکی گەورەیەو پێشکەوتنێکی ڕادەبەدەری کەرتی تایبەتە کە بەهاوکاری



و پاڵپشتی حکومەتی هەرێم و دانیشتوانی هەولێر بەدەستهاتووە، ژمارەی کارگەو کارخانەو سۆپەرمارکێت و هۆتێل و میوانخانەو دوکانەکان زۆر زیادیکردووە بەرادەیەك لەسەر ڕێگای گوێڕ ٣ هەزار کۆگا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروستکراوەو شوێنی کارگە بلۆکە کۆنەکانیش ڕێگامان پێدان بیکەنە پێشانگای ئۆتۆمبێل، دەتوانین بڵێین هەولێر گەورەترین شاری کۆگاو پێشانگاکانی ئۆتۆمبێلە، هەروەها زەویمان بۆ دارفرۆشەکان تەرخانکردوو بۆ سەرجەم چین و توێژەکانیش هەر لە تایەفرۆشەکانەوە تاوەکو پێشانگای ئۆتۆمبێلەکان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، تەنانەت لەناوچەی تیمار رووبەرێکی زۆر بۆ ناوچەی پیشەسازیی تەرخانکراوە و دەستکراوە بە دروستکردنی پرۆژەکان.


*** کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کە پرۆژەیەکی گرنگە بۆ زانکۆی دایك ئایا ئەو پرۆژەیە بەکوێ گەیشت؟**

- بەهەنگاو و قۆناغ کەمپی زانکۆی سەلاحەدین دروست


**لەناوچەی تیمار رووبەرێکی زۆر بۆ ناوچەی پیشەسازیی تەرخانکراوە و دەستکراوە بە دروستکردنی پرۆژەکان**

**بە بڕی یەک ملیار و نیو دۆلار پرۆژەی ڕێگاوبان لە پارێزگای هەولێر لەژێر جێبەجێکردندایە**













دەکرێت، ئەو پرۆژەیــە یەکێکە لە کارو پرۆژە گرنگ و ســتراتیژی و پێویستییەکانی هەولێر، بەڵام بەتەواوبوونی شــارێکی زانکۆیی گەورە کە هەموو پێداویســتیەکانی خوێندنی تێدایەو گرفتی بەشە ناوخۆییەکانیش نامێنێت.

*** تا چ رادەیەك لەتوانادایە ئاسایشــی هاووڵاتیان زامن بکرێت بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی بەلێشــاوی پەناهەندەو خەڵکــی لەناوچەکانی عێــراق و کوردانــی رۆژئاوا و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان؟**

- دانیشتوانی هەولێر زامنی سەرەکی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری شارەکەیانن و پاڵپشتی هەڵۆکانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگاکانی تری وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەن، کە شــەو و رۆژ لەخزمەتی هاووڵاتیانــدان و توانیویانە سەروماڵیان پارێزگاری لێبکەن، ئەمڕۆ توانای هێزەکانی ناوخۆو ســەروەری یاسا زۆر بۆ پێشــەوەچووە، ئەمەش بۆ سەروەریی یاســاو پایتەختی گەشتیاری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ گرنگە.



# ساڵی نوێ.. هەولێر وەک پایتەختی گەشتیاریی


عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

وا چاوەڕوان دەکرێت ساڵی نوێی (٢٠١٤) هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاریی، چەندین پڕۆژەو چالاکیی گەشتیاریی بەخۆیەوە ببینێت.

بۆیە ئەگەرچی گەشتیاریی جاران وا پێناسە دەکرا کە بریتییە لە چوونە دەرەوەی مرۆڤ و، دەرچوون لە رۆتینی کاری رۆژانی ئاسایی ئیدی بۆ هەر مەبەستێك بوویێت ئەو دەرچوونە.

بەڵام ئەمرۆ گەشتیاریی بریتییە لە چالاکییەکی مرۆیی کۆمەڵایەتی پشت بەستوو بە مەبەست و زیادکردنی زانیاری و جوانترکردنی رەفتار و هەڵس و کەوت.

هەروەها گەشتیاریی لە روانگەیەکی ئابوورییەوە بریتییە لە کارێکی بەرهەمهێنەر و، لە روانگەیەکی کرداری و پراکتیکیشەوە بریتییە لە هونەری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و، لە روانگەی فەلسەفەشەوە بریتییە لە رەگەزێك لە رەگەزە بنەڕەتیەکانی ئازادیی مرۆڤ.

بۆیە ئێستا گەشتیاریی چۆتە بواری گەشەپێدانەوەو، ناوەڕۆکی گەشەپێدانی گەشتیارییش یەکسان بووە بە پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەو، چەمکی گەشتیاریی ژینگەییش هاتۆتە ئاراوە وەك گەشتیاریی هاوڕێی ژینگەو رەوشتی ژینگەیی، چونکە گەشتیاران لە هەر گەشتوگوزارێکیاندا ئەگەر ئاگادار نەکرێنەوە زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن لە بوارەکانی پیسکردنی ئاو و هەواو خاك و زیان گەیاندن بە ئاسەوارەکان و، زۆر بەکارهێنانی کارەباو، دروستکردنی ژاوەژاو و...تاد.

بۆیە وەك ژینگە بڕبڕەی پشتی گەشتیارییە، لەهەمانکاتیشدا گەشتیاران زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن، بۆیە پێویستە بەشێکی زۆری ئەو پارەو سەرمایەیەی کە لە کەرتی گەشتوگوزاردا دێنە دەست، جارێکی دی لە چاککردنی ژینگەی ئەو شوێنە گەشتیارییانەدا خەرج بکرێنەوە بەتایبەت کەرتی گەشتیاریی ساڵ لە دوای ساڵ پارەی زیاتر وەدەست دەهێنێت، هەروەکو رێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی (WTO) راگەیاندووە کە لە ساڵی (١٩٧٠)دا، داهاتی جیهان لە گەشتوگوزاردا (٢٢)ملیار دۆلار و، لە ساڵی (١٩٩٠)دا بەرزبۆتەوە بۆ (٣٠٠)ملیار دۆلار و، لە ساڵی (٢٠٠٤)یشدا گەیشتۆتە (٩٠٠)ملیار دۆلار و، ساڵانەش بڕی ئەم داهاتە روو لەزیادبوونە.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە ساڵانەش نزیکەی (١)ملیار مرۆڤ گەشت بە جیهاندا دەکەن بۆ گەشتوگوزار کە نزیکەی (٢٥)ملیۆنیان روو لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن.

هەروەها دەرکەوتووە کە بواری گەشتیاریی دەبێتە مایەی جوڵاندنی (٢٣)پیشەی ئابووری وەك گواستنەوەو گەیاندن و چێشتخانەو هۆتێل و شانۆو، مۆزەخانەو، پێشانگاو، جۆرەکانی وەرزش و، پارك و، راوی ماسی و، بەکارهێنانی کەشتی و، ئەسپ سواریی و...تاد.

بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی عێراقدا هەردوو وەزارەتی ژینگەو گەشتیاریی و بەهەماهەنگیی لەگەڵ هەردوو دەستەی ژینگەو گەشتیاریی هەرێمی کوردستاندا، لەسەر پڕۆتۆکۆلێکی هاوبەش رێکبکەون کە چەندین خاڵ لە خۆبگرێت بۆ نموونە:-

١. پەرەپێدان بە چەمکی گەشتیاریی ژینگەیی.

٢. دانان و تەرخانکردنی بڕێك لە داهاتی گەشتیاریی بۆ چاککردنی ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکان.

٣. هەماهەنگیی کردن لەگەڵ فەرمانگەی شوێنەوارو ئاسەوارەکان.

٤. کردنەوەی یەکەی پۆلیسی گەشتیاریی و، ئامادەکردنی رێبەری گەشتیاران.

٥. دانانی مەرجەکانی ژینگە لەسەر وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا.

٦. کارکردن بە رێنماییە نێودەوڵەتیەکان لە بواری گەشتیاریی و ژینگەدا.

هەموو ئەمانەش لە روانگەی ئەوەی کە گەشتیاری ژینگەیی لەسەر چەند بنەمایەك وەستاوە لەوانە:

یەکەم: پابەندبوون بە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە.

دووەم: سوود وەرگرتنی دانیشتووانی ناوچە گەشتیارییەکان لەداهاتی گەشتیاریی.

سێیەم: هاوکاریی نێوان سێکتەر و کەرتەکانی کار.

چوارەم: رەچاوکردنی توانای ناوچەکە بەژمارەی گەشتیاران.

پێنجەم: هەبوونی هۆکاری گواستنەوەی خاوێن.

شەشەم: هەبوونی کارگەکانی ریسایکلینگ، چونکە کەڵەکەبوونی خاشاك یەکێکە لەئاسەوارە نێگەتیڤەکانی گەشتیاریی.

**پێویستە بەشێکی زۆری ئەو پارەو سەرمایەیەی کە لە کەرتی گەشتوگوزاردا دێنە دەست، جارێکی دی لە چاککردنی ژینگەی ئەو شوێنە گەشتیارییانەدا خەرج بکرێنەوە بە تایبەت کەرتی گەشتیاریی ساڵ لە دوای ساڵ پارەی زیاتر وەدەست دەهێنێت**



# تەنگژەی ئێستای تورکیا کێشەی گەندەڵییە یان شەڕی دەسەڵاتە



لینۆر مارتین بۆ گوڵان:

**پێموانییە هەمان هاوکاری لە نێوان بزووتنەوەی خزمەت و پارتی موعارەزەدا بێتەدی، وەک ئەوەی لە نێوان ئاک پارتی و بزووتنەوەی خزمەتتدا هەبوو**



جەنگیز چاندار بۆ گوڵان:

**ئەردۆگان لە ئێستادا دەیەوێت بیسەلمێنێت بەبێ پشتیوانی گولەنیەکانیش دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**



لە ســاڵی ٢٠٠٢ – ٢٠١٣ کە پارتی داد و گەشەپێدان حکومڕانی تورکیای گرتۆتە دەســت، تورکیا لە هەموو رووبەکەوە گۆڕانکاری بەرچاوی بەدەستهێناوە و ئابووری تورکیا هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە، هەروەها تورکیا وەك هێزێکی هەرێمی کاریگەریشــی لەسەر ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و دەوڵەتانی ئاســیای ناوەڕاست رۆڵی خۆی گێــڕاوە، ئەمە بێجگە لــەوەی یەکێکە لە هاوپەیمانــە دێرینەکانی پەیمانی باکوری ئەتڵەســی و کاندیدی یەکێتی ئەوروپا.

تورکیا لەماوەی ١٠ ســاڵی رابردوودا توانی سیاســەتی ســفر کێشــە لەگەڵ دراوســێکانی پیادە بکات، بەڵام گۆڕانکارییەکانــی وڵاتانــی عەرەبی و دروســتبوونی جیاوازی لەهەڵوێســتی تورکیا لە هەمبــەر چۆنیەتی سەیرکردنی ئەم کێشــانە، سیاسەتی سفر کێشە جارێکی دیکە ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا کە حکومەتی داد و گەشەپێدان ئامانجی پێی بوو، هەربۆیە ئەم حاڵەتە جیا لەوەی بووە فاکتەرێك بۆ ئەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیــا وەك کارتێکــی گوشــار دژی حکومەتەکەی ئــەردۆگان بەکاری بهێنــن، لەهەمانکاتــدا جیاوازی لەنێوان گرووپی گولەنیــەکان و ئەندامانی پارتی داد و گەشەپێدان دروست کرد، هەر بۆیە ئەو تەنگژە گەورەیەی کە ناوەڕاستی ئەمساڵی ٢٠١٣ـەوە بە خۆپیشاندانەکانی تەقسیم و پارکی جیزی لە ئەستەنبوڵ دەستیان پێکرد، لە ١٧ی دیســمبەر بووە ناکۆکی نێوان گرووپی گولەنیەکان و حکومەتــی تورکیــا، بۆیە ئەگەر ئــەو تەنگژەی کە لەمانگــی حوزەیرانی رابــردوو پارکی جیزی روویدا بەو جۆرە ســەیرکرابێت کە ئــەو رووداوە وەك کارتێك لەدژی حکومەتــی پارتی داد و گەشــەپێدان لەلایەن دەســتی دەرەکیەوە پیادەکرابێت و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا ئەو هەلەیان قۆســتبێتەوە، ئەوا ئەمجارەیان کێشەکە هاتۆتە ناو ماڵی پارتی داد و گەشەپێدان و ناو حکومەتی تورکیاوە، لەبەر ئەوەی گرووپی گولەنیەکان لەماوەی ١٠ ســاڵی رابردوو پشتیوانیەکی بەهێزی پارتی داد و گەشپێدان بوون و لەناو جومگە سەرەکیەکانی دەســەڵاتی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا نفوزێکــی گەورەیان هەبــووە وەك (ناوەندەکانی پۆلیــس، دامەزراوەی دادوەری، بزنــس و کۆمپانیاکان، هەروەها نفوزێکی گەورەشــیان لەنێو راگەیاندنی تورکیا هەبــووە بــە بینراو و بیســتراو و نووســراوەوە)، کەواتە تەنگژەی ئەمجارەی تورکیا لە چەند رووبەکەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی جیزی پارك و دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. خۆپیشــاندانەکانی جیزی پــارك بەوجۆرە خۆی وێنا دەکرد بەوەی رەوتێکی سکولاریزم ناڕەزاییە لە هەنگاوەکانی پارتی داد و گەشــەپێدان لەبەر ئەوەی دەیەوێت سیمای سکۆلاریزم بسڕیتەوە.

٢. خۆپیشــاندانەکانی جیزی پارك لە ناوخۆ لەلایەن ئەو حزبانەوە پشــتگیری دەکران کە بە حزبی ناسیۆنالیستی تورکی ناســرابوون و بەرگریان لە کەلتوری سکۆلاریزمی ئەتاتورك دەکرد، ئەم حزبانە پێشــتر تورکەکانیان نائومێد کردبوو بۆیە نەیاندەتوانی پشــتگیری جەماوەری فراوان بەدەست بهێنن.

٣. هــۆکاری دەرەکــی لــە خۆپیشــاندانەکانی جیزی پارك راشــکاوانەتر و دیارتر دەردەکەوتــن، بەتایبەتی کە عەلەوییەکانی تورکیا بە رێژەیەکی زۆر لەو خۆپیشاندانانە رۆڵیان هەبــوو، ئەمەش وەك دژایەتیەك بۆ سیاســەتی حکومەتی تورکیا بەرامبەر رژێمی ئەسەد دەخوێنرایەوە.

ئەگەر لەبەرامبەر ئەم چەند خاڵە سەرەکیە ئەو تەنگژەیەی ئێستا بەراورد بکەین کە رووبەرووی حکومەتی تورکیا بۆتەوە، هەست دەکەین جیاوازییەکی گەورە هەیە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. حکومەتی تورکیا لەیەکەم کاردانەوەی بەرامبەر ئەم تەنگژەیە بە تەنگژەی (دەوڵەت لەناو دەوڵەت) ئاماژەی پێکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە تەنگژەی ئەمجارە لەناو جومگەکانی دامەزراوەکانی حکومەت و دەوڵەتی تورکیایە.

٢. ئەو دەزگا راگەیاندنانەی ناوخۆی تورکیا کە ئەم تەنگژەیە گەورە دەکەنەوە و بازاڕ گەرمی بۆ دەکەن وەك تەنگژەیەك کە حکومەت رووبەرووی بۆتەوە، ئەو دەزگایانەن کە پێشتر پشتگیری سیاسەتی پارتی دادو گەشەپێدانیان دەکرد و ئێستا گرووپی گولەنیەکان نفوزێکی گەورەیان لەنێو ئەو دەزگا راگەیاندنانە هەیە، بۆیە ئەم گەورە کردنەوەیە کاریگەری لەسەر رای گشتی تورکیا دروستکردووە.

٣. بەهۆی ئەوەی گرووپی گولەنیەکان لە دەسەڵاتی دادوەریدا خاوەنی نفوزێکی گەورەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر تێڕوانینی حکومەت بۆ دەسەڵاتی دادوەری دروستکردووە، ئەم تێڕوانە بە گومانەی حکومەت بۆ دەسەڵاتی دادوەری وایکردووە ئەم چۆنیەتی رەفتارکردنی حکومەت لەگەڵ گەندەڵکاران لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە رووبەرووی رەخنە بێتەوە.

سەبارەت بەم خاڵە پرسیارمان لە رۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیا جەنگیز چاندار کرد ئەو لەوەڵامی پرسیارەکەی گوڵان سەبارەت بەوەی حکومەتی تورکیا بۆچی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پرسی دادوەری بۆ چارەسەری دۆسیی گەندەڵی دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە جەنگیز چاندار بە گوڵانی راگەیاند:

(ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە. یەکێکیان شەڕی دەسەڵاتە لەنێوان ئەردۆگان و گولەنی-یەکان، بۆ ئەمەش ئەردۆگان وا بیردەکاتەوە ئەگەر ئەم دۆسییە بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوا لە بەرژەوەندی گولەنی-یەکانە و فێڵی لێدەکرێ. ئەویتریان ئەوەیە ئەردۆگان ترسی ئەوەی هەیە ئەم پرسە بکرێتە پرسێکی سیاسیی دژ بە حکومەتەکەی و بەکاربهێنرێت بۆ کەسە نزیکەکانی، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە. لەمەش زیاتر ئەردۆگان لەو قەناعەتەیە دەنگی گرووپی گولەنیەکان رێژەیەکی ئەوتۆ نییە بتوانێت گۆڕانکاری سیاسیی رووبدات، بۆیە لە ئێستادا دەیەوێت بیسەلمێنێت بەبێ پشتیوانی گولەنیەکانیش دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئایا ئەردۆگان دەتوانێت ئەمە بەسەلمێنێ؟ بێگومان هەڵبژاردنی ئاداری داهاتوو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە).

**ئەو دەزگا راگەیاندنانەی ناوخۆی تورکیا کە ئەم تەنگژەیە گەورە دەکەنەوە و بازاڕ گەرمی بۆ دەکەن وەک تەنگژەیەک کە حکومەت رووبەرووی بۆتەوە، ئەو دەزگایانەن کە پێشتر پشتگیری سیاسەتی پارتی دادو گەشەپێدانیان دەکرد و ئێستا گرووپی گولەنیەکان نفوزێکی گەورەیان لەنێو ئەو دەزگا راگەیاندنانە هەیە**

## شەڕی دەسەڵات
## پێش دەسپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

یەکێك لە سیما جوانەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی کراوە و هیچ شتێکی تێدا پەردەپۆش ناکرێت و ناشاردرێتەوە، لەمەش گرنگتر لە کۆمەڵگەی کراوەدا هیچ شتێك ناکەوێتە سەرووی ئازادی مرۆڤەوە، بۆیە هەنگاوەکانی حکومەت یان دەوڵەت کە بەپێی پرانیسپی یاسای دەستووری تەنها دامەزراوەن کۆنترۆڵی هێز و دەسەڵات بکەن بۆ راگرتنی نیزام سەقامگیری، ئەوا دەوڵەت هەرچۆنێك بێت ئەو هێزە شەرعیەی لەبەردەستیەتی بەکاری بهێنێت بۆ راگرتنی سەقامگیری و پیادەکردنی نیزام، ئەوا بەشێوەیەکی رێژەیی سەیر دەکرێت و ئەو رەفتارانە هەمووی دەکەونە ژێر رەخنەی ئەو حاڵەتانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازادی تاکەکان سنووردار دەکات، لەلایەکی دیکە پێکهاتەی رۆشنبیری سیاسیی لە وڵاتدا کاریگەری گەورەی لەسەر ئاستی کرانەوە و داخرانی کۆمەڵگەی دیموکراتیەکان هەیە، هەر بۆیە ئەگەر ستاندەری کۆمەڵگەی کراوە بکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمە دیموکراتیەکان، ئەوا رۆشنبیری سیاسیی کۆمەڵگە پلەبەندی جیاواز لەنێو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان دروست دەکات، هۆکاری ئەم پلەبەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆشنبیریە سیاسییەی حزبە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەی لەسەری دروست بووە و ئەو رۆشنبیریە بۆتە نەریتی کۆمەڵگە بۆ چۆنیەتی دامەزراندن و رەفتار و مامەڵەی حزبە سیاسییەکان، ئەمەش وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (بنەچەی سیستمی سیاسیی – The Origen of Politic Order) ئاماژەی پێکردووە، نەریتی کۆمەڵگە کاریگەری گەورەی لەسەر شێوازی دروست بوونی دامەزراوە سیاسییەکان هەیە، ئەم نەریتە شێوازی پابەندبوون بە دامەزراوەکان دیاری دەکات و ئەمەش مانای ئەوەیە شێوازی پابەند بوون بە دامەزراوەکان دەبێتە شتێکی فیکری نەك ئاکارێك هاووڵاتیان فێربکرێن، ئەم حاڵەتە تارادەیەکی زۆر بۆ هەموو دامەزراوە سیاسییەکان پراکتیزە دەبێت، بە حزبە سیاسییەکانیشەوە کە یەکێکن لە دامەزراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەمەش زیاتر رەنگدانەوەی نەریتی حزبایەتی لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم یان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لەبەر ئەوەی نەریتێکی دامەزراندنی حزبە لەسەر شێوازی هەیکەلی حزبە کۆمۆنیستیەکان، ئەوا وەك ئیڤان دۆهەرتی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی حزبی سیاسی لە ئامۆژگای (NDI)ی ئەمریکی ئاماژەی پێکردووە، ئەم نەریتە بۆتە هۆکاری ئەوەی حزبی دیموکراتی بەهێز لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو زۆر دەگمەن بوونی هەبێت و، حزبی سیاسیی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەوەیە بەهێزە دیموکراتی نییە، یان

ئەوەیە دیموکراتیەو بەهێز نییە، ئەگەر ئەم خستنەرووەی ئیڤان دۆهرتی بە بۆچوونەکەی فۆکۆیاما گرێبدەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوەی شێوازی حزبە سیاسییەکان و مامەڵەیان لە ژینگەی دیموکراتی دیاری دەکات، ئەو نەریتە سیاسییەی کۆمەڵگەیە نەك فێربوونی رێساکانی دیموکراتی، ئەمەش وایکردووە چەسپاندنی رێساکانی گەمەی دیموکراتی کاتێکی زۆری بوویت، لەبەر ئەوەی بوونی رێساکانی گەمەی دیموکراتی بە نەریتی کۆمەڵگە ماوەیەکی هێجگار زۆری دەوێت.

ئاماژە دان بەم لایەنە بۆ خوێندنەوەی شێوازی حزبە سیاسییەکانی تورکیا و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەمەی دیموکراتی، دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو نەریتە سیاسییەی کۆمەڵگەی تورکیا کە شێوازی حزبە سیاسییەکانی تورکیا دیاری دەکات، کە ئەو دوو شێوازەش یەکەمیان نەریتی سیاسی خەلافەتی عوسمانیە کە لە کۆمەڵگەی تورکی رەگی داکوتاوە، دووەمیشیان نەریتی سیاسیی سکۆلاریزمی ئەتاتورکە کە ئەویش ماوەی ٩٠ ساڵە لە تورکیا پیادە دەکرێت، ئەگەر بەمدیووە سەیری هاوکێشەی سیاسی تورکیا بکەین، هەستدەکەین حزبە سیاسییەکانی تورکیا لەسەر دوو پاشخانی نەریتی سیاسیی کۆمەڵگەی تورکیا دروست بوون، لە ئێستادا هەردوو شێوازی حزبەکان دەیانەوێت لە چوارچێوەی رێسای گەمەی دیموکراتی، نەریتی سیاسی خۆیان بکەنە نەریتی سیاسیی سەرەکی کۆمەڵگەی تورکی، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت شەڕی هەڵبژاردن لە تورکیا لە ئێستا شەڕی ململانێی نێوان دوو نەریتی سیاسیە، بۆیە کاتێك تەنگژەیەکی لەمجۆرە دێتە پێشەوە خودی تەنگژەکە دەبێتە کەرەستەیەك بۆ شەڕی نێوان ئەو دوو نەریتە سیاسیە جیاوازە، لایەنی یەکەمیان کە ئێستا پارتی داد و گەشەپێدانە لەهەوڵی ئەوەدایە ئەم کێشەیە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتووش بباتەوە، لایەنی دووهەم کە حزبەکانی جەهەپە و مەهەپەن، دەیانەوێت ئەم کێشەیە زیاتر قوڵبکەنەوە بۆ ئەوەی داد و گەشەپێدان لەدەسەڵات دووربخەنەوە، بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ئەوان (جەهەپەو مەهەپە) ئامادەن هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو لایەك بکەن بۆ ئەوەی ئەم کارەیان بۆ مەیسەر بێت، ئێستاش کە گرووپی گولەنیەکان وەك جەنگیز چاندار ئاماژەی پێدەکات دەنگێکی هێندە زۆرنین کە بتوانن گۆڕانکاری سیاسی دروست بکەن، ئەوا ئەگەری هاوپەیمانی ئەوانە لەگەڵ پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبێتە جێگەی نیگەرانی و مەترسی بۆ سەر ئایندەی پارتی داد و گەشەپێدان، سەبارەت بەم ئەگەرە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لینۆر مارتین ئوستادی زانستی سیاسەت و تۆژەری باڵا لە زانکۆی هارڤارد کرد، بەوەی ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە گرووپی گولەنیەکان و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لێك نزیك دەکاتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە خاتوو لینۆر مارتین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت کە ئەردۆغان بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە دەسەڵاتدایە، شتێکی نائاسایی نییە کاتێك حکومەت بۆ ئەو ماوە دووردرێژە لە دەسەڵاتدا بێت دووچاری کێشەی جدی ببێتەوە کە پەیوەستبن بە گەندەڵیەوە. لە راستیدا، ئەوە یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکیەکانی دۆڕانی پارتە هاوپەیمانەکانی دەسەڵات لە هەڵبژاردندا، ئەویش پێش ئەوەی ئاك پارتی دەسەڵات بگرێتەدەست، هەروەها بە دڵنیاییەوە پێدەچێت لە دۆخی ئێستادا، شوێنکەتوانی فەتحوڵا گولەن و ئاك پارتی لە ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا بن. لەم ساتەوەختەشدا ئاساییە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن رەخنە لە گەندەڵی نێو حکومەت بگرن و کار لەسەر لاوازییەکانی حکومەت بکەن، کە هەر پارتێکی موعارەزەی دیکە لە جیهاندا لە هەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا هەمان هەڵسوکەوت دەکات. پێموانیە هەمان هاوکاری لە نێوان بزووتنەوەی خزمەت و پارتی موعارەزەدا بێتەدی، وەك ئەوەی لە نێوان ئاك پارتی و بزووتنەوەی خزمەتتدا هەبوو. چونکە هەندێ جیاوازی ئایدۆلۆجی راستەقینە هەن لە نێوان بزوتنەوەکە و-بۆ نموونە- پارتی موعارەزەی سەرەکی «جەهەپە». بەڵام روون نییە ئایا پارتە سەرەکیەکانی موعارەزە «جەهەپە و مەهەپە» لە پێگەیەکی بەهێزدان بۆ ئەوەی سوود لەم کەیسی گەندەڵیە وەربگرن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. خەڵکی تورکیا خەڵکێکی زۆر موحافیزکارن، کە لە پیشتیوانیکردنیاندا بۆ پارتی جەهەپەی موعارەزە، یان بۆ مەهەپە- کە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی توندە- هەست بە ئاسودەیی ناکەن. رەنگە ئاك پارتی بە رادەیەك لاواز بێت کە ژمارەیەکی زیاتری پاڵێوراوی سەربەخۆ یان پاڵێوراوی موعارەزە سەرکەوتووبن لە هەڵبژاردنە مەحەلیەکاندا. رەنگە ئەمەش وا لە دەنگدەری تورکی بکات کە بە شێوەیەك دەنگ بدەن کە حکومەتێکی هاوپەیمانی بێتەسەر دەسەڵات-و پێکبهێنرێت- لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەوە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر لینۆر مارتین و ئەوەشی جەنگیز چاندار ئاماژەی پێدەکەن، ئەوەیە کە ئەگەری هاوپەیمانی نێوان گرووپی گولەنیەکان و پارتەکانی (جەهەپە و مەهەپە)، ئەگەرێکی یەکجار دوورە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەرکی ئەردۆگان و پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنی داهاتوو قورس دەبێت، بەڵام ئەم قورسییە بۆ بەرژەوەندی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن نابێت و ئەگەری ئەوە هەیە ئەگەر گرووپی گولەنیەکان و کاندیدی سەربەخۆش بەشداری بکەن، دەنگەکان بۆ بەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆن نەچێت، راستە لەوانەیە هەندێك لە دەنگەکانی پارتی داد و گەشە پێدان کەم بکات، بەڵام ئەو نەریتە سیاسییەی خەریکە جێگەی نەریتی سکولاریزمی ئەتاتورك دەگرێتەوە بەهێزتر دەبێت.

**ئەگەر ستاندەری کۆمەڵگەی کراوە بکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمە دیموکراتیەکان، ئەوا رۆشنبیری سیاسیی کۆمەڵگە پلەبەندی جیاواز لەنێو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان دروست دەکات**

**شەڕی هەڵبژاردن لە تورکیا لە ئێستا شەڕی ململانێی نێوان دوو نەریتی سیاسیە، بۆیە کاتێک تەنگژەیەکی لەمجۆرە دێتە پێشەوە خودی تەنگژەکە دەبێتە کەرەستەیەک بۆ شەڕی نێوان ئەو دوو نەریتە سیاسیە جیاوازە**

## سامی کۆهین بۆ گوڵان:

# ئەردۆگان هێندە لەخۆی رادەبینێت دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکانی ئادار سەرکەتووبێت و راستی خۆی بسەلمێنێت



ئەو تەنگژەیەی ئێستا رووبەرووی حکومەتی تورکیا دەبێتەوە، خوێندنەوەی هەمەلایەنەی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی کە تورکیا بەرەو هەڵبژاردنی شارەوانیەکان هەنگاو هەڵدەگرێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پێکەوە ئەنجامبدات، بۆیە لەم قۆناخەدا ئاساییە حکومەتی تورکیا رووبەڕووی کێشەی جددی بێتەوە، هەروەك چۆن لە حوزەیرانی رابردوو رووبەڕووی کێشەی خۆپیشاندانەکانی پارکی جیزی بۆەوە، لەلایەکی دیکەش ئێستا تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئیقلیمی کاریگەر، هەموو کێشەکانی رەنگدانەوەی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، ئەم وتووێژە تایبەتەمان لەگەڵ رۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا و ستوونووسی رۆژنامەی میللیەت سامی کۆهین ئەنجامدا، کۆهین لەم وتووێژە تایبەتەدا راشکاوانە و بە شێوەیەکی واقیعی ئەم تەنگژەی ئێستا تاوتۆ دەکات و بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** ئەمە جاری دووەمە تورکیا ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە- جاری یەکەم ڕووبەڕووی خۆپیشاندان بۆوە لە ئەستەنبول، ئەمجارەیان لەگەڵ باڵی ئیسلامی بزووتنەوەی فەتحوڵا گولەندا، بۆچی ئەمە لە سەردەمی کابینەکەی ئەرۆدغاندا ڕوودەدات، لە کاتێکدا بەرەوپێشچوونی باش و هەنگاوی باش هەڵگیراوە؟**

- ئەم فەزیحەتی گەندەڵیە کە پەردەی لەسەر لادرا، ڕەهەندی جیاوازی هەیە، لایەنێکی -ئیتیکی- ئەخلاقی هەیە، کە هەندێ کەسی نزیک، منداڵی هەندێ لە وەزیرەکانی کابینەکە لە گەندەڵی و لە بەرتیل وەرگرتن و ڕەفتاری نامۆڕاڵییەوە تێوەگلان. لە هەر وڵاتێکدا ئەمە ڕوودەدات- جگە لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکان کە هەموو شتێك کپدەکرێت و بێدەنگ دەکرێت-، مەبەستم لە وڵاتی دیموکراتیە، ئەوا ئاساییە کە ئاشکرابکرێت و پەردەی لەسەر لابدرێت و ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبێت لە دەرخستنیدا. دواجار ئەمە لە زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا ڕوویداوە، هەر لە ئیتاڵیاوە تاوەکو ئەڵمانیا و زۆرێك لە وڵاتانی دیکە. هەر کاتێك ئابڕووچوونێکی ئاوا ڕوویدات، ئەوا ئەرکی حکومەتە- حکومەتی دیموکراسی- کە ڕێکاری یاسایی بگرێتەبەر، و چەمکی کۆمەڵگەیەکی خاوێن بگرێتەبەر و ئەوانەی بەرپرسبن لێی لە پۆستەکانیان لابدرێن. بەڵام بە داخەوە لەم حاڵەتەدا لە تورکیا، مەسەلەکە بەم ئاقارەدا نەڕۆیشت، لە سەرەتاوە سەرۆك وەزیران ڕایگەیاند ئەگەر تۆمەتەکانی گەندەڵی ڕاست بن، ئەوا هەمیشە حکومەت- ڕێکاری خۆی دەگرێتەبەر-، بەڵام حکومەت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی خاوێندایە و- و دەستی لەم مەسەلەیەدا نییە- هیچ پەیوەندیەکی بە حاڵەتی لەم شێوەیەوە نەبووە، کەواتە ئەگەر ئەمە ڕاست بێت و تەنها قسە نەبێت، ئەوا ئەم کێشەیە چارەسەردەبوو، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی قەزائی ڕێکاری خۆی دەگرێتەبەر و ئەو کەسانە دەستگیر دەکات و دادگاییان دەکات و ڕای گشتیش ڕازی دەبوو. بەڵام مەسەلەکە بەم ئاقارەدا نەڕۆیشتووە، هەر لە سەرەتاوە حکومەت و بە تایبەتی سەرۆك وەزیران پێچەوانەی ئەم کارەیان کرد، واتە لەبری ئەوەی ڕێکاری یاسایی بگرێتەبەر و داوا لەو سێ یان چوار وەزیرە بکات کە دەستبەجێ دەست لە کاربکێشنەوە، ئەوا پارێزگاری لێکردن و پارێزگاری لە حکومەت کرد. لەوە زیاتر و لەوەش خراپتر دەستی کرد بە پاکتاوکردنی بەرپرسەکانی نێو دەسەڵاتی قەزائی و هێزی پۆلیس، ئەوانەی کاری لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام دابوو، مەبەستم لەو کەسانەیە کە لێکۆڵینەوەیان کردبوو بۆ دەرخستنی ڕاستی، یاخود بەلای کەمەوە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەو-کەسانە- لە بەرتیل وەرگرتن و گەندەڵییەوە تێوەگلاون. کەواتە ئەم کەسانە بوونە ئامانج، کە لە ماوەی دو ڕۆژدا- ئەمە جێی سەرسوڕمانی هەموومان بوو-، لەبری ئەوەی دەست بە ئیجرائاتی یاسایی بکرێت، ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجامدابوو لە کارەکانیان دەرکران، ئەمەش بە هەموو پێوەرێك کارێکی نادیموکراتیە. ئەمە ڕەهەندێك. ڕەهەندێکی دیکەی بریتییە لە ململانێی نێوان ئاك پارتی و گرووپی گولەن، ئێمە دەزانین تا ئەم دواییە...جۆرێك لە هاوپەیمانێتی لە نێوان ئاك پارتی گرووپی گولەندا هەبوو، کە گرووپی گولەن پشتیوانیەکی زۆری ئاك پارتی دەکرد و ئاك پارتیش پشتیوانیەکی زۆری گرووپی گولەنی دەکرد، کەواتە کێشەیەك لە نێوانیاندا نەبوو تا ئەم دواییە، بەڵام بەم دواییە هەندێ لە قسە و لێدوانەکانی ئەردۆغان کەوتە بەر ڕەخنەی فەتحوڵا گولەن، کە گولەنیش وەك زۆر کەسی دیکە ڕەخنەی زۆری هەبوو-گولەنیش زانا و کەسێکی ئاینیە-. بەڵام هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد ئێمە لەم ساڵدا و لە حوزەیراندا خۆپیشاندانمان بینی لە جیزە پارك- کە ئەمە ئەو بەشەی کۆمەڵگەی تورکی بوو کەپتر دیموکراتی و لیبراڵ بوو-...ئێستا سەرە هاتۆتەسەر گرووپی گولەن، کە حکومەت زۆر قەڵسە بە تێڕوانینە ڕەخنەگرەکانی فەتحوڵا گولەن، لەبەر ئەوە ئەمەی بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی هەر کەسێك پشتیوانی لە گولەن بکات- ئیتر لە هێزی پۆلیسدا بێت یان دەسەڵاتی قەزائیدا- دەریان بکات لە کارەکانیان، لەبەر ئەوە لە پرێکدا دۆخێکی پڕ لە گرژی بۆ دروست بوو. مەسەلەکە هەر ئەوەنییە کە تۆ گومانی ئەوەت لێبکرێت پشتیوانی لە گرووپی فەتحوڵا گولەن دەکەیت، بەڵکو کەسێکی وەك بەڕێوەبەری پۆلیس کە ئەرکێکی گرنگی لەسەرشانە و ناچار بوو ڕاپۆرت بۆ وەزیری ناوخۆ بەرزبکاتەوە- ئەمەش مەسەلەیەکی مشتومڕ هەڵگرە- لەبەر ئەوەی ئەگەر بەڕێوەبەری پۆلیس ئەم ڕاپۆرتەی بۆ وەزیری ناوخۆ بەرزبکردایەتەوە کە کوڕەکەی لە تۆمەتی گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتنەوە تێوەگلابوو، چۆن ئەم کەیسە ئاشکرا دەبوو، ئایا وەزیر قبوڵی دەکرد و ئایا وەزیر ڕێگەی بە بڵاوبوونەوەی دەدا. ئێستا حکومەت ڕێسایەکی نوێی داناوە، هەر کەسێك کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، دەبێت ڕاپۆرتەکەی بداتە بەرپرسی سەروخۆی، واتە بیدەن بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری پۆلیسیش بیداتە وەزیری ناوخۆ، ئەمەش لەگەڵ ستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپا یەك ناگرێتەوە، لە کاتێکدا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە بەشێك لە یەکێتی ئەوروپا، کە بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپاش لە برۆکسل و هەروەها لە ستراسبۆرغ- لە پەرلەمانی ئەورووپی- ڕەخنەیەکی زۆریان لە حکومەتی تورکیا گرت کە ئەوەی کردویەتی نادیموکراتیە و ناکۆکە لەگەڵ هەوڵی تورکیا بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپا، کەواتە ئەمە ڕەهەندی دووەمی ئەم کەیسەیە. ڕەهەندی سێیەم پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوە هەیە، لە پرێکدا دەبینین سەرۆك وەزیران لێدوانی توند دەدات... لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی دەکرێت لە ئازاری ساڵی داهاتوودا، ئەوا لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەچێت و بە ناو خەڵکدا دەگەڕێت...و پێیان ڕادەگەیەنێت کە پیلانێکی دەرەکی هەیە لەلایەن کەسانی دەرەکییەوە. هەفتەی ڕابردو سەرۆك وەزیران لێدوانێکی زۆر توندی دژی باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە -فرانسیس ریتچاردۆنی- دا، کە ئەوەندە توند بوو ڕایگەیاند باڵیۆزەکە کەسێکی خوازراو نییە و ئێمەش ناچارنین لە خاکی خۆماندا قبوڵی بکەین، ئەمە ڕەخنەیەك نەبوو قابیلی قبوڵ بێت- بە چاوپۆشین لەوەی ئایا هۆکارێك هەبێت- ئەو باوەڕە دروست بکات- کە باڵیۆزی ئەمریکا تێوەگلابێت-

**ئەو ڕێسایەی ئێستا حکومەت لە لێکۆڵینەوەکان پیادەی دەکات، لەگەڵ ستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپا یەک ناگرێتەوە، لە کاتێکدا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە بەشێک لە یەکێتی ئەوروپا**

**ئێستا کاردانەوەیەکی بەهێز لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و لەلایەن ئەمریکاوە هەیە و تورکیاش لەم کەیسەدا زەمینەی خۆی لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە دەست دەدات**

**لەم کەیسەدا تورکیا دووچاری دۆڕان دەبێتەوە و هیچ شتێک بەدەست ناهێنێت، تاکە ڕێگای دەربازبوون ئەوەیە ئیدارەیەکی باشی قەیرانەکە بکرێت و ئابڕووچوونەکە لە مەودای خۆدا بهێڵرێتەوە و چارەسەر بکرێت**

**ڕەنگە ئاك پارتی هەندێ لە پشتیوانی لەدەست بدات، بەڵام هێشتا سەرۆك وەزیران و سەرکردایەتی ئاك پارتی باوەڕیان وایە سەرکەوتوو دەبن**

**هەمیشە هەندێ گومان هەبووە لە تورکیا کە دەسەڵاتی قەزائی بە تەواوەتی سەربەخۆ نییە، چونکە بینیومانە دەسەڵاتی قەزائی بە شێوەیەک کاری کردووە کە حکومەتەکەی ئاک پارتی ڕازی بکات**

ئەگەرچی ئەمریکا بە شێوەیەکی بنەبڕ ئەمەی ڕەتکردەوە و دیپلۆماتکارە ئەمریکیەکان هەوڵیاندا بەرپرسانی تورکیا دڵنیابکەنەوە و ڕایانگەیاند خۆشحاڵنین بەوەی بووترێت ئەوان تێوەگلاون و ڕوونیان کردەوە کە هیچ پەیوەندیەکیان بەم پرسەوە نییە. بەڵام بە داخەوە سەرۆك وەزیران هەڵوێستێکی جەماوەری گرتۆتەبەر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچێت و ڕایدەگەیەنێت هێزە دەرەکیەکان تێوەگلاون و لە ڕاستیدا هەندێ ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەکانی نزیك لە ئاك پارتی- کە ئەمە مایەی وروژاندن بوو-بڵاویان کردەوە گوایە باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ باڵیۆزی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کۆبۆتەوە و پێی ڕاگەیاندن پێویستە ئیمبراتۆریەتی تورکی هەرەس بهێنێت، باڵیۆزی ئەمریکا ئەمەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کۆبوونەوەی وا لەگەڵ باڵیۆزەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا نەکراوە و هەوڵێکی لەم شێوەیە لە ئارادانییە...وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش کە لە ئیحراجیەکی گەورەدا بوو ڕایگەیاند پێویست ناکات باوەڕ بەوە بکەین کە شتێکی لەم شێوەیە ڕوویداوە، کەواتە ئێستا کاردانەوەیەکی بەهێز لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و لەلایەن ئەمریکاوە هەیە و تورکیاش لەم کەیسەدا زەمینەی خۆی لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە دەست دەدات، چونکە ئەمریکا دۆست و هاوپەیمانێکی نزیکە، هەروەها زۆرێك لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاش، کە شەریکی بازرگانی تورکیان و وەبەرهێنانێکی زۆر لەم وڵاتانەوە لەتورکیا دەکرێت، وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا. بە گشتی ئیدارەیەکی هەڵەی ئەم ئابڕووچوونە کرا، واتە لەبری ئەوەی ئیدارەیەکی باشی ئەم قەیرانە بکرێت، لەبری ئەوەی هەموو ئامراز و کەناڵە دیپلۆماسیەکان بەکاربهێنرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چونکە ئەمە ئابڕووچوونێکی داراییە، واتە لەبری ئەوەی ئابڕووچوونەکە بخرێتە چوارچێوەیەکەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، ئەوا تەشەنەی کرد و کاری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش کرد و سەرکردایەتی تورکیا بەهای خۆی لە دەست دەدات و بۆرسەی تورکیا زیانی پێگەیشتووە، کەواتە لەم کەیسەدا تورکیا دووچاری دۆڕان دەبێتەوە و هیچ شتێك بەدەست ناهێنێت، ئەمەش جێی داخەو و هەروەك ئاماژەم پێکرد، تاکە ڕێگای دەربازبوون ئەوەیە ئیدارەیەکی باشی قەیرانەکە بکرێت و ئابڕووچوونەکە لە مەودای خۆدا بهێڵرێتەوە و چارەسەر بکرێت، بێ ئەوەی ڕێگە بە پەرینەوەی بدرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئابووری و پەیوەندیە دەرەکیەکان هەبێت.

*** ئاك پارتی خەلفیەتێکی ئیسلامی هەیە و لەلایەن گرووپەکەی گولەنەوە پشتیوانی دەکرا، هەموو ئەمانە وایانکرد ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بهێنێت، ئایا ئاك پارتی دەتوانێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە ئەگەر گرووپەکەی گولەن پشتیوانی لێ بکشێننەوە، ئایا گرووپەکەی گولەن ئەم کاریگەریەیان هەیە؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، کە بەشێکی گەورەی پشتیوانی جەماوەری ئاك پارتی ئەو کەسانەن کە پاڵپشتی گولەن دەکەن- بە دڵنیاییەوە ئەمە وایە-. بەڵام سەرکردایەتی ئاك پارتی باوەڕیان وایە ڕاستە ڕەنگە هەندێ زیان بکەن، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە چەسپاندن و تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکەیانەوە، ئەمە پرسی سەرەکیە و ئەمەش هەوڵی ئەردۆغانە کە دەسەڵاتی خۆی تۆکمە بکات. ئێستاش کە هەڵبژاردن دەکرێت لە ئازاردا، ئەوا لە هەموو خیتابەکانیدا هەمیشە جەخت لەسەر یەك خاڵ دەکاتەوە، کەبەلای ئەوەوە دیموکراسی بریتییە لە سندوقی دەنگدان، ئەو دەڵێت ئەگەر ڕەخنە هەیە و ڕەخنە لە سیاسەتەکانم دەگیرێت ئەوا — ڕاستی و دروستی ڕەخنەکان- لە هەڵبژاردندا یەکلادەبنەوە، واتە زۆر باوەڕی بە خۆیەتی کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت و باڵادەست دەبێت، بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوودا، ئاك پارتی زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەو باوەڕی وایە ئەگەر ئەو زۆرینەیە بەدەست بهێنێت، ئەوا دەتوانێت بیسەلمێنێت کە ڕاستە، ئەمەش مایەی مشت و مڕە، چونکە دیموکراسی تەنها سندوقی هەڵبژاردن نییە،.... بەڵام ئەو زۆر باوەڕی بە خۆیەتی کە سندوقی دەنگدان دەیسەلمێنێت ئەو ڕاستە، ئێستاش پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە تا چەند ئەوە متمانە بەخۆبوون و ئومێدێکی واقیعیە، ئێمە هەوڵدەدەین ڕاستی ئەمە بدۆزینەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕابردودا گرووپەکەی گولەن پشتیوانی ئاك پارتی کرد، بەڵام ئێستا ئاك پارتی ئەو پشتیوانیە لە دەست دەدات، ئەمەش لە کرداردا بە مانای ئەوە دێت کە سندوقەکانی دەنگدان پێچەوانەی- ئومێدەکەی ئەو- دەسەلمێنن. کەواتە بە گشتی ڕەنگە ئاك پارتی هەندێ لە پشتیوانی لەدەست بدات، بەڵام هێشتا سەرۆك وەزیران و سەرکردایەتی ئاك پارتی باوەڕیان وایە سەرکەوتوو دەبن، هەروەها پارتی موعارەزەش ئەوەندە بەهێز نییە، بەڵام لە کۆتاییدا سندوقی دەنگدان بڕیار دەدات و باوەڕ وایە کە ئاك پارتی بڕاوە دەبێت و بەدیلەکە-جەهەپە و پارتە بچووکەکانی دیکە- بەدیلی ڕاستەقینە نین.

*** بۆچی ئەردۆغان پشتیوانی حکومەت دەکات و دژی کەیسی گەندەڵیەکە دەوەستێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك دادگا سەربەخۆیە و ناکەوێتە ژێر کاریگەری حکومەت و موعارەزە و لایەنەکانی دیکە بۆ ئەوەی ئەم کەیسە یەکلابکاتەوە و ئایا بۆچی ئەردۆغان پشتیوانی لە وەزیرەکانی دەکات کە تێوەگلاون و بۆچی دادگا ڕاستی مەسەلەکە ئاشکرا ناکات؟**

- هەمیشە هەندێ گومان هەبووە لە تورکیا کە دەسەڵاتی قەزائی بە تەواوەتی سەربەخۆ نییە، چونکە بینیومانە دەسەڵاتی قەزائی بە شێوەیەك کاری کردووە کە حکومەتەکەی ئاك پارتی ڕازی بکات، لەبەر ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کراون، ئەوا داواکاری گشتی هێندە سەربەخۆ نییە، کە دوو جێگری هەیە و ڕەنگە ئەوانیش پرۆ- ئاك پارتی بن، یان پارسەنگ بن بۆ دەسەڵاتەکانی داواکاری گشتی. کەواتە مشتومڕێکی زۆر هەیە لەبارەی سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی قەزائی، و بە بۆچوونی لیبراڵەکان پێیانوایە تەواو سەربەخۆ نییە، لەبەر ئەوە ترس هەیە کە چەند شتێك بشاردرێنەوە. من دڵنیام لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەندێ لەو وەزیرانە دەردەکرێن و ئەو کەسانەی تێوەگلاون لە بەرتیلکاری و گەندەڵی دەهێنرێنە

بەردەم دادگا- گومان لەمەدا نییە-. سەرۆك وەزیران ناچارە دەستبەرداری هەندێ لەو دۆستانەی بێت، لەو هاوكارانەی بێت كە وەك وەزیر كاریان لەگەڵدا كردووە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێدەدات لەسەروەختی نزیكبوونەوە لە هەڵبژاردنەكاندا و لە كۆبوونەوە جەماوەریەكاندا رایبگەیەنێت ئێمە چەند خاوێنین و ئێمە دوودڵ نەبووین لەوەی دەستبەرداری ئەو كەسانە بین كە پێشتر كارمان لەگەڵدا كردون و متمانەیان پێكردون، بەڵام ئێستا دەركەوتووە تۆمارێكی خاوێنیان نییە، لەبەر ئەوە دەبێت سزا بدرێن، كەواتە ئەگەری زۆرە دەستبەرداری ئەو كەسانە بێت تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئاك پارتی كارێكی راست و دروست دەكات.

*** باسی ئەوەت كرد بەدیلەكە زۆر لاوازە و جەهەپە ناتوانێت تەحەددای ئاك پارتی بكات، كەواتە ئەمە كاریگەری گەورەی لەسەر هەڵبژاردنی ئازار نابێت و لە روانگەی ئەوەی كە دەڵێت دوژمنی دوژمنەكەم دۆستمە، ئەوا هەر كاتێك قەیرانێك دروست بێت ئەوا موعارەزە سوودی لێوەردەگرێت- وەك ئەوەی لە نێوان ئاك پارتی و گولەندا روویداوە-ئایا هیچ ئەگەری رێككەوتنی نێوان ئەم بزووتنەوەیە و موعارەزە لە ئارادایە؟**

- من باوەڕم وانییە جەهەپە و گولەن خوازیاری رێككەوتنێكی رەسمی بن لە نێوانیاندا و نایانەوێت شتێكی وا رووبدات، لەبەر ئەوەی جەهەپە- پارتی سۆشیالیستی دیموكراتی-، كە پارتێكی زۆر لیبراڵیە- لە رابردودا پشتیوانی پیاوانی ئاینی یان پراكتیزە ئاینیەكان نەبووە، چونكە بە بۆچوونی جەهەپە ئەمانە دژی مەبدەئی عەلمانیەتی توركیان. بەڵام رەنگە پشتیوانیەكی دوولایەنەی زمنی «tacit» بێتەئاراوە لە نێوانیاندا. بە دڵنیاییەوە من دەزانم هەندێ لە ئەندامانی نێو جەهەپە خۆشحاڵن بەم لێكترازانەی نێوان گرووپە ئاینیەكان- واتە لە نێوان گولەن و ئاك پارتی-. لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە ئەمە ئاك پارتی لاواز دەكات، هەندێ راستیش لەمەدا هەیە. بەڵام باوەڕم وانییە جەهەپە روگەی خۆی بگۆڕێت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گولەندا بكات، یان بە پێچەوانەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆرێك لەو كەسانەی پێشتر پشتیوانی گولەن بوون و دەنگیان بە ئاك پارتیدا، ئەوا دەنگی پێنادەنەوە، بەڵام پرسیارە سەرەكیەكە ئەوەیە ئایا دەنگ بە جەهەپە دەدەن، ئێمە نازانین. ئێمە گوێبستی موناقەشەیەكی زۆر دەبین لەم بارەیەوە، رەنگە هەندێكیان دەنگ بدەن و هەندێكیان دەنگ نەدەن. باوەڕم وانییە گولەن ئاماژە بە پشتیوانەكانی بدات كە دەنگ بەلایەك بدەن، بەڵكو ئازادی ئەوەیان پێدەدات دەنگ بە هەر كەس و لایەنێك بدەن كە دەیانەوێت، بەڵام زۆرێك لەوان كە ئێستا توڕەن رەنگە دەنگ نەدەن و بەشداری لە هەڵبژاردنەكە نەكەن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت دەنگ بە جەهەپە بدەن، بەڵام ناشیانەوێت دەنگ بە ئاك پارتیش بدەن، واتە دەنگ نادەن.

*** لە خۆپیشاندانەكانی ئەستەنبولدا چاودێران پێیانوابوو سوریای لە پشتە لەبەر ئەوەی توركیا رێگای بە گرووپەكانی موعارەزەدا بۆ ئەوەی كۆبونەوە لە توركیادا بكەن، ئێستاش فەتحوڵا گولەن باوەڕی وایە ئەرۆدغان پەلەی كرد لە هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست سوریادا، هەروەها نائومێدبوون لە هەوڵەكانی ئەردۆغان بۆ چوونە نێو یەكێتی ئەوروپاوە، ئەمەش هۆكاری قەیرانی ئێستایە، كەواتە ئایا تا چ رادەیەك گۆڕانكاریەكانی ناوچەكە كاریگەریان لەسەر توركیا دەبێت؟**

- دەبێت مەسەلەی یەكێتی ئەوروپا جیابكەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە پرسێكی دیكەیە، پرسی ئەندام بوون لە یەكێتی ئەوروپا بۆ چەندین ساڵە لە ناو كارنامەدا بووە. ئاك پارتیش هەمان سیاسەتی پیادەكردووە. بە دڵنیاییەوە توڕەیی و نائومێدی و رەخنەیەكی زۆر هەبووە لێرە و لەوێ، بەڵام هەر هەوڵی بە ئەندامبوونی داوە، و بەم دواییە ئاماژەی ئومێدبەخش هەبوو، كە بوار بە توركەكان دراوە- نەك لە ئێستادا، بەڵكو لە ماوەی سێ ساڵی دیكەدا- كە بەبێ ڤیزا سەفەر بكەن.... كەواتە بەرەوپێشچوونێكی سنوردار روویداوە، لەبەر ئەوە ئەگەرەكە زۆر خراپ نییە لە پەیوەندیدا بە ئەندام بوون لە یەكێتی ئەوروپادا. پرسیارەكە ئەوەیە چ شتێك پەیوەندیەكانی توركیا و یەكێتی ئەوروپا تێكدەدات، وەڵامەكە ئەوەیە ئەو رەفتارانەیە كە لە ماوەی چەند رۆژی رابردودا بینیومانە، ئەگەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی سنورداربكات و ئەگەر نارەوایانە بەرپرسەكانی پۆلیس لەسەر كاردەربكەیت- كە چەند لێدوانێك لەم رۆژانەی دواییدا لە برۆكسل دران- كە رەخنەی زۆریان گرت و بە راشكاوی رایانگەیاند كە بۆی هەیە ئەم رەفتارانە پەیوەندی توركیا و یەكێتی ئەوروپا تێكبدات. ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، و ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەبێت، ئەوا فەتحوڵا گولەن رەخنەی لە هەندێ سیاسەتی ئەردۆغان گرتووە، رەخنەی لە سیاسەتی ئەرۆدغان گرتووە لە ئاست ئیسرائیلدا، هەروەها لە ئاست سوریادا و رەخنەی لە هەندێ خیتابی توندی گرتووە لە دژی رۆژئاوا، كەواتە جیاوازی هەیە لە ئاست سیاسەتی دەرەوەدا، ئەمەش شتێكی ئاساییە، چونكە هەموو كەس هاوڕانابێت لەبارەی سیاسەتەوە، بەڵام بە داخەوە-هەروەك پێشتر باسم كرد-ئەم ئابڕووچوونە تەشەنەی كردووە، كە دەبوو وەك ئابڕووچوونێكی دارایی بمێنێتەوە، پێویست بوو ئیجرائاتی یاسایی دژ بە گەندەڵی لە دادگا بكرێت، نەك لە رێی لێدوانی گشتی و كۆبوونەوەی جەماوەری و رەخنەگرتن لە دۆست و هاوپەیمانەكان.

*** ئایا لێدوانەكانی دژی باڵیۆزی ئەمریكا كاریگەری لەسەر پەیوەندیەكانی توركیا بەو وڵاتەوە دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتەهۆی خراپبوونی پەیوەندیەكانی توركیا و ئەمریكا، تەنها ئەو كاتە نەبێت كە ئیدارەیەكی- باشی- قەیرانەكە بكرێت، ئێمە قەیرانێكمان لە نێوان توركیا و ئەمریكادا هەیە و پێویستە زۆر بە حەزەرەوە ئیدارەی قەیرانەكە بكەین، ئەو قەیرانە بە لێدوانی گشتی چارەسەر نابێت، بە تایبەتی لە سەروەختی نزیكبوونەوە لە هەڵبژاردنەكاندا لێدوانی گشتی وەك رەفتارێكی پۆپۆلیستی دەردەكەوێت، بەرهەڵستیەكی زۆرت بۆ دروست دەبێت كاتێك بە خراپە باسی ئەوانی دیكە دەكەیت، ئەمە رێگای چارەسەركردنی كێشەكان نییە، تۆ پێویستت بە ئیدارەی قەیران و دیپلۆماسیەتی بێدەنگ هەیە.

**سەرۆك وەزیران ناچارە دەستبەرداری ئەو كەسانە بێت تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئاك پارتی كارێكی راست و دروست دەكات**

**هەندێ لە ئەندامانی نێو جەهەپە خۆشحاڵن بەم لێكترازانەی نێوان گرووپە ئاینیەكان لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە ئەمە ئاك پارتی لاواز دەكات**

# تەنگژەی سیاسی تورکیا و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە، پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) لەگەڵ تورکیادا بەردەوام بەرەوپێشچووە. تەنانەت پێشتریش وەبەرهێنان و بازرگانی تورکی لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتە رادەیەکی سەرسوڕهێنەر، بە چەشنێك پەیوەندیە ئابووریەکانی کوردستانی بە وڵاتانی دیکەوە کەمکردەوە. هەروەها بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا، بووە هۆی کەمکردنەوەی بایەخدانەکانی بە بەشەکانی دیکەی عێراق، بە شێوەیەك رێژەی بەشداری و بازرگانی تورکیا لە عێراقدا لە سەدا ٧٠ بەر کوردستان و لە سەدا ٣٠ بەر بەشە عەرەبیەکەی عێراق کەوت. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣دا، رێککەوتنێکی گەورەی وزە لە نێوان ئەنقەرە و هەولێردا راگەیەنرا- کە پێدەچێت زەمینە بۆ هەناردەکردنی- بەم نزیکانەی- نەوت و غازی کوردستان بۆ تورکیا خۆش بکات، تەنانەت بەبێ رەزامەندی بەغداش.

لەگەڵ ئەوەشدا، روون نییە، ئایا هەرێمی کورستان (KRG) بە تەواوەتی رووگەی پشبەستنی خۆی لە بەغداوە بۆ پشتبەستن بە ئەنقەرە دەگۆڕێت. ئەوەی زیاتر ئەگەری لێدەکرێت، ئەوەیە پەیوەندی سەربەخۆی ئەنقەرە و هەولێر- لە پەیوەندیدا بە نەوت و غازەوە- وەك کارتێکی گوشار بۆ سەر حکومەتەکەی مالیکی بەکاربهێنن بۆ ئەوەی دواجار ملبدات و دەست لە هەوڵەکانی ئیحتیکارکردنی سیاسەتی نەوت و غاز لە سەرتاسەری عێراقدا هەڵگرێت. بە دڵنیاییەوە، دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق (ماددەی ١١٢) ئەو مافە بە هەرێم و پارێزگاکان دەدات کە دەسەڵاتێکی گرنگیان هەبێت بەسەر کێڵگەکانی نەوت و غازەوە، و تەنانەت دەسەڵاتی تەواویان پێدەدات بەسەر ئەو کێڵگانەی لەو سەروەختەدا بەرهەمهێنەر نەبوون کە دەستوور نەچوبۆوە واری جێەجێکردنەوە. مالیکی زۆر بە خێرایی خۆی لە دۆخێکدا بینیوە کە رێککەوتنە سەربەخۆکانی کوردستان و چەند پارێزگایەك، ناچاری دەکەن پابەندبێت بە دەستوورەوە و یاسای نیشتمانی نەوت و غاز واژۆ بکات کە بەلای کوردستانەوە قبوڵکراوبێت، ئەگەرنا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە کەلەم پیشەسازیەدا بیبینێت.

سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) باوەڕیان وایە باشترە دەسەڵاتەکانی بەغدا دەست لە هەندێ لە دەسەڵاتی خۆیان هەڵگرن و بێنە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام بە شێوەیەك نا کە کوردستان دەست لە هەموو دەسەڵاتەکانی بەسەر نەوت و غازی هەرێمەکەیەوە هەڵبگرێت. ئەوان ئامادەی هاوکاریکردنن لەگەڵ بەغدا لە پرسی هەناردەکردنی نەوت و غازەوە و هەمیشە ئامادەیی خۆشیان دەربڕیوە بۆ دابەشکردنی تێکڕای داهاتەکانی نەوت و غاز لەگەڵ بەغدادا. کوردەکان ئەمەیان پێباشترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەگەنە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، ئەوا دەبێت بە تەواوەتی پشت بە تورکیا ببەستن بۆ هەناردەکردنی نەوت و غاز و داهاتە بەدەستهاتووەکانیان. هەولێر کارێکی باشتر دەکات ئەگەر رێیی نێوان بەغدا و ئەنقەرە بەرنەدات و ئەگەر پێویست بوو لە دژی یەکتر بەکاریان بهێنێت، بەو شێوەیەش ئەوەندەی دەکرێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

ئەوەی وایکردووە نادڵنیاییەکی زیاتر بێتەئاراوە، ئەو فەزیحەتی گەندەڵیەیە کە تورکیای هەژاندووە- دوای ئەوەی

لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا ئاشکرابوو- کە بۆتە هەرەشەیەکی جددی لەسەر لاوازکردنی پێگەی سەرۆك وەزیران، ئەردۆغان. تا ئێستا چەند وەزیرێك دەستیان لە کارکێشاوەتەوە، و تەنانەت قسە و باسی ئەوە دەکرێت کوڕەکەی ئەردۆغانیش تێوەگلابێت لە فەزیحەتە گەندەڵییەکەدا. یەکێك لە وەزیرە دەست لە کارکێشاوەکان تەلەفۆنێکی- چاوەڕواننەکراوی- بۆ بەڕێز ئەردۆغان کرد و داوای لێکرد ئەویش دەست لە کاربکێشێتەوە، کە بووە شۆکێکی راستەقینە بۆ دامەزراوەی سیاسی تورکیا. لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا زنجیرەیەك هەڵبژاردنی یەکلاکەرەوە لە تورکیا ئەنجام دەدرێن، ئەوا پێشبینی وەزرێکی سیاسی قورس دەکرێت، لەبەر ئەوەی بەڕێز ئەردۆغان و حکومەتەکەی دوچاری قەیران هاتوون و تەرکیزیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و هەوڵی ئیحتیواکردنی زیانەکانی فەزیحەتەکەیە.

ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی (KRG)عێراقدا دەبێت؟ ئایا حکومەتی تورکیا لە کاتی دوچاربوونی بە قەیراندا پشت لە هەرێمی کوردستان(KRG) دەکات، و بەتایبەتی ئایا دەستبەرداری هاوکاریە روو لە زیادەکانی بواری وزەی نێوان هەردوولا دەبێت؟ ئێمە دەزانین کە پارتی موعارەزەی سەرەکی جەهەپە (پارتی کۆماری خەڵك) و پارتی کاری نەتەوەیی (مەهەپە)- کە پارتێکی ئەوپەڕی راستە- پشتگیری سیاسەتەکانی- پەیوەست بە وزەی- نێوان ئەنقەرە و هەولێر ناکەن ئەگەر بەغدا بکرێتە دەرەوە لە هاوکێشەکە. ئایا کێشە سیاسییە ناوخۆییە جددیەکان، دەبنەهۆی ئەوەی چیتر پارتەکەی بەڕێز ئەردۆغان- پارتی داد و گەشەپێدان- کارلەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە نەکەن؟

ڕەنگە کارێکی وا نەکەن. لە کاتێکدا بۆی هەیە ئەم قەیرانەی ئێستا لە تورکیادا پەیوەندیەکانی ئەنقەرە لەگەڵ دەوڵەتە رۆژئاواییەکاندا خراپ بکات، بەتایبەتی کە بەڕێز ئەردۆغان بە راشکاوی باسی لە تیۆری پیلانگێڕی دەکات و ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی واشنتۆن و ئەوروپا بۆ ئەم پیلانی گەندەڵیە، ئەوا نابێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا (KRG) زیانی پێبگات. بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە بۆچی حکومەتەکەی ئاك پارتی پشت لە هەرێمی کوردستان(KRG) ناکات، ئەوا دەبێت سەرەتا لە گەورەترین ئەو هۆکارانە بڕوانین کە -لە بنەڕەتدا- وایانکرد ئەنقەرە لە کوردەکانی عێراق نزیك ببێتەوە: ئەوانیش هۆکارە ئابووریەکانن، واتە تینویەتی تورکیا بۆ سەرچاوەی زیاتری وزە، هەروەها بێتوانایی ئەنقەرەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی.

لە پەیوەندیدا بە ئابووریەوە، و لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) ژیرانە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ راکێشانی بزنس و وەبەرهێنانی تورکی بۆ هەرێمەکەیان. دە ساڵ دواتر، دەرئەنجامە سەرسوڕهێنەرەکە بریتییە لە پەیوەندیەکی ئابووری قووڵ و گەشەکردو، لە نێویاندا دروستبوونی چینێك لە نوخبەی خاوەنکارەکانی تورکیا کە بەرژەوەندیەکی زۆریان هەیە لە بوونی پەیوەندیگەلێکی باش لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق و بوژاندنەوەی ئابووری باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، کە ناوچەیەکی هەژارە و نزیکە لە سنوری کوردستانی عێراقەوە. لەبەر ئەوەی کارتی سەرەکی دەستی حکومەتەکەی ئاك پارتی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاری بهێنێت سەرکەوتنی ئابووری تورکیا بووە لە سایەی سەرکردایەتی ئەودا، هەروەها بە رەچاوکردنی ئەوەی زۆرێك لە دەنگدەرانی ئاك پارتی تورکیا لە تورکیا لە رووی ئیتنیەوە کوردن، ئەوا زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین بەم نزیکانە هاوکاری ئابووری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە کۆتایی رابووەستێت.

لە رووی وزەوە، تورکیا پێویستی بە وزە هەیە، بەتایبەتی غاز، هەروەها نەوتیش بۆ ئەوەی بەردەوامی بە گەشەکردنە ئابووریەکەی بدات. نزیکەی لە سەدا ١٩ی هاوردەی غازی تورکیا و لە سەدا ٥١ی نەوتی هاوردەکراوی تورکیا لە ئێرانەوە دێن. لە کاتێکدا لە سەدا ٥٨ی غاز و لە سەدا ١٢ی نەوتی هاوردەکراوی لە روسیاوە بۆ دێت، لە سەدا ١٧ـەکەی دیکە لە عێراقەوە هاوردە دەکات. ئێمەش دەزانین، بەم دواییە پەیوەندیەکانی نێوان تەهران و مۆسکۆ و بەغدا چۆن بوونە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سوریادا. لەوەش زیاتر، غازی هاوردەکراو بە دەگمەن بەشی چەند مانگێکی ساڵەکە دەکەن، و بەبێ راکێشانی بۆری زیاتر ناتوانرێت بڕی هاوردەکردنیان زیاتر بکرێت. لەم کاتەدا، کوردستانی عێراق نەوت و غاز بە تورکیا دەدات، کە بە نرخێکی هەرزانتر لەو نرخەی روسیا یان ئێران پێی دەفرۆشێت. ئەگەر کوردەکانی عێراق نەوت و غاز نەفرۆشن و کۆنترۆڵی ئەم کەرتە بکەوێتە دەستی بەغدا، ئەوا تورکیا لەبەردەم بڕیاردەیەکی سادەدا دەبێت- یان هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیەکی سەربەخۆی نەوت و غاز بدات لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، یان هەر پشت بە روسیا و ئێران ببەستێت و تەنانەت نەتوانێت گەشەی ئابووری زیاتر لەناو تورکیادا بهێنێتەدی. بە دڵنیاییەوە ئەوە بە هیچ شێوەیەك بڕاردەیەکی باش نییە، بەتایبەتی بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە پێناچێت بەم نزیکانە سەرچاوەکانی دیکەی غاز بدۆزرێنەوە، یان ئەگەر بشدۆزرێنەوە بە خێرایی بەدەست ناهێنرێن.

لە کۆتاییدا، ئەوە کوردەکانی عێراق بوون کە هاوکاریان کرد و میانگیریان کرد بۆ هێنانەدی -رێککەوتنی ئاگربەست و کشانەوە- لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە)دا. ئەگەر بەڕێز ئەردۆغان بتوانێت ئەم قەیرانە سیاسیەی ئێستا تێپەڕێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو هێوری و ئارامیە بەکاردەهێنێت کە پەیوەستن بە هێرشەکانی پەکەکە لە تورکیادا. دەستپێکردنەوەی شەڕی گەریلایی پەکەکە لە رووی سیاسیەوە باجی خۆی دەبێت بۆ ئەردۆغان، چونکە ئەو کاتە رکابەرەکانی لە پەرلەمان بانگەشەی ئەوە دەکەن هەڵەی کرد کاتێك گفتوگۆی لەگەڵ «تیرۆریستان» و سەرکردە زیندانیکراوەکەی لە دورگەی ئیمرالی کرد. لەبەر ئەوە ئەنقەرە پێویستی بە یارمەتی بەردەوامی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) دەبێت بۆ ئیحتیواکردنی پەکەکە لە تورکیا و تەنانەت رێکخراوەکانی- سەر بە پەکەکە- لە سوریای دراوسێدا.

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە، ئەوا زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین شتێك لە نێو خۆی تورکیادا روویدات کە پەیوەندیەکانی تورکیا بە کوردستانی عێراقەوە تێکبدات لە مەودای کورتدا. تاوەکو ئەو پەیوەندیانە درێژخایەنتر بن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر قووڵ ببنەوە.

**زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین شتێك لە نێو خۆی تورکیادا روویدات کە پەیوەندیەکانی تورکیا بە کوردستانی عێراقەوە تێکبدات لە مەودای کورتدا**

*** ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

## مایکل بارنێت بۆ گوڵان:

# ئیدارەی ئۆباما هەرگیز نەیویستووە لەوە زیاتر لە سوریا تێوەبگلێت، لە زۆر رووەوە رێککەوتنەکە لەبارەی چەکە کیمیاییەکانەوە، ئیدارەی ئۆبامای رزگارکرد



**مایکل ئین بارنێت پرۆفیسۆری زانکۆیە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئیللویت و تایبەتمەندە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی سوریا و عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مایکل بارنێت کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی ئینتیقالی سەختدا دەڕوات و هەموو گۆڕانکاریەك چاوەڕوانکراوە، لە هەمان کاتدا پارت و گرووپە ئیسلامیەکان لە هەڵکشاندان و پێشبینی دەکرێت هەڵکشێن، ئێوە چۆن بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێننەوە؟**

- رەنگە وەسفکردنێکی ورد بۆ بارودۆخەکە ئەوە بێت کە شلۆقە. هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، لە راستیدا چەندین تەوژم لە ئارادان و بە ئاراستەی جیاوازدا دەجولێن، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم تەوژمانە کۆببنەوە و ببنە گەردەلولێکی تەواو، یاخود بارودۆخەکە وەك ئێستا بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەگەری ئەوەی بەردەوام بەرەو خراپتر بچێت، پێم وایە سەرباری ئەو گۆڕانکاریە زۆرەی روویداوە - کە پاڵنەری سەرەکی هێزە ناوخۆییەکان بوونە-، نیگەرانیەکی دیکەش لە ئارادایە، کە پەیوەستە بەوەی چەندین هێزی دەرەکی هەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەستێوەردان دەکەن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بە خواستی ئەوان بشکێتەوە، کەواتە دەگونجێت بڵێین بارودۆخەکە شلۆقە و مەترسیدارە و ناکۆکی هەڵگرە...

*** ئایا تا چەند هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتە ئیسلامیەکان هەڕەشە دەبێت بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەمە پەیوەست نییە بە هەڕەشەوە لەسەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، بەڵکو پەیوەستە بە بڕیاری دەوڵەت و کۆمەڵگەوە کە دەیانەوێت چۆن بژین. هەندێ جار ئەمە ئاکامی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، بەڵام من پێموانییە هەڵکشانی پارتە ئیسلامیەکان، یان عەلمانیاکان بابەتی پەیوەندیدار بێت

به سیستمی نێودەوڵەتیەوە...بەلای کەمەوە لە روانگەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکاوە، پشتیوانیکردن هەیە بۆ بەها تەقلیدیەکانی دیموکراتی، کە ئازادی کۆبوونەوەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی رەوا و ئازادانە و ململانێ و... تاد لە خۆدەگرێت، هەروەها کارکردن هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم بەهایانە نەك لە پێش هەڵبژاردندا، بەڵکو لە دوای هەڵبژاردنیش پیادە دەکرێن.

*** وڵاتە پاشایەتیەکان جیاوازن، وەك سعودیە و مەغریب و ئەردەن، کە بە دوورن لەم گۆڕانکاریانە و ئەمەش سەرنجدراوە، بەڵام حکومەتەکانیان لەبەرامبەر ئەو شەپۆلی گۆڕانکاریەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێ گۆڕانکاریان کردووە، ئایا تا چ رادەیەك رژێمە پاشایەتیەکانی ناوچەکە لەم گۆڕانکاریانە بەدوور دەبن؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆر زەحمەت دەبێت بۆیان کە خۆیان لە گۆڕانکاری لابدەن، ئەوان لە ژێر فشاری ناوخۆییدا- ئیتر هێزە ئاینیەکان بن یان عەلمانیەکان- گۆڕانکاریی دەکەن...پێموایە پرسەکە تەنها ئەوە نییە ئیسلام حکومڕانی کۆمەڵگە بکات، بەڵکو لەوە گرنگتر پرسی شەرعیەتی حکومڕانی پاشایەتیە، لەبەرامبەر حکومڕانی خەڵکدا، بەتایبەتی لە ئەردەن و مەغریبدا کە جێی سەرنجە بزانین چۆن هاوسەنگیەك دێتەدی لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکە و ئەو ئیمتیازاتانەی حکومڕانی پاشایەتی هەیەتی.

*** سوریا کە پێشتر گەرمترین هەواڵی راگەیاندنەکانی جیهان بوو، هەروەها رۆژئاواش هەڵوێستێکی توندی هەبوو لە ئاست سوریادا، بەڵام دوای رازیبوونی ئەسەد بە لەناوبردنی چەکە کیمیاییەکانی و دوای گفتوگۆکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەستدەکەین لەسەر هەموو ئاستەکاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کارەسات و توندوتیژی دژی خەڵکی مەدەنی سوریا بەردەوامە، بە بۆچوونی ئێوە چۆن سوریەکان رزگاربکرێن لەم دۆخە؟**

- پێموایە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین تراژیدیاکانی مرۆڤایەتی، کاتێکیش ئاوڕدەدەینەوە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرفەتی ئەوەی هەبوو کارێك بکات دۆخەکە جیاواز بێت....هەستی من ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما هەرگیز نەیویستووە مامەڵە لەگەڵ سوریادا بکات و نەیدەویست سیاسەتی دەرەوە لەوە زیاتر تێوەبگلێت کە هەبوو، لەبەر ئەوە لە زۆر رووەوە رێککەوتنەکە لەبارەی چەکە کیمیاییەکانەوە، ئیدارەی ئۆبامای رزگارکرد، چونکە وا دەردەکەوێت ئەم ئیدارەیە کارێك دەکات، بێ ئەوەی هیچ شتێکیش بکات لەبارەی چارەسەرکردنی ریشەی ناکۆکیەکەوە. پێموایە باشترین چارەسەر، کە زۆر کەس لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایە- ئەوەیە رێککەوتنێکی سیاسی بکرێت، بەڵام تراژیدیاکە بۆ خەڵکی سوریایە.

*** عێراق بۆتە مۆڵگەی ئەل قاعیدە و سەقامگیری لەم وڵاتە لە ئاڵۆزترین دۆخدایە، حکومەتی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت دیموکراسی بکەوێتە مەترسیەوە، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئایا چ مەترسیەك لەسەر ناوچەکە دروست دەکات؟**

- ئاشکرایە ئەوەی لە عێراقدا روودەدات کاریگەری هەیە لەسەر سوریا و ئێران، واتە ئاکامی ئیقلیمی لێدەکەوێتەوە. ئومێدی من ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئێراندا، کارێك بکات ئێران رۆڵێکی باشی هەبێت لە پەیوەندیدا بە پرسی ئەل قاعیدەوە، چونکە ئاشکرایە ئێران حەزناکات ئەل قاعیدە لە عێراقدا دەسەڵات بگرێتەدەست. کەواتە یەکگرتنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئێران هەیە، کە هیچیان ناسەقامگیریان ناوێت. ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ حکومەتێکدا لە عێراقدا هەڵبکات ئەگەرچی نزیکیش بێت لە ئێرانەوە، بە مەرجێك ئەرکەکانی خۆی لە رووی ئاسایشی ناوخۆییەوە ئەدا بکات، ئەوە شتێکی زانراوە کە ئەمریکا پتر بایەخ بە سەقامگیری دەدات نەك دیموکراسی، ئەوەی جێی داخە لەم جارەیاندا ئەوەیە ئەمە بۆتە بژاردەیەکی ئاسانتر بۆ ئەوەی ئەمریکا هەڵیبژێرێت. بەڵام ئەمە دوو ساڵ پێش ئێستا بەم ئاسانیە نەبوو، کە بەهاری عەرەبی هەبوو.

*** زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی وزەن، و ناسەقامگیری سیاسی لەم وڵاتانەدا کاریگەری هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە، هەروەها مەترسی تیرۆریستانیش هەیە، کەواتە ئەگەر دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتە دەستی تیرۆریستان، تا چ رادەیەك مەترسی لەسەر ئاسایشی وزەی جیهان دەبێت، کە ئێستا مەترسی تیرۆر لە عێراقدا زۆر بەرزە، سوریاش تا رادەیەك لە ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستاندایە، هەل و مەرجی لوبنانیش ناسەقامگیرە؟**

- نرخی نەوت پەیوەستە بەوەی لەسەر ئەرزی واقیع لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، هەمیشە ئەمە راست بووە، خوێندنەوەی من بۆ بارودۆخەکە ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئابووری جیهاندا روودەدات، کە ئەمریکا بەرەو ئەوە دەڕوات نەوت هەناردە بکات و زۆرێك لە وڵاتانیش چیتر پشت بە بەرهەمی پەترۆلی نابەستن، کەواتە ئەمە پێچەوانەی چڵ ساڵ پێش ئێستایە کە جیهان پشتی بە وڵاتانی کەنداو دەبەست بۆ دابینکردنی وزە، بەڵام چیتر ئەمە حاڵەتەکە نییە. لەبەر ئەوە واقیعەکە ئەوەیە لە کاتێکدا ناسەقامگیری ناوچەکە کاریگەری لەسەر بازاڕی وزە دەبێت، ئەوا هەمان ئەو کاریگەریەی نییە کە لە چل ساڵ پێش ئێستا هەیبوو، هەروەها ئەوەی دەیبینین سعودیە رۆڵی هاوسەنگکردن دەبینێت، کە هەر کاتێك هەناردەی نەوت لە بەشەکانی دیکەی ناوچەکە کەم بووبێتەوە، ئەوا سعودیە هەناردەی خۆی زیاتر کردووە.


**چەندین تەوژم لە ئارادان و بە ئاراستەی جیاوازدا دەجوڵێن، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم تەوژمانە کۆببنەوە و ببنە گەردەلولێکی تەواو**

**چەندین هێزی دەرەکی هەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەستێوەردان دەکەن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بە خواستی ئەوان بشکێتەوە**

**لە روانگەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکاوە، پشتیوانیکردن هەیە بۆ بەها تەقلیدیەکانی دیموکراتی، کە ئازادی کۆبوونەوەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی رەوا و ئازادانە و ململانێ و...تاد لە خۆدەگرێت**

**جێی سەرنجە بزانین چۆن هاوسەنگیەک دێتەدی لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکە و ئەو ئیمتیازاتانەی حکومڕانی پاشایەتی هەیەتی**

# گەڕان بە دوای ئاشتەواییدا



دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

پێدەچێت شەبەنگێکی نوێی ئاشتەوایی لە نێو کوردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەرکەوتندا بێت. ناکۆکیەکە(شەڕە ناوخۆییەکە) لە سوریا بەرەو ڕێککەوتنی نێوان حکومەتەکەی ئەسەد و هێزە یاخیبووەکان دەچێت، کەواتە دەبێت کوردەکان کێشەکانی نێوخۆیان چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی پێگەیەکی باشتر لە پێشوو بەدەست بهێنن، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان کە وایکردووە کاتی ئەم ئاشتەواییە هاتبێت، خۆڕاگری حکومەتەکەی ئەسەدە، هۆکاری دووەم لە گەورەبوونی هێز و دەستڕۆیشتوویی گرووپە جیهادیەکانی نێو خاکی سوریاوە سەرچاوەی گرتووە کە کاریگەریەکەی بۆ ناوچەکە دەپەڕێتەوە.

هەرچۆنێك بێت کێشەکە لە پێوەندیدا بە کوردەکانەوە ئەوەیە کێ سەرکردایەتی پرۆسەی سیاسی دەکات گومانی تێدانییە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و سەرکردەکەی بەڕێز مسعود بارزانی یەکێکە لە ناوەندەکانی هێز لە نەخشەی سیاسی کوردیدا. ناوەندەکەی دیکە بریتیە لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا(پەکەکە) کە درێژبوونەوەیەکی قووڵی لە ناو ئێراندا هەیە (لە ڕێی پژاکەوە)، هەروەها بۆ ناو سوریاش (لە ڕێی پەیەدەوە). تا ئێستا ڕکابەری نێوانیان-نێوان کوردەکان- ڕێگر بووە لە گرتنەبەری کارێکی هاوبەش لە بواری نێودەوڵەتیدا.

ئەمەش بواری کارکردنی هەردوولای سنووردار کردووە. هێشتا تورکیا ئاشتی لەگەڵ پەکەکەدا نەکردووە، و گومانی هەیە لە نزیکی پەیەدە لە پەکەکەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان نائاسوودەیە بە تێڕوانینی تاکڕەوانەی پەیەدە کە ئەو تێگەیشتنەی دروستکردووە کە ئەم پارتە بە نهێنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دیمەشقدا هەیە و بە شێوەیەکی مەترسیدار هێزی کوردەکانی سوریای سنووردارکردووە.

ئەگەرچی پەیەدە دەیەوێت بە تەنیا کاربکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە سوریا، ئەویش لە ڕێی دروستکردنی ئۆتۆنۆمیەکی خۆبەڕێوەبەریەوە لە باکوری سوریا، بەڵام ئەمە لە ڕووی فیعلیەوە مەحاڵە ئەگەر پشتیوانی تورکیا یان هەرێمی کوردستانی (KRG) لەگەڵدا نەبێت. هێزە جیهادییەکان یان دیمەشق دەتوانن بەسەر هێز و دەسەڵاتی پەیەدەدا زاڵبن، ئەمە ئەگەر هاتوو لە کانونی دووەمی ٢٠١٤ دا لە جنێف گەیشتنە ڕێککەوتن، کە دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت یان بەشارئەسەد یاخود حزبی بەعس لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، یان هەردووکیان.

کەواتە ئاشتەوایی لە نێو کوردەکاندا لە بەرژەوەندی هەموولایەکدایە. تورکیاش هەمان بۆچوونی هەیە. بەم شێوەیە دەتوانرێت هاوسەنگییەك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکەدا بهێنرێتە ئاراوە، کە پارسەنگی یەکتر بکەن. لەوەش زیاتر، کوردەکانی سوریا یەکگرتوو دەبن بۆ پێکهێنانی شاندێکی یەکگرتوو بۆ کۆنفرانسی جنێف ٢ کە لە ٢٢ی کانونی دووەم دەبەسترێت.

ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، کە دوو پارتن سیاسەتی جیاوازیان هەیە لە ئاست سوریا و تورکیادا، لەلایەن عوسمان بایدەمیرەوە-سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر- کارئاسانی بۆ دەکرێت، ئەندام پەرلەمانی کوردی لەیلا زانا -لە پەرلەمانی تورکیا-، کە بەم دواییە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە هەولێر چاوی بە بەڕێز بارزانی کەوت. بەم نزیکانە دەبینین ئایا — ئەم هەوڵە-سەرکەوتوو دەبێت یان نا.

پارتە کوردییەکانی سوریا، کە لە دوو کامپدا خۆیان ڕێکخستووە، یەکێکیان بریتییە لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی کوردی (KNC) و ئەوی دیکەیان میحوەرەکەی پارتی یەکێتی دیموکراتی(پەیەدە)یە کە لەلایەن پەکەکەوە پشتیوانی دەکرێت، کەوا پێشبینی دەکرا پێکەوە کاربکەن لەدوای ڕێککەوتنەکەی تەموزی ٢٠١٢ کە بە سەرپەرشتی مسعود بارزانی هاتەئاراوە. هەرچۆنێك بێت، بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان بواری بەوە نەدا ئەجێندایەکی هاوبەشیان هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنە کوردییە جیاوازەکان فشار دەکەن بۆ ئەوەی پارتە سیاسیە کوردییەکان ئاشتەوایی لەگەڵ یەکدا بکەن، لەبەر ئەوەی ناتەبایی لە ناودەبات، ئەم ئاشتەواییە خوازراوە دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئەنجوومەنی باڵای کوردی. لە کاتێکدا بووژانەوەی ئەنجومەنی باڵای کوردی لەلایەن پەیەدەوە پێشوازی لێدەکرێت، بەڵام ئەمە مەرجدارە.

لە کاتێکدا هێشتا هاوسەرۆکی پەیەدە، ساڵح موسلیم، و مسعود بارزانی چاویان بە یەکتر نەکەوتووە. لەبەر ئەوە ئێمە نازانین ئایا هەموو داواکارییەکانی پەیەدە جێبەجێ دەبن یان نا. ئاشتەوایی نێوانیان، لەلایەك دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر ئەو گومانەی گوایە پەیەدە پێوەندی هەیە بە ڕژێمەکەی ئەسەدەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی تێگەیشتنی هاوبەش قورسایی دەخاتەسەر کێشەی کورد لە تورکیا. لە دەرئەنجامدا بەدگومانی سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کورد و تورکەکان بە دەستێك چەك هەڵگرن و دەستەکەی دیکەشیان بۆ ڕێککەوتن درێژ بکەن.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# ئایندەی سوریاو چارەنووسی ئەسەد



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

ئاراستەی گشتیی سیاسەتی رۆژئاوا بەرامبەر بەسوریا بەرەو گۆڕانێکی ریشەیی هەنگاو دەنێ. ئەگەرچی تائێستا هیچ هەڵوێستێکی فەرمی لەم بارەیەوە رانەگەیەنراوە، بەڵام هەموو پایتەختەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەی بەو گۆڕانە دەبەن. یەکەم ئاماژەی سەرەکی بۆ گۆڕانی هەڵوێستی رۆژئاوا، خۆی لەهەڵپەساردنی ئەو گورزە سەربازییەدا دەبینێتەوە کەواشنتن بەنیاز بوو لەرژێمی ئەسەدی بوەشێنێ. هەماهەنگیی دیمەشق- مۆسکۆ لەم بارەیەوەو پێشنیاری وێرانکردنی جبەخانەی کیمیایی سوریا، رۆڵی سەرەکیی لەگۆڕینی هەموو هاوکێشەکاندا هەبوو. لێرە بەدواوە، واشنتن کەوتە داڕشتنی ستراتیجی مامەڵەکردنێکی درێژخایەن لەگەڵ ئەسەددا بەبێ لابردنی گوشارەکان.

ئەم ستراتیجە کە دژی مانەوەی ئەسەد نییە، تەواو پێچەوانەی ستراتیجی پێشووە کە ئامانجەکەی سوریایەکی بێ ئەسەد بووە. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەمریکییەکان هەر لەسەرەتاوە دوودڵ بوون لە کارکردن بەشێوەیەکی لێبڕاوانە بۆ رووخاندنی ئەسەد، بەتایبەتی پاش زیادبوونی تین و تاوی بزووتنەوە توندڕەوەکان لەسوریاو بانگەشەکردنی ئاشکرایان بۆ دامەزراندنی مۆدێلێکی هاوشێوەی رژێمی تاڵیبان. ترس لەپەیدابوونی ئەفغانستانێکی تر لەسوریا، هاندەری سەرەکیی بیرکردنەوەیە لەگۆڕینی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی سوریا.

دەشێ دوو فاکتەری دیکە رۆڵیان لەگەڵاڵەکردنی ستراتیجە تازەکەدا هەبووبێ. یەکێکیان باوەڕی رۆژئاوایە بەوەی کە باڵی ناتوندڕەوی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا ناتوانێ رژێم بڕووخێنێ و ناشتوانێ سنوورێك بۆ پەرەسەندنی هەڵسوڕانی گرووپە توندڕەوەکان دابنێ. ئەم مەسەلەیە لەشێوەی بیرکردنەوەی رۆژئاواییدا مەسەلەیەکی گەوهەرییە. دووەمیشیان دەستێوەردانی زیاد لەپێویستی تورکیایە لەقەیرانی سوریا کە لەرەوتی پەرەسەندنی رووداوەکاندا تورکیای کردە رکابەرێکی گەورەی رۆژئاوا لە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی سوریای ئایندە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دوو ئەگەری لێ دەکەوێتەوە کە هەردووکیان بۆ رۆژئاوا مایەی نیگەرانین. یەکێکیان بەسترانی رژێمە تازەکەیە بەتورکیاوە کەئەمەش دەسەڵاتی دەستڕۆیشتوویی تورکیا تا سەر سنووری لوبنان و ئیسرائیل و ئوردون درێژ دەکاتەوەو دووەمیان دڵنیانەبوونە لەهەڵوێستی داهاتووی تورکیا بەرامبەر بەگرووپە توندڕەوەکانی سوریا.

رۆشنترین ئاماژە بۆ وازهێنانی رۆژئاوا لەهەوڵی رووخاندنی ئەسەد، لەوتارێکی رایان کرۆکەردا دەردەکەوێ. کرۆکەر کەباڵیۆزی پێشووی ئەمریکایە لەسوریا لەوتارێکدا کە لەرۆژنامەی «نیویۆرك تایمس» دا بڵاوی کردۆتەوە باس لەوە دەکا کە «کاتی ئەوە هاتووە بیر لەئایندەی سوریا بەبێ رووخاندنی ئەسەد بکرێتەوە، چونکە پێدەچێ ئایندەکە وابێ». لەوتارەکەدا دەردەکەوێ کە رۆژئاوا لەئەگەری دروستبوونی ئەفغانستانێکی تر لەسوریا تۆقیوە. ئەم فۆبیایە وایکردووە واز لەپڕۆژەی رووخاندنی ئەسەد بهێنرێ. کرۆکەر سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەکارکردن بۆ رووخاندنی ئەسەد دەداتە بەر توانج و پێیوایە نەدەبوو سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما لەساڵی ٢٠١١دا داوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەسەد بکات، چونکە ئەمریکا توانای ئەوە نییە ئەسەد ناچاری دەست لەکارکێشانەوە بکات. ماڵپەری رۆژنامەکەش پشتیوانیی لەبۆچوونەکانی کرۆکەر کردووەو باسی ئەوەی کردووە کە لێرە بەدواوە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەسەد بەم نزیکانە ناڕووخێ و ئایندەی سوریاش بەبێ ئەسەد نابێ.

دیارە پەشیمانبوونەوەی رۆژئاوا لەپڕۆژەی رووخاندنی ئەسەد پەیوەندییەکانی ئەمریکای لەگەڵ یەکێ لەنزیکترین دۆستەکانی کە سعودیەیە، ئاڵۆز کردووە. سعودییەکان زوو هەستیان بەگۆڕانی هەڵوێستی ئەمریکا کردو رەخنەیەکی زۆریان لێ گرت، بەڵام واشنتن سور بوو لەسەر سیاسەتەکەی. لەبۆچوونێکدا کە گوزارشت لەتوڕەیی و بێئومێدی دەکا، باڵیۆزی سعودیە لەبریتانیا محەمەدی کوڕی نەوافی کوڕی عەبدولعەزیز لەوتارێکدا لەرۆژنامەی «نیویۆرك تایمس» بێ مننەتیی سعودیەی راگەیاندو وتی «سعودیە، لەگەڵ یان بەبێ پشتیوانیی دۆستە رۆژئاواییەکانمان، لێپرساوەتییەکانی خۆی (لەسوریا) جێبەجێ دەکا».

ئۆپۆزیسیۆنی سوریاش لەگۆڕانی هەڵوێستی رۆژئاوا نیگەرانە. ئەحمەد جەربای سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانیی سوریا کە گەورەترین گروپی ئۆپۆزیسیۆنە لەسوریا، لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان، لەهەولێرەوە رایگەیاند کەئەو «دژی راماڵینی رژێمێکی دیکتاتۆرە بۆ هاتنە سەر کاری رژێمێکی تایفەگەری خراپتر». ئەمە بەم مانایە دێ کەترس لەئەگەری هاتنە سەر کاری رژێمێك کەرێکخراوی قاعیدە دەستێکی باڵای تێدا دەبێ، ترسێکی گشتییەو هەموو لایەنەکان بەهەندی وەردەگرن. کرۆکەر لەوتارەکەیدا سەرتاپای بیرو بۆچوونەکانی رۆژئاوا لەم رووەوە کورت دەکاتەوەو دەڵێ «دەبێ لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا بسازێین کەئایندە ئەسەدی تێدایەو دەبێ ئەوە بزانین کە ئەسەد خراپە، بەڵام لە ئەسەد خراپتر هەیە» کە رێکخراوی قاعیدەیە.

# مەعریفە ـ دژ



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

لێکۆڵینەوەکانی ئەپستمۆلۆژییا ئەوەیان سەلماندوە کە فیکر بۆ بنیادنانی مەعریفەی زانستییانە زۆر ڕێگەی پێچاو پێچ و هەڵدێرئاسا یان دەروازەی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر، بەتایبەتی ئەگەر فەلسەفەکانی زانستیی تەقلیدی بن، بەتایبەتیش لە داڕشتنە دانراویەکەیدا (وضعیە)، مەعریفەی زانستی درێژکراوەی مەعریفەی ئاساییە، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری لێکۆڵەر بکەیت بەوەی ((گوێ بۆ هەرچی شتێکی کە سروشت دەیڵێت، هەڵبخات))، یان بە شێوەیەك کە بابەتیبوون وەك ڕەتکردنەوەیەکی خودێتی دیاری بکات، تەنانەت بابەتیبوون دەخاتە بەرامبەر خودێتی، ئەپستمۆلۆژیای نادانراو بە جیاوازی ژێدەرەکانییەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان، بابەتیبوون دیاری دەکات وەك ئەوەی بۆ خۆیان بابەتۆکەیەك بن، دەستێوەردان بێت لە سروشت و دەرهاویشتەکانی ڕاستەوخۆ، هەڕەمەکێتی ڕەتدەکاتەوەو ڕاستەخۆیەتی دادەپاچێت، لەمبارەیەوە باشلەر نووسیویەتی ((هەموو بابەتیبوونێك سەلماندنەکەی بە هەرشێوەیەك بێت، ئەوە یەکەمین پێوەندێتی بە بابەتەوە بەدرۆدەخاتەوەو، سەرەتا لەسەرێتی ڕەخنە لە هەموو شتێك بگرێت: هەستپێکردن و دەسپێکی رادەربڕین و پێڕەوکردنی ئاسایی))..

مەعریفەی ئاسایی واقیعێکی پێدراو و سروشتیی پێ وەسف ناکرێت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی دەسکردانەدا دەکات، سەرنجی سروشت لەوەدا نییە کە جیهان بۆ ئامێرێکی فۆتۆگرافیانە بگۆڕێت، ئەمەیان باری سەرنجەکە نییە، وەك کلود برنار لە بارەیەوە دەڵێت((پێویستە سەرنجدەر وەك وێناکارێکی بێلایەنی دیارە بێت، سەرنجەکەشی بە وردی بەرجەستەی بکات، هەروەها بەرکار بێت نەك کارا، گوێڕادێری سروشت بێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە تۆماربکات کە سروشت بەسەریدا دەیسەپێنێت)) لە مەعریفەی زانستی هاوچەرخدا تێبینی و سەرنج دەبێتە پرۆژەیەکی تیۆرییانە((واقیع بە نیسبەت جیهانەوە بەبێ چالاکیی هەموارکراوی یەك لە دوای یەکدا دروست نابێت... مەعریفەی زانستی گەیشتۆتە ئاستێکی وا ئەو بابەتە زانستییانەی تێدایە کە خۆمان دروستی دەکەین، نە کەم و نە زۆر))باشلەر نووسیویەتی..

فیکر گوێ بۆ هیچ شتێك کە دەگوترێت، ڕانادێرێت، جا سەرچاوەکەشی هەر کوێیەك بێت، وەك بەرکار و پێشوازیکەر لێی ڕاناوەستێت، بەڵکو لە تۆمەتبارکردنێکی ڕاستەخۆوە دەستپێدەکات، سەرەتاکانی بریتی نین لە بەرایی و پرەنسیب، چونکە بەرایی هەمیشە جێگەی تۆمەتبارکردنەو دەبێت وەرچەرخێنرێت یان بهێنرێتە دەمودو یان متمانەی پێنەکرێت، شتانێکی ئەم سەردەمە

که مایەی مشتومڕ نین دەرئەنجامێکن بۆئەوی پێیان بگەین، نەك دەستپێکردنێك پشتیان پێ ببەسترێت، لەم ڕووەوە باشلەر دەیووت((حەقیقەتی بەرایی بوونی نییە، بەڵکو هەڵەی بەرایی هەیە)) ((دەستپێکەری بیروڕا هەمیشە لە بنەڕەتدا هەڵەیە، خراپ بیر دەکاتەوە، یان ڕوونتر بڵێین هەر بیر ناکاتەوە، بەڵکو پێداویستیگەلێك وەردەگێڕێت و دەیانگوازێتەوە تاکو بیانکاتە زانیاریی)).

مەعریفەی زانستی هەمیشە مەعریفەی- دژ- ە، چونکە هەمیشە ڕاستکردنەوەی هەڵەیە، بەو شێوەیەی کە هەڵە بەهێزیی و بوونێتی ڕاستەقینەی خۆی هەمیشە بۆ دەگەڕێتەوە، چی دی نابێتە بوونێکی لابەلا، یان ئەگەرێکی میتۆدییانە، بەڵکو پتەوێتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، زەرورەتی خۆی بۆ دێتەوە ئەگەر قسەکەمان ڕاست بێت، مادامەکی دەبێتە دەستپێکێکی هەموو مەعریفەیەکی زانستی، ئەمە تەنیا بەو هەڵانەوە نەبێت ناگەڕێتەوە، کە پێشتر ڕاستکراونەتەوە، بۆیە ((هەر ئەزموونێکی بابەتییانەی ڕاست، وەك باشلەر دەیڵێت بەم گوزاریشتەوە ((پێویستە هەمیشە وەك ئەزموونێك چۆنیەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی زاتیی دیاری بکات)).

بەم شێوەیە ئاشکراکردنی واقیع هەمیشە گەڕانەوەیە بەرەو دواوە، چونکە واقیع هەرگیز نابێتە ئەو واقیعەی کە پێمان وایە دیوی ڕاستەقینەی خۆی بێت، بەڵکو هەمیشە واقیع ئەوەیە کە پێویست بوو بڕوامان پێی هەبووایە، هەر ئاشکراکردنێکی ڕاستی هەمیشە لە کەشوهەوایەکی پەشیمانیی فیکریدا دێتەئاراوە)) لەم ڕوانگەوە باشلەر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە فیکرهەمیشە لە پێشەوەی مەعریفەی زانستیەوەیە، هەرگیز بابەتێکی تازەگوتراو یان تازەدروستکراو نییە، بەڵکو تەپ و تۆزی ڕۆژگاری لەسەر شانیدا نیشتووە، کە بەرامبەر تەمەنی حوکمەکانی پێشوەختیەتی)) بەم واتایەوە نەزانین کەلێنێکی مەعریفیانە نییە، بەڵکو نەزانین پڕکردنەوەیەکی مەعریفیانەیە، چنراوێکی هەڵەی یەکانگرتووی ئەرێنیی پێویستە، ڕۆشنایی لە تاریکاییەوە دەردەچێت، بەڵام مەعریفە لە نەزانینەوە سەرچاوە ناگرێت، پلەی سفر لە مەعریفەدا هەر نییە، هەموو ئەوەی لە دنیادا هەیە بریتییە لە مەعریفەیەکی کەڵەکە کراوو هەڵچنراو، هەندێکیشی دژەو ڕێڕەوەکانی خۆی ڕاست دەکاتەوە، هەڵەکانی خۆی سەرلەنوێ هەڵدەسەنگێنێتەوە..

ئەم پایە ئەنتۆلۆژییە نوێیەی هەڵە، دیاریکردنەکەی ئێمە بۆ واقیعەکە و تێگەیشتنمان سەبارەت بە توێژینەوەی زانستی ناگۆڕێت، بەڵکو سرووشتی خودی فیکر دەگۆڕێت، دەیکاتە فیکرێکی خەباتکارو دژە هەڵەی سەرسەخت، متمانەی خۆی بە بەراییەکان لەدەست دەدات و، پێیوایە کە هیچ شتێکی پێ نادرێت، پێویستە لەسەری نادیار ڕامالێت، هەموو بەربەستێکی هەمەچەشنی ئەپستمۆلۆژیی تێکبشکێنێت، دواتر جەنگێك دژ بە هەڵە و حوکمەکانی پێشوەختە ڕابگەیەنێت، بەم شێوەیە مەعریفەکەی دەبێتە هەبوویەکی داگیرکاری و جیهاد کردن نەك تەنیا هەڵچوونێکی تێڕامانی..

چونکە ئەمڕۆ مەعریفەی زانستی ڕوونبینانەتر لە پلەبەندیەکانی مەعریفی دەڕوانێت، بە جودا بابەتە هەستپێکراوەکان دەخاتە بەر تێڕوانین، لە بری ڕوونبینی خودیی، بڕوا بە ڕوونبینی ڕێکارانە دەهێنێت، لە بری بابەتی هەستپێکراو، بڕوادەهێنێت بە بابەتی بونیادنراو، بیرتیژیی (حدس) دەرپەڕیوی بەلاوە پەسەندترە لە بیرتیژیی ڕەها، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە فیکر بریتییە لە زنجیرەیەك دابڕان و جیابوونەوە، هەمیشەش پێداچوونەوەو ڕەخنەکاری و چاوپیاخشانەوەیە..

کەواتە ڕەخنە خەسڵەتێك نییە بخرێتە سەرشانی فیکرەوە، فیکر هەمیشە پێداچوونەوەو چاوپێداخشانەوەیە، بۆیە ئەمڕۆ دەستەواژەی فکریی ڕەخنەیی بووەتە دەرئەنجامێك، بەوەی ڕەخنەو پێداچوونەوە سرووشی فیکر و ناوەڕۆکێتی، نەك نیشانەیەك نییە لە نیشانەکانی، فیکرێك نییە ڕەخنەیی نەبێت، ئەمڕۆ ڕەخنە ئاڕاستەیەکی فەلسەفیانە یان قوتابخانەیەکی بێ فیکر نییە، تەنانەت قۆناغێك یان هەنگاوێکیش نییە، کە فیکر وەك بەرایی کارەکەی گرتبێتیەبەر، بەڵکو بریتیە لە کرۆکی فیکری و کاری بنچینەیی، بیرکردنەوە کاتێك دەستپێدەکات کە فیکر متمانەی خۆی بە دەرهاوێشتەی ڕاستەوخۆ لەدەست دەدات و گومانیان دەخاتەسەر، تەنانەت ئەو پرسیارانەی دەریاندەبڕێت پێویستە شێوازێك لە ئەفراندن بەرهەمهێنانیان پێ ببەخشێت، سەبارەت بەم واتایە خاوەنی ڕۆحیەتی نوێی زانستی لەم بارەوە دەڵێت((پێویستە سەرەتاو پێش هەر شتێك دەربڕینی پرسیارەکە زانراو بێت، چونکە پرسیارەکان لە ژیانی کردارەکیدا ناخرێنەڕوو، ئەم پرسیارانە لەو پرسیارانەش ناچن کە لە گۆڕەپانەکاندا دەوترێنەوە، چونکە هیچ شتێك لەم بارەیەوە لە گۆڕەپانەکەدا هیچ شتێك نییە کە ببەخشرێت یان بدرێت، هیچ متمانەیەکیش بە خۆڕسکی نییە، پێویستە هەموو شتێك جەنگ بکات و پێش خۆی ڕامالێت، هەموو مەعریفەیەکی زانستی بریتییە لە مەعریفە- دژ.

---

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕبات

**مەعریفەی ئاسایی واقیعێکی پێدراو و سروشتیی پێ وەسف ناکرێت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی دەسکردانەدا دەکات، سەرنجی سروشت لەوەدا نییە کە جیهان بۆ ئامێرێکی فۆتۆگرافیانە بگۆڕێت، ئەمەیان باری سەرنجەکە نییە**

**ئاشکراکردنی واقیع هەمیشە گەڕانەوەیە بەرەو دواوە، چونکە واقیع هەرگیز نابێتە ئەو واقیعەی کە پێمانوایە دیوی ڕاستەقینەی خۆی بێت، بەڵکو هەمیشە واقیع ئەوەیە کە پێویست بوو بڕوامان پێی هەبووایە**

**ئەمڕۆ مەعریفەی زانستی ڕوونبینانەتر لە پلەبەندیەکانی مەعریفی دەڕوانێت، بە جودا بابەتە هەستپێکراوەکان دەخاتە بەر تێڕوانین، لە بری ڕوونبینی خودیی، بڕوا بە ڕوونبینی ڕێکارانە دەهێنێت**